له ڕۆژی یەکەمی هەرای هەشتی شوباتەوە چەکداران ڕژانە ناو شار بەڵام نەک بە دوژمنایەتیی ڕژێمی نوێ. من ئەو پاڵەی لێم دابۆوە لە سەری بەردەوام بووم. چەکداران دەهاتنە لام. بە تەواوی ساردایی دوای گوتارەکانی ١٩٦٠ یان لەبیر خۆیانیان بردبۆوە، لەگەڵمدا گەرموگوڕ بوون. وابزانم بەشێکی ئەو گۆڕانەیان لەوەوە بوو کە قسەکانم لە تەجرەبەی ئەو چەند ساڵەدا بە ڕاست دەرچوون. لە غەیری کوردایەتی بێفێڵ هیچ فاک و فیکێک نانێکی سووتاوی نەخستە کاسەی کوردەوە. هەرچی قسەی لووس و باریک و چەور و شیرنی ناو کتێبان هەبوو بە هەموو ئایدیۆلۆجیای بەهەشتی سەر دنیاوە لە نووکە چەقۆ و سەرەشەقیان بەولاوە بۆ کورد تێدا نەبوو. بەڵێنە خۆشکەڵەکان وەک پاداشی دین هەڵدەگیران بۆ قیامەتی دنیایی.

پەنجا ڕۆژ بەسەر تەمەنی دەوەندا تێپەڕی ئنجا پێم کرا سەفەر بکەم و ببینم. خزمینە منداڵ پارچە جەرگی باوک و دایکییەتی، بۆ من کە لە تەبیاتمدایە پەنجە لەو شتەی باوەڕم پێی هەیە گیر بکەم خۆشویستنەکە عادەتی نەبوو. حەزم دەکرد هەموو کاتم لەگەڵ ئەودا بەسەر ببەم و لێشی تێر نەدەبووم. لەو بەینانەدا حکومەت کە لە لایەن حیزبی بەعسەوە پێک هاتبوو، دوو وەزیری کوردیشی تێدا بوو، لەگەڵ چەکدارەکان وتووێژی هەبوو بۆ گەییشتن بە چارەیەک لە مەسەلەی مافە نەتەواییەکانی کورد. وەفدێکی (شعبی) ڕێک خرابوو لەجیاتی حکومەت پێوەندی بە چەکدارەکانەوە بکات، شێخ ڕەزا شەبیبی و حسێن جەمیل و فایق سامەڕرایی و زەیدی ئەحمەد ئەفەندی و فەیسەڵ حەبیب ئەلخەیزەرانی تێدا بوو، هاتوچۆی بۆ لایان دەکرد بۆ قاڵ کردنەوەی داخوازییەکانیان و نرخاندنیان لە لایەن حکومەتەوە. لە ئاکامدا وەها پەسەند کرا کە کۆبوونەوەیەکی گشتیی کوردەواری لە کۆیێ پێک بێت بۆ گەییشتن بە بڕیارێک لەسەر داخوازییەکان.

من لەبەر گەلێک هۆی جودا و هەمەچەشنە ئومێدم بێهێز بوو لە ئیمکانی گەییشتن بە لێک ڕازی بوونی حکومەت و چەکداران لەسەر چارەیەکی مامناوەنجی. بە ئانقەست خۆم دوورخستەوە لە کۆیێ هەتا نەچمە گێژاوی هەڵسەنگاندن و نرخاندن و چەند و چۆنی ئەو مافانەی بۆ کورد ڕەچاو دەکرێ. بەهانەی دەوەن کە دڵیشم بۆی دەچوو فریام کەوت لەو خۆدزینەوەم. کۆبوونەوەی ئەو خەڵقوڵڵایە لە کۆیێ درێژەی کێشا، بیستم لەوانەیە بەدوامدا بنێرن پێشدەستیم کرد و لە پێش هەتاو بەرم بە خۆمدا دا و چوومە بەغدا. دوای سەفەرم بە دوامدا هاتبوون بەڵام تەیرەکە فڕی بوو. جەماعەتی خاڵان و پژدەریەکان لە ماڵی من دابەزیبوون، هەر تاقمەش ماڵێکی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو لێی مێوان بووبوون. لە پاش چەندین کۆبوونەوە وەفدێکیان هەڵبژاردبوو لە چواردە کەس کە بچن بۆ بەغدا و لەگەڵ وەفدی شەعبی بدوێن بۆ پاڵاوتە کردنی پرۆژەیەک لەسەر بنگەی (لا مەرکەزی) بۆ کوردستان. ناوی منیشیان خستبووە وەفدەکەوە کە هەرچەند جێی شانازی بوو ئەمما لە دڵدا پێم خۆش نەبوو چونکە نەمدەزانی لە ئاکامدا بە چی دەگەین یان ناگەین، کە نەگەییشتین سەرەنجامەمان چی دەبێ. خۆمان، خەڵقی عالەمی سێیەم، شارەزای خۆمان هەین لە لێ قەوماندا چ بە یەکدی دەکەین. جارێ لەبیر کەس نەچووبۆوە ساڵی ١٩٥٩ چەپەکان خەریکی چ پرۆژەیەک بوون بۆ غەیری چەپ، کە لە هەشتی شوبات خۆیانیان دایە پاڵ عەبدولکەریم چییان لێ هات و چۆن بوونە قاوت و ڕەشەبا. سبەی کە تێک گەییشتن دەست نەکەوت چ ڕێبازێک دەکرێتەوە

تێیرا بڕۆین؟ چ لە دەوەن و ماڵ و حاڵ بکەم؟ دیسانەوە موشکیلەی گوزەران هاتەوە پێش وەک کە لە سەرەتای شۆڕشی ١٩٥٨ بۆ بەشداری کردنم لە لیژنەی ئیسلاحی زیراعی هەمان موشکیلەم هەبوو. ئەمجارە ماڵ لە کۆیە و منداڵ لە کەرکووک و خۆم لە بەغدا، ناشزانم چەند دەمێنینەوە. باش بوو ئۆتێلمان لەسەر حکومەت بوو، سەمیرامیس یان سەندباد، هەردوویان بە تەنیشت یەکترەوە بوون، جێی تێدا حەوانەوەمان بوو، بۆ ئەوسا لە ئۆتێلە هەرە باشەکان دەژمێردران.

وەها داندرابوو کە چواردە کەسەکەی بە وەفد دانرابوون حەفتیان حیزبی بوون حەفتیشیان بێلایەن. من لە بێلایەنەکان بووم، کاکە حسێنی خانەقا و محەمەد سەعید خەفاف و ڕەشید عارف و سەمەدی حاجی محەمەد و عەقید ڕوکن (وەیا زەعیم ڕوکن) مستەفا عەزیز و یەکێکی دیکەش کە ئێستا ناویم نایەتە بیر بێلایەن بوون. ئۆتێلەکەمان بە درێژایی ڕۆژ و هەتا بەشێکی شەویش دەتگوت کارێزە بازاڕە.

هەستم دەکرد ئەندامانی حیزب کە پێماندا تێدەپەڕین بە هێندیان هەڵنەدەگرتین ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت لە ژوورێکی ئۆتێلی فلۆریدە کۆمەڵێک لەو گەنجە بە خۆ نازیوانە لە دەوری ساڵح یووسفی کۆبوونەوە منیش ڕێگەم کەوتە وێ. ساڵح بۆ تەلەفۆن داواکرا، من لە مەسەلەیەک ڕایەکم دەربڕی بە لای خۆمەوە وەکوو ئەلفوبێ بوو کەچی گەنجەکان وەها یەخەگیرم بوون بە موناقەشە ئەمما ها...!! ساڵح هاتەوە بەسەر گەرمەی دەمەتەقەدا، کە تێیانگەیاند مەسەلە چییە بە توندی تێی ڕاخوڕین کە سنووری خۆیان ڕابگرن و بزانن لەگەڵ کێ قسە دەکەن... من لە ڕۆژێکی دیکەدا، قەڵەباڵغییەکی گەورەتر لە هی ئەو ڕۆژە لە ساڵۆنی سەمیرامیس کۆبووبوونەوە لە حزوور جەلال تاڵەبانی ڕووم لە خەڵقەکە کرد گوتم، حیزبییەکان کە دەمانگەنێ بە چاوی پەپوولە و پێشوولە سەیرمان دەکەن با منیش بیروڕای خۆم لەم مەسەلەیە دەرببڕم، جارێ لە پێشەوە دەڵێم من کە ئەندامەتیم قبووڵ کردووە بە ئەرک و مەسرەفی خۆم بەسەر دەبەم ئومێدێکیشم بە وەزیفە و پایەی بەرز نییە، هەرچی حیزبییە بە تەمای مزە و پاداشە. لە لایەن ڕێز و بایەخیشەوە هەتا بە تاقیکردنەوە ئیسپات نەبێ کە مرۆی حیزبی بنیادەمی خاوەن ئیرادەیە من بە ئالەتێکی بێئیرادە و بێبیروڕای دادەنێم. ئەوپەڕی پایەی پێی بدەم ئەوەیە کە بە تووتیی دەدەم لەوەدا کە قسەی غەیر دەجوێتەوە. ئەمانە و هی دیکەی وەک ئەمانیشم گوت بێ ئەوەی کەسیان بە دەنگ بێن.

هەر ڕۆژە لە داوەتی کەسێک بووین، لە سەرەتاوە بێ خەم و خەیاڵ بووین بەڵام کە وتوویژ درێژەی کێشا هەستی موراقەبەمان کرد. لەسەر بڕیارێکی کە کۆبوونەوەی وەفدی کوردی و هی شەعبی دای، ئێمە کەوتینە سەر ڕێک خستنی پڕۆژەی ئەو لامەرکەزییەی کە بۆ کورد سەلمێندرابوو. من لەو لیژنەیەدا بووم، خواهەڵناگرێ خەریکی پڕۆژەیەک بووین وەها خەست و خۆڵ بوو حکومەت بە هەواوە ڕەفزی دەکرد. زۆر جار بە دەنگ دەهاتم، هی دیکەش تێبینییان دەردەبڕی کە ئەم مادەیە و فلانە ڕستە قورسە، مام جەلال دەیگوت ئێوە ئاگادار نین خەڵقەکە لە وڵاتی خۆمان، مەبەستی چەکدارەکان بوو، ئەمەیش بە کەم دەزانن. لە بەرەو کۆتایی‌ی پڕۆژەکە بووین سەمەدی حاجی محەمەدی بەننا گوتی، ئەمن حکومەت بەم لامەرکەزییەکە بۆ خۆم دادەنێم چی دەمێنێتەوە بۆ خۆتان بێ. بەرپرسە زلەکانی حکومەتمان لە هەڵکەوت و پێویستدا دەدیت. لە کۆتایی‌ی نیسان سەفەرێکم بۆ کۆیێ کرد پشوویەکی ڕاحەتم دا. بەهارەکە دەتگوت بەهەشتە. دەوەن خەپەتۆڵە بوو بوو. کە لە کۆیەم بە جێهێشت نووستوو بوو، لێم بوو بە حەسرەت

چونکە تا دیتمەوە دنیا چووبووە بارێکی دیکەوە.

وەک لە هەموو دنیادا خەڵق دەبنە فرەباوەڕ هەروەهاش حیزب و حکومەتی بەعس بەرانبەر کورد لەبیروباوەڕدا خوار و ژوور بوون. ڕۆژێک لە ڕۆژان ساڵح یووسفی و من و (وا بزانم کاکە حسێنی خانەقاش) لەگەڵ مام جەلال چووینە لای سەرەک وەزیران کە ئەوسا خوا لێ خۆش بووی ئەحمەد حەسەن بەکر بوو. (علي صالح السعدي و صالح مهدي عماش) وا بزانم حەردان تکریتیشی لا بوون. لە گلەیی و گازەندەی دوو لایەنی ساڵح عەمماش گوتی بەڕاستی ئەگەر لە فلانە شت نەگەینە یەک شەڕ دەکەین. عەلی ساڵح سەعدی هەر تەماشای دەکرد. کە ئەمان ڕۆیشتن سەرەک وەزیران قورئانێکی لە چاوی مێزەکەی بەردەمییەوە دەرهێنا و سوێندی پێ خوارد کە خۆی لەو باوەڕەدا نییە. ئنجا داوای کرد لە مام جەلال کە بچێ بۆ لای سەرۆک جەمال عەبدولناسر بەڵکوو دوای تێگەییشتنی حاڵ و باری وڵات بە ئامۆژگاریی ئەو ناکۆکی بەرتەرەف ببێت. مام جەلال دوای ئەو دیدەنییە بە یەک دوو ڕۆژ چوو بۆ میسر.

بەر لەو ڕۆژە بە ماوەیەک، کە جارێ بزەیەک بەسەر لێوی ڕۆژگارەوە مابوو. لە داوەتی نیوەڕۆژەی محامی نەجیب بابان بووین. تێیان گەیاندم کە من دوای خواردن بمێنمەوە. تومەز وتووێژێک لەگەڵ برا فەلەستنییەکان پەسەند کرابوو. مام جەلال و ساڵح یووسفی و من لەم بەر، (نایف حواتمە) و (باسل الكبيسي)، نوێنەری بەعس، لەوبەر ماینەوە بۆ گفتوگۆ. دوای قسەی شیرنی عادەتی نایف حەواتمە دەستی کرد بە قسە. بۆم دەرکەوت قسە زانە و دەزانێ بۆچی دادەوەشێنێت و نیشانیش دەپێکێت. لە بنەڕەتدا کۆبوونەوە بە نیازی هەڵنانی دۆستایەتی و پێوەندی بوو لە نێوان دوو بزووتنەوەی ئازادکردنی فەلەستین و ڕەپێش خستنی کوردایەتی هەرچەند نازانم لە سەرەتاوە هەردوو لا بە تەمای چی بوون، قەتیش نەمپرسیوە چ حیکمەت هەبوو لەو کۆبوونەوە و وتووێژەی دوورودرێژ ئەمما بە پێی مەنتیقی هەر کۆبوونەوەیەک بێ، دیارە لە هەوەڵەوە چاوەنۆڕی لێکتر نزیک بوونەوەیەک هەبوون دەنا ئەرکی بێسوود بۆ چییە.

نایف دەستی کرد بە شریتەیەکی پڕ لە مەنتیقی ڕەوان و هەڵسەنگێنراو و بێ هەناسەسواری دوورودرێژ کە سەرلەبەری بریتی بوو لە مومکین نەبوونی هاریکاریی نێوان هەردوو لا تا ئەوەی وەک کە ئایەت دەڵێ (مالهذا الكتاب لايغادر صغيرة ولا كبيرة الا أحصاها) قسەکانی ئەو لەجیاتی هەموو عەرەب عوزری دەهێنایەوە کە ناتوانن بۆ خاتری کورد، غەرب و شەریکەکانی نەوت و دەوڵەتەکانی دراوسێ و ڕەجعیەتی ناو عەرەب لە خۆیان زوێر بکەن و هەر هەوڵێکیشیان هەبێ بۆ سوودی کورد هەمووی بێبەر دەبێ و دەبێتە بەفیڕۆ چوونی ماندووبوون و ئەرک و مەسرەف. لەو ناوەدا فەلەستینییەکانیش ڕێیان نییە و ناتوانن و لە بەرژەوەندیان نییە خۆ بۆ کورد ماندوو بکەن کەوا نە هیچی بۆ ئەوان لێ شین دەبێتەوە نە بۆ کوردیش سوودی دەبێت. خولاسە جغزی بێئومێدیی بە دەورەدا کێشاین، هەردوو سەری بەیاز و قەپات.

من لێرەدا غەدر لە ڕەوانبێژی و مەوزووعییەت و ڕێچکەی ڕێکوپێکی قسەکانی دەکەم کە بە چەند قسەی قوت و قرتاو، دوای بیستوپێنج ساڵ، سێبەرێکی دەهێنمە ناو ئەم یادداشتەوە. ئەوەی نایف گوتی وەها ڕێک بوو بنووسرابایە دەبووە گوتارێکی سیاسی و ئەدەبی و پەندیاری و بەرژەوەندناسی لە

چەرچلێک و هەنری کیسەنگەرێک دەوەشایەوە.

کە لە قسەکانی بۆوە برادەران لە لای خۆمانەوە منیان هەڵبژارد بۆ وەڵام دانەوە. دواتر بە بیرمدا هات کە دەبوو زووتر تێبگەیەندرێم کۆبوونەوە دەبێت و ئامانجیش لێی فلانە شتە وەڵامیش وەها و وەها بێت. من بە تەواوی لە تاریکاییدا بووم، لەوانەش بووم پێم نەکرێ لە پڕ وەکوو فەیلەسووفی ژیر و خەتیبی ڕەوانبێژ بدوێم بەڵام خۆ و تاڵع چی بە زارمدا هات جێی ڕەزامەندیی برادەران و خۆیشم بوو. لە پێشەوە موبارەکبادیم لە نایف کرد لەسەر ئەو هەموو زانیارە سەلبییەی کە لە بارەی کوردەوە لە ناو دڵیدا کۆیکردۆتەوە کەوا منێکی خاوەن ماڵ هێندە لە ماڵەکەم شارەزای لایەنی تاریک و وێرانی نەبم. ئنجا گوتم ئەو هەموو تەنگوچەڵەمەیەی مامۆستا نایف لە مەسەلەی کوردیدا دۆزییەوە کە من سێبەرێکی لێ دەزانم لە چاو ئەو، حیکایەتێکم بە بیردا دەهێنێتەوە کە دەڵێ کابرایەک بۆ دەعوایەکی چووە لای عەرزوحاڵ نووسێک، ئەویش عەریزەیەکی وەها بە سۆز و ئازاری بۆ ڕێک خست کە خوێندییەوە بۆی، کابرا بە هەردوو دەستان لە سەری خۆی ڕاکێشا و گوتی من هێندە مەغدوورم بە خۆم نازانم، کوردیش وەها گلۆرەی لە لێژییە؟ ئنجا گوتم مامۆستا نایف کە دێت لە کولانەی بەرژەوەندی عەرەبەوە سەیری مەسەلەی کورد دەکات دەبێتە ئەو ئینسانە ژیر و هێمن و لەسەرەخۆیەی کە نایەوێ دڵی مێروو لە خۆی برەنجێنێ کەچی شۆڕشی چواردەی تەمووز بەرپا بوو هەر بۆ خاتری ئازاردان و ڕەنجاندن و توورە کردن و حەیابردنی ئەو لایەنانە و حکومەتانەی کە بە هیچ دینان نابێ لە گوڵ تاڵتریان پێ بگوترێ بە پێی ڕاوێژی ئێستاکەی مامۆستا نایف. لەو بابەتە قسانە کران و هەردوو لامان برادەرانە لێکدی جودابووینەوە چی دیکەشم نایف و باسل نەدیتنەوە، لەو ساڵانەدا خەبەری کوژرانی باسل لە فرەنسە بڵاوبۆوە.

لە ڕۆژانی دواییی مایس چاودێریمان بە سەرەوە بوو بە جۆرێک لێی بزر نەدەبووین. سبەینەی هەشتی حوزەیران بۆم هەڵکەوت بچمە دەرەوە لە ئۆتێل بێ ئەوەی هەستم پێبکرێت. خۆم گەیاندە برادەرێکی ساڵح مەهدی عەمماش<٥٠> بە تەلەفۆن پێی ڕاگەیاند کەوا من لای ئەوم و هەموو ئەو خاڵانەی جێی نەسەلماندنە لە حکومەتەوە دەشێ چار بکرێت وەک ئەوەی کە دهۆک نەبێتە لیوا با لە مووسڵ دایەرەیەکی سەر بە موتەسەڕیفی مووسڵەوە هەبێت بنۆرێتە کاروباری کوردەکانی ئەو لیوایە. گوتی ئێوارێ قسەی لێوە دەکەین. ئێوارەی ئەو ڕۆژە قەول بوو عەمماش و وەزیری دیکەش بێنە کۆبوونەوەی دوو وەفدەکە. من گەڕامەوە ئۆتێل ئارەزۆشم بایە دەڕۆیشتم بۆ هەر کوێیەکی بمویستبایە.

تا ئەو ئێوارەیە سێ پرۆژەی لامەرکەزی لە دەستدا بوو. یەکیان هی ئێمە، دووەم هی حکومەت، سێیەم هی عەلی حەیدەر سلێمان. لەو کۆبوونەوەیەدا ساڵح عەمماش گوتی وا باشە وەفدەکە ئەو سێ پرۆژەیە لەگەڵ خۆی بباتە لای کوردەکان هەتا بزانین کامیانیان بەلاوە پەسەندە ئەمما تکایە بەند مەبن و زوو وەرنەوە. سبەینێ پاش شەوێکی کە نووستن لە سەربان مەنع کرا، پێنج کەس<٥١> لە ئەندامانی وەفد و سایقێکی سەر بە حیزب، دوایی بەرچایی و دوعا خوازی لە باباعەلی و فوئاد عارف کە هاتبوون بەڕێمان بکەن، بردراین بۆ تەیارەخانەی «معسكر الرشيد» و پاش سەعاتێک لە تەیارەخانەی کەرکووک دابەزێندراین و هەر لەوێ خراینە ژوورێکەوە کە وا پێ دەچوو هی «تضميد – برینپێچی» بێت. دوو

قۆڵتغی شکاوی لێ بوو و هیچی دیکە. ئەو ڕۆژە و ئەو شەوە و ڕۆژی دواتر هەتا تاریک داهات لەو ژوورە بووین بەڵام نانمان دەدرایێ و ڕێی سەراومان هەبوو. کە دابەزین و ڕادیۆمان کردەوە گوێمان لێ بوو کە چۆن شەڕ دەستی پێ کردۆتەوە. شەوی دووەم گوێزراینەوە بۆ ئینزیباتخانەی عەسکەری‹٥٢›. لە ژوورێکی زەمانی عوسمانلییان شەش قەریوڵەی بە چەرچەفی پاکەوەمان بۆ ئامادەکرابوو. نانێکی باشمان خوارد. من ٤٣ سەعات بوو نەنووستبووم بەڵام خوا لێ خۆش بووی ساڵح یووسفی ملی بەسەر شانیدا لار دەکردەوە و دەنووست. تا سەعات دووی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٢ لەو شوێنە بووین. بە تەیارە هاتینەوە بۆ بەغدا. لە مەرکەزێکی حەرەس قەومی، لە فضل، دابەزێندراین. شەوێ بردیانین بۆ بەندیخانەی مەرکەزی‹٥٣›. ئەوەی پێی دەگوترا (قلعە) کە هەر بەشەی بەندیخانە ئەو ناوەی درابوویێ، بۆ ئێمە تەرخان کرابوو. من و کاکە حسێنی خانەقا و عەگید سددیق لە قاوشێک بووین، ساڵح یووسفی و بابەکر پژدەری و یەک دوویەکی دیکەش لە قاوشێکی ئەوبەری حەوشە بەرینەکە بوون. جارێکی دیکە هاتینەوە بۆ «فضل». شەوێکیان بردراین بۆ تەحقیق، ئەوەی لەگەڵ من دەدوا بە «استاذ» ناوی دەهێنام گوتی تۆ و کەستان «متهم» نین دەمانەوێ ئەگەر مەعلوماتێکتان هەبێ پێمانی بڵێن. ڕاستییەکەی هیچ شتێکم نەدەزانی مەگەر ئەو شتەی کە بۆی ئۆتێلیش دەیزانی.

ڕۆژێکیان ڕامسپارد تەلەفۆنم بۆ بکەن لەگەڵ قاسم حەموودی‹٥٤› – وا بزانم ڕێ بەخۆم درا تەلەفۆن بکەم – کەوا لە فلانە شوێنم. بۆ ئێوارێ هاتە لامان. من و کاکە حسێن چووینە ژووری ئیدارە، زۆری پێ هەڵگوتین و بەڵێنی دا بەرەو هەوراز بڕوات بۆ دوان لە بارمانەوە، یەک فەردە مێوەشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. تەلەبەیەکی پێنجی سانەوییان خستە ژوورەکەمانەوە‹٥٥›. بەیانییان دەچوو بۆ ئیمتیحان ڕامسپارد بە حسێن جەمیل ڕابگەیەنێ پانکە و نوێنم دەوێ، بشچێتە لای محامی مەزهەر عەزاوی ٥٠ دینارم بۆ لێ وەربگرێت. حسێن جەمیل و مەزهەر عەزاوی جگە لەوەی پانکە و نوێن و پارەکەیان نارد خۆشیان هاتنە سەردانم بەڵام نەکرا بیانبینم.

جارێکی دیکە چووینەوە بەندیخانەی مەرکەزی، ڕۆژی ١٩٦٣/٧/٣ هەراکەی «معسكر الرشيد» بوو، وەزیری داخلیە و خارجیە لە لایەن ئاژاوەچییەکانەوە گیران بەڵام سەلامەت دەرچوون، هەراکەش کوژایەوە. ئێوارەی ئەو ڕۆژە شاهێن تاڵەبانی هات گوتی سبەی ئێوارە وەزیری داخلیە بە دوای سێ کەستاندا دەنێرێ. سبەینێ لە میعاددا بە دواماندا هاتن. کاکە حسێنی خانەقا و بابەکر پژدەری و منی داواکردبوو. من سێیەم بووم لە چوونە لای وەزیر. چاوەڕۆنی سەلامەتی ڕۆژی پێشووم لێ کرد پێشییەوە دیار بوو خەتەرێکی کوشندەی تێپەڕاندووە. دوای موجامەلە، گوتی عەشایری ڕانیە و پژدەر دەیانەوێ لەگەڵ حکومەت ڕێک بکەونەوە «او بالأحرى يستسلمون» وا دیارە متمانە بە ئێوە دەکەن داوایان کردوون کە لەو مەسەلەیە ئاگادار بن سبەینێ هەرسێتان دەچن بۆ کەرکووک لەوێوەش بۆ ڕانیە.

دەبوو بڵێم جارێ هەر لە (فضل) بووین کاکە حەمەی خانەقا سەری لێ دەداین. تێی گەیاندین کە لە لایەن مدیری ئەمنی کەرکووکەوە (نوري خياط) پێوەندی پێوە کراوە بۆ هەوڵی ئاشتبوونەوەیەک و کوژاندنەوەی ئاگری شەڕ، لەو هەوڵدانەش تەمایەک هەیە بە کەسانی وەکوو ئێمەی ناسیاو و دۆست و خزم بە عەشایەری ڕانیە و پژدەر و کۆیە. دیارە ڕێککەوتێکی لەبار بووە بۆ هەوڵەکەی مدیری ئەمنی

کەرکووک، نووری خەیات، کە خاڵەکانم و پژدەرییەکان و دۆستەکانیان داوای هەرسێکمانیان کردبوو بۆ ناوبژی کردن. من دەزانم خاڵەکانم زۆر و کەم ئاگاداری نیازەکەی نووری خەیات نەبوون، دەیانویست لە رێی داواکردنی ئێمەوە بۆ ناوبژی کردن ڕزگارمان بکەن. دواتریش لە قسەکانم دەردەکەوێ چییان بە چاوەوە گرتبوو لەو هەوڵ و تەقەڵلایەیان.

سبەینێ هەرسێمان بە تەیارە چووینە کەرکووک. کاکە حەمە و نووری خەیات و کەمالی عوسماناغا چاوەنۆڕییان دەکردین. دەرکەوت لەپاش کوژرانی عەبدولکەریم، کەمال بەینێک خۆی شاردبۆوە دواتر بە ناوی هاریکاری لەگەڵ حکومەت، کە حکومەتیش پێویستی بە شارەزایی کەمال هەبوو، خۆی لە حیزب نزیک کردبۆوە بەڵام دەسەڵاتی جارانی نەمابوو بە بەڵگەی ئەوەی کە لەوەندەی تەیارەخانە نەبێ نەمان دیتەوە. لە جێگایەکی حکومەتی مێوان بووین بێ ئەوەی رێ هەبێ لێی دەرچین، خزمەتی باشمان کرا و کاکە حسێن بە تەلەفۆن لەگەڵ ماڵەوە دوا. دوای مەغریب زەعیم ڕوکن (سعيد القطان قائد قوة الميدان) کە هەموو مەیدانی حەرەکات لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو، لەگەڵ (زعيم سعيد الصقلي) و (زعيم عبدالـجبار شنشل) و نووری خەیات هاتنە لامان. سەعید قەتتان مرۆیەک بوو هەتا بڵێی بە ئەدەب و نیازپاک و دەستخاوێن (نەختێکی دیکە بەڵگەی دەستخاوێنییەکەت پێ دەڵێم). چەندی خەیاڵ بکەیت وتووێژی حورمەت کارانە و بەرەو ئومێد و پشتەو شەڕ بوو.

سبەینێ دوای بەرچایی بە هەلیکۆپتەرێکی (مبطن – کە دەنگ کەم دەکاتەوە و پیاو دەتوانێ قسە ببیەت) وەختی خۆی عەبدولکەریم سواری دەبوو، لەگەڵ سەعید قەتتان و نووری خەیات و کاکە حسێنی خانەقا و بابەکر پژدەری و کاکە حەمە بەڕێ کەوتین. بە دامەن کۆیەدا تێپەڕین، سەرنجم گرت ئێمە لە سەفین بەرزتر بووین. ڕەشانگ لەو ناوە زۆر بوو. لە مەقەڕی لیوا، (وابزانم) بیست کە زەعیم سددیق ئامیری بوو دابەزین. سەعید قەتتان ئەوەندە نەجیب بوو پێش من و کاکە حسێن نەدەکەوت بەوەدا سددیق مستەفاش کەوتە دوامانەوە. ئەم پیاوەتییەی قەتتان مەبەستێکی تایبەتیشی تێدا بوو کە سددیق مستەفا بزانێ ئێمە خۆراکی ئەو نین. دوای نانی نیوەڕۆ سەعید قەتتان گەڕایەوە. لەو ماوەی دانیشتنمان پێش نان خواردن بە تەیارەچییەکەم گوت بەرزایی فرینمان لە ١١٠٠ مەتر کەمتر نەبوو. گوتی لە ١٧٥٠ تێپەڕمان نەکردووە. ئەو دەنگی دلێر بوو بە بارۆمەتر منیش پشت ئەستوور بووم بە بەرزایی سەفین کە ١٩٧٠ مەترە. دوایی بە بیریدا هات گوتی من مەبەستم ١٧٥٠ مەتر لە ڕێکاری کەرکووکەوە نەک لە دەریا. کەرکوک دەوری ٣٣٠ مەترێک هەیە، بەو پێیە ئێمە ٢٠٨٠ مەتر بەرز بووین. ئەو ڕۆژە شەشی تەمووز بوو، قەندیل و هەڵگورد جارێ بەفریان زۆر پێوە بوو بەڵام لە چاو ڕۆژانی ٩ و ١٢ حوزێران کە لە بەغداوە هاتین و بۆی چووینەوە تەواوێکیان لێ ڕەش بووبۆوە.

لەو ریزە خانووەی ڕانیە بەسەر ڕێی کۆیەوە کە بەشێکی بۆ سددیق مستەفا و گرووپی قیادەی لیوا و دکتۆر و هەندێک لە زاپتەکان تەرخان کرابوو خانوویەک بۆ ئێمە خاوێن کرایەوە و کەلوپەلی پێویستی تێخرا. نووری خەیات زاوای جەمال ڕەفعەت بوو کە ناسیاوم بوو، باوکی جەمالیشم دەناسی. نووری یارانی و مەشرەب خۆش بوو لە عادەتی عەشیرەت و دەستوراتی کۆمەڵایەتی شارەزا بوو، پێشی گوتین هەرچییەکی بە لای ئێمەوە باش بێ ئەوە دەکات بۆ کوێ بڵێین لەگەڵمان دێت چونکە باوەڕی بە قسە و

بەڵێنمان هەیە. (بە کردەوەش ئیسپاتی قسەی خۆی کرد).

دەبوو یەکێکی باوەڕ پێکراو لەو دیوی پژدەرەوە داوا بکەین کە بێتە لامان و لە بارەی ئەوەی گرووپی براگەورەکان ویستوویانە بیلێین و بۆ چاکەی هەموو ناوچەکە وتوویژ و ڕاسپاردە و چی پێویست بێ قسەمان لەگەڵدا بکات. ڕانیە کێشکەکوژی لێ نەمابوو بەڵام سبەینێ حەوێزی بەرید کە ناسیاوم بوو هاتەوە ڕانیە. بە دواماندا هەنارد، کاغەزێکم پێ دا کە بیگەیەنێتە پژدەر و تەسلیم بە شێخ حسێنی حاجی سەید و دۆستەکانی بکات بۆ ئەوەی خاڵە جنێدم بێتە لامان لە بارەی تێکگەییشتن و بەرژەوەندی گشتییەوە بدوێین. سێ ڕۆژی پێ چوو هەتا ئێوارەیەکیان دنیا تاریک داهاتبوو ڕانیەیی (وابزانم حەوێز خۆی بوو) خەبەریان هێنا کە خاڵە جنێدم هاتووە نازانێ چۆن بێتە لامان. ڕێگە کرایەوە و خاڵم هات بەڵام هێندە بە گومان بوو لە سددیق مستەفا ئەگەر پەرۆشی ئێمە نەبایە ڕانیەت لەسەر تاپۆ کردبایە نەدەهاتە جغزی دەسەڵاتییەوە. خاڵم ئەحمەدی برایماغای ڕەمکی لەگەڵدا بوو (نازانم کێی دیکەش) پیاوێکی درۆزنۆکەی بێزەرەری هەتا بڵێی دڵسۆز بۆ خاڵەکانم و زۆریش خاتری منی دەویست. هاتنەکەی لەوپەڕی دڵسۆزییەوە بوو. ئەو ئەحمەداغایە زۆرمان بەهانا هات لە پەیداکردنی ماست و گیسکی قەڵەو و پەنیری تازەگوشراو. ڕۆژانە، مەگەر چۆن، سەری دەداین، بە دەستی بەتاڵیش نەدەهات ئێمەش نەمان دەهێشت لە زەرەردا بێت.

نووری خەیات پاش بەخێرهێنانی خاڵم لێمان دوورکەوتەوە تاکوو بە ئارەزۆی دڵ لەگەڵی بدوێین. زاپت روکنی لیوا پێی گوتبوو چۆن بەجێیان دەهێڵێت؟ گوتبووی من بەرپرسم، باوەڕی هەموو دنیام پێیان هەیە. دوورودرێژ دواین مەسەلەمان بە هەموو ڕوویەکدا لێک دایەوە هەر ئەوەمان بۆ ڕوون دەبۆوە کە نزیک بوونەوەیان بۆ تەفاهوم لە چاکە بەولاوەی تێدا نییە، ڕەنگە بکێشێتەوە بۆ ئاشتی گشتی، هەر کە سەرکەوتنیش لەو تەفاهومە وەیا نزیک بوونەوەیە دەست نەکەوت بە دوو دەقیقە دەچنەوە دۆخی جاران و هەرا دەستی هەموان ماچ دەکات. ئێمە دەمانزانی سەعید قەتتان و مدیری ئەمن ئامادەی هەموو جۆرە ڕێککەوتنێکن بۆ ئەو ئامانجەش دەبزوون، هەڵبەت عەشایریش دەتوانێ داوا بکات جغزی ئاشتی لێک بکێشرێتەوە تا ئەوەی هەموو لایەک بگرێتەوە. خاڵم ئەوەیشی بۆ ڕوون کردینەوە کە شێخ حسێن لە پێشەوە مەبەستی ڕزگار بوونی ئێمە و ئەندامەکانی دیکەی وەفدەکەن. (دواتر زانیم، لەو فکرەدا بوون کە ڕزگارکردنی ئێمە بە هەر نرخێک بێ بمان کڕێتەوە).

لە نموونەی کاروباری ئەم دنیایە سەرەوبنە دەڵێم کە کاغەزی من گەییشتبووە شێخ حسێن و بۆ خەڵقەکەی خوێندبۆوە یەکێکی پەنابەری دوای شوباتی ١٩٦٣ کە لە ترسی مردن هەڵاتبوو گوتبووی کاغەزەکە خراپ نییە ئەگەر هیچی نهێنی لە پشتەوە نەبێ. شێخ حسێن گوتبووی من دەلیلی ڕاستیی خۆمم پێیە. دێی خۆم و دێی ئامۆزام کاول بووە، خاڵۆزا و خوارزام لە بەندیخانەن، سبەینێش کە جەیش هات بۆ پژدەر چی هەیە کاول دەبێت ئەمما جەنابت بە خۆت و جانتایەکەتەوە هاتوویت کەس نازانێ جاسووسی چەند دەوڵەتانی، کە پژدەریش کاول بوو بە خۆت وجانتاتەوە دەچییە سەر هۆو لووتە شاخە، کوردی گوتەنی ئێرە نا دێرە.

دوای کۆبوونەوەی مەحرەمانەمان نووری خەیات بە تەکلیفی ئێمە هاتە لامان، ئەویش چی چاک بوو بۆ

ئاشتی ئەوەی گوت. پاش یەک دوو هاتوچۆی دیکەی خالّم، بڕیار درا شەوێکیان من و کاکە حەمە لەگەلّ نووری خەیات بچینە کوێرە دێی هەنجیرە بە شاخی کێوەڕەشی ڕانیەوە دیدەنی لەگەلّ ڕەئیس عەشیرەت و براگەورە و بەرپرسی چەکداران بکەین. سددیق مستەفا گوتبووی بە نووری خەیات، چۆن زات دەکەیت بەو شەوە تاریکە بچیتە ناو (متمردین)؟ پێی گوتبۆوە من لە شەرەفی ئەو خەلّقە دلّنیام ئامادەم هەتا ئەوپەڕی دنیا لەگەلّ ئەو دوو کەسە بڕۆم.

لە شەوی قەرارداده کاکە حەمە و نووری خەیات و من بە جێپێک تا بناری کێوەڕەش لە هەرێمی هەنجیرە ڕۆییشتین لەوە بەولاوە سواری ولاّخ بووین سەرکەوتین بە تاریکیدا تا لە جێگەیەک دابەزین. کۆمەلّەی براگەوران لە ژوورووی ئێمەوە بە پەنجا مەترێک چاوەنۆڕییان دەکردین، کە گوتیان فەرموون دیسان نووری خەیات خۆی پاش یەخست و گوتی کاتێک لە قسەی خۆتان بوونەوە بانگم بکەن.

دەمی بەیەکتر گەییشتنمان لەگەلّ ئەو قەلّەبالّغییەی خزم و دۆستان کەوا تاریکایی شەو لە خۆی لوول دابوون تا بلّێی بەسۆز بوو. بەینێک مەحرەمانە دواین. ڕووی قسەم لە هەموان کرد بەتایبەتی لە عەباسی مامەنداغا (کە خۆگنخاندنی بەر لە دوو سالّ بۆ چوونە لای زەعیم کێشایەوە سەر پسانی داوەمووی موعاوییە) و گوتم ، ئەگەر شەرمی وەعدە بە خیلافی نەبێ ئێستا منیش وەکوو ئێوەم، ئازادی ناو ئەم شاخ و داخەم، دەتوانم بلّێم فەرموو فلاّناغا ئەمجار نۆرەی جەنابتە بچێتە مێوانەتی لای زەعیم سددیق مستەفا، خۆ کەس (لوح المحفوظی) نەخوێندۆتەوە کە هەر دەبێ من قوربانی بم کە دەزانن هیچ شتێک بە قسەی من نەکراوە. ئەوەشتان پێ بلّێم، چی نووری خەیات بۆ فەرمانی خۆی کردی هیچ کامێکتان بۆ کوردستانی ناکەن.

نووری خەیاتمان بانگ کرد دوای قسەی دۆستانە و ئەوپەڕی دەربڕینی نیازی چاکە لەوەوە کۆمەلّەی براگەوران پێ یان گوت، هەموو لایەک حەز دەکەین هەرا بەرتەرەف بێت و خەلّق بحەسێتەوە. دیارە ئێمە حەز ناکەین چی دیکە ولاّتمان کاول بێت، ئێستا پێویستە بۆ دلّنیایی هەموو لایەکمان حکومەت بە مەبەستی دەربڕینی نیازی چاکە وەفدی کورد بەر بدات، دواتریش دەرگەی ئاشتی بۆ هەموو کورد بکرێتەوە نەک هەر ئێمە چونکە هەرا بە دانیشتنەوەی ئێمە نابڕێتەوە. کەسیشمان نە پارە و پوول و نە ملّک و مالّمان دەوێت (بەرقیە هاتبوو بۆ سددیق مستەفا کە دەتوانێ پارە بەو برا گەورانە بدات، لە ئاست ناوی عەباساغای مامەنداغا بیست هەزار دینار دیاری کرابوو کە دەشێ لێشی زیاد بکرێ. من خۆم ئەو بەرقییەم دیت).

وێڕای بەردانی ئەندامانی وەفد و کردنەوەی دەرگەی ئاشتی، لابەلایی، قسە لەوەش کرا کە وێران بووەکان تەعمیر بکرێنەوە و خزمەتی سەقافەتی کوردی بکرێت... و... هتد. لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو پژدەر و بەردەر و نوێنەری حیزب بەشدار بوون.

دیسان بە سواری و بە جێب ماوەمان بەرەو مەعەسکەر بڕی کاتێک گەییشتینەوە شوێنەکەی خۆمان نزیکی ڕۆژهەلاّت بوو. نووری خەیات یەکسەر بە بروسکە داوای هەلۆکۆپتەرێکی کرد کە پێی بچێتەوە بۆ لای سەعید قەتتان لە کەرکووک سەعاتێکی نەبرد کۆپتەر گەییشت. بە کاکە حەمەی گوت لەگەلّی بڕوات گوتی منی بۆچییە... گوتی چۆن بۆچییە، تۆ لەولەبی کارەکەی... خولاسە هەردوویان بەو کۆپتەرە کۆنە

گەڕانەوە بۆ کەرکووک. کۆپتەرەکە وەکوو قازی قورس بە ئەرک ڕەهەوا کەوت. ئەو ڕۆژە ڕۆیی تا شەویش ڕاشکا چ دەنگێکیان نەبوو. شەو خەونێکم دیت، ناوناوە خەونی ڕاست دەبینم. کە لە ئینزیباتخانەی کەرکووکیش بووین، شەوی نێوان ١١ و ١٢ حوزێران کە بۆ سبەینێ بردراینەوە بەغدا سۆسەیەکی دەروونیم بە ڕاست گەڕا کە لزووم نابینم باسیان بکەم‹٥٦›.

سبەینێ دوای بەرچایی گرەی کۆپتەرێک هات، چوومە دیاری، کۆمەڵێکی لێ دەرهات نووری خەیات و کاکە حەمەیان لەگەڵدا نەبوون خەڵقەکەی لێی هاتنە خوارێ پێ بە پێ لایان دایە خانووەکانی نزیکتر لەوان، یەکێکیان کەڵەگەتێک بوو (لە خەونمدا کەڵەگەتێکم دیت) بە لای ئێمەوە هات تا نزیک بۆوە. ئاورەحمانی شێخ حەمە سالحی کەرکووک و خزمی خانەقا بوو. بەخێرهاتنمان کرد گوتی کوا کاک حسێن بۆ لای ئەو هاتووم. لەگەڵیدا چووینە ژوورەوە... دوای نەختێک زمانگرتن و قسە جووینەوە دایە گریان و گوتی دوێنێ ئێوارە لە گەڕانەوەدا بەرەو ڕانیە کۆپتەرەکەی نووری خەیات و کاکە حەمەی تێدا بووە لە نزیک ڕێدار (شوان) دەکەوێت لە ناویاندا کاکە حەمە گیان دەسپێرێت، هاتووم بە دواتدا. وەی برا لە حاڵی وەهادا کۆست کەوتن زاڵمە.

تێک هەڵاتنی وێنەی بزرکاوی دەروون و هەست بە دنیا کردن بۆ ماوەیەک، چەند چرکەیەکی سەعات، ڕووناکایی لێڵ کرد لەبەر چاوانم. کاکە حسێن لەو ڕۆژەوە هەتا مەرگی لە حزێرانی ١٩٨٤ بە نیوەزیندوو حیساب دەکرا چونکە گومان نییە لەوەدا کە کاکە حەمەی لە خۆی خۆشتردەویست. کاکە حسێن بەو کۆپتەرە لەگەڵ شێخ ئاورەحمان چووە کەرکووک. نووری خەیات پەلاسووی شکابوون. معاونێکی خۆی بە هەموو دەسەلاتێکی کە لە دەست خۆیدا هەبوو عەباس وەنداوی هەنارد. ڕەنگە ئەو ڕۆژە نۆزدە وەیا بیستی تەمووزی ١٩٦٣ بوو. نووری خەیات دواتر بۆی گێڕامەوە، لە کەرکووک داخوازییەکانی جەماعەت بە ئامر قوەی مەیدان، سەعید قەتتان، ڕادەگەیەنێ ئەویش بە سەرۆکایەتیی شۆڕشی دەدا لە بەغدا لەگەڵ پەسەندکردنی سەلماندنی داخوازییەکان. هەمان ڕۆژ وەڵامی موافەقەی بەغدا دێتەوە بۆ کەرکووک ئیتر نووری خەیات لە خۆشییان بەو ئێوارەیە و هەمان تەیارەی چەپڵەک بەرەو ڕانیە لەگەڵ کاکە حەمە دێن و دەکەون.

عەباس وەنداوی هاتە لامان و گوتی حکومەت سەلماندوویەتی جارێ ئەو ئەندامانەی حیزبی نین بەربدرێن. بە ئاگاداری سددیق مستەفا من وێنەی بەرقیەیەکەم ڕێک خست بۆ بەردانی کاکە حسێن، سەمەد حاجی محەمەد، بابەکر پژدەری و خۆم و هەڵگرتنی حیجز لەسەر ماڵە حیجز کراوەکەی محەمەد سەعید خەفاف و ڕەشید عارف کە خۆیان چووبوونە دەرەوە. بەرقیەکە بۆ سەرۆکایەتیی شۆڕشی بەغدا و بە ئیمزای سددیق مستەفا بەرێ کرا. لە پەخشی ئەخباری سەعات هەشتی ئێوارێ بەیانێکی قیادەی شۆڕش بە بەردانی ئێمە و هەڵگرتنی حیجزی ئەو دوو کەسە بڵاوکرایەوە بەڵام هەتا بڵێی لە قاڵبی حورمەتدا بوو. یەک وشەی نەهێنابۆوە شکستی ئێمەی تێدا بێت، دەشبوو وەهابێت چونکە هەر دالەنگاندنێکی ئێمە هەبایە تێیدا دەیکێشایەوە بۆ خاوبوونەوەی چالاکیی لایەنی ئێمە لە پێناو ئەو ڕێک کەوتنەدا. بەر لە چەند ڕۆژێک بەرقیەی کوردێکی زۆر گەورەی خوێندەوە، لە شێوەی دەخالەت کردن بە قائد فرقەی کرکووک داڕشترابوو.

ئەو ئێوارەیە بیستی تەمووز بوو، سددیق مستەفا هات و موبارەکبادی لێ کردین، هەروەهاش زۆربەی زاپتەکان و گەلێکیش لە جوندیەکان کە خەڵقی دەوروبەری خانەقین بوون. سددیق مستەفا پێمی گوت ئێستاکە ئازادیت بۆ هەر کوێیەک بتەوێ دەتوانی سەفەر بکەیت. ئەو شەوە من و عەباس وەنداوی ژوانمان هەبوو کۆببینەوە لەگەڵ سەرۆکەکان لە دێی سەرکەپکان. دەوری نوێژی عیشا بە جیپ ڕۆیشتین.

لەو کۆبوونەوەیەدا قسە لەوە کرا کە نوێنەرێکی گەورەی حیزب و حکومەت دەیەوێ بێت بۆ دیدەنی جەماعەت و ڕێککەوتن لەسەر جۆری نانەوەی ئاشتی. بەڵێن درا کە دوای چەند ڕۆژێک خەبەری لێ دەگێڕنەوە بۆ دیاری کردنی ڕۆژی یەکتر دیتن لەگەڵ ئەو نوێنەرەدا. من مەیلم بوو بچم بۆ پژدەر چونکە لە هەشتی حوزێرانەوە ماڵ و منداڵم کۆیەیان بەجێ هێشتبوو مێوانی ماڵی شێخ حەسەن براگەورەی شێخ حسێن بوون لە پژدەر کە گەرما تینی هێنابوو هەردوو ماڵ بەیەکەوە چووبوونە کوێستان لە هەواری شیلانە کە ٣-٤ سەعات ڕێ بە سواری لە دێی هێرۆوە دوورە. عەباس وەنداوی زۆری پەلە کرد نەچم پێم گوت جگە لەوەی کە خۆم حەز بە دیتنی دەوەنی کوڕم دەکەم بوونیشم لەوێ یاریدەی زوو کردن لە پێکهێنانی کۆبوونەوەکە دەدات. بە سواری لەگەڵ خالان و هەندێک دۆستی دیکە کەوتینە ڕێ بەرەو دەربەند. لە سەنگەسەری کۆنەوە بە ئۆتۆمۆبیل چوومە قەڵادزە. پاش ڕۆژهەڵات گەییشتمە قۆناغ. هەر ئەو ڕۆژە، دیسان بە ئۆتۆمۆبیل گەییشتمە هێرۆ، لەوێوە بە سواری رۆیشتم، فارووقی برام و حەمە عەلی ئامۆزام و خەڵقی دیکەش لەگەڵم بوون. پێش ڕۆژاوا گەییشتینە شیلانە. بەڕاستی لەپاش عەزابی ئەو مانگ و دوازدە ڕۆژە کە خۆم لە فێنکایی هەوارێکی گەش و سەوزی (٢١٠٠) مەتر بەرز لە ناو خاوخێزانی خۆمدا ببینمەوە هەستم دەکرد لە بەهەشتم. بەسەر ڕێگاوە باغچەیەک لە سنووری نێوان دار و بێداری شاخ هەبوو تازە شاتووی پێگەییشتبوو، سێو هەر هێندەی دەنکە فاسۆلیا خڕ هەڵاتبوو. دەوەن حەفت مانگی بوو وەک تۆپ خڕ بووبوو گەشەی دەهات.

ئەو هۆبەیە ماڵی سەلیمی حاجیاغای لێ بوو جیرانەتیمان زۆر خۆش بوو. سەردەشت لە دوورایی سێ سەعات ڕێ بوو بە سواری. هەموو پێداویستی ماڵ لە سەردەشت دەکڕدرا چونکە نیو هێندەی قەڵادزە دوور بوو کە هیچیشی لێ چەنگ نەدەکەوت. بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەی عەشایەر لەگەڵ نوێنەری حکومەت چەندین نامە لە بەیندا هاتووچۆی کرد. وا پەسەند دەکەم دەقی چەند دانەیەکیان کە پارێزراون لێرەدا بخەمە بەر چاوی خوێنەر بە شایەدی ڕووداو. لە پێشەوە دەقی ئیزندانی خاڵە جنێدم بۆ هاتنە ناو مەعەسکەر دەنووسمەوە بێ دەستدان لە ڕێنووس و هیچ شتێکی. ئیزنەکە تەئریخی پێوە نییە:

یسمح للشیخ جنید بالحضور الى المعسکر هذة اللیلة ولعدم التعرض الیه وقعنا.

ئیمزا

الرئیس الرکن ضابط الاستخبارات.

له ژێرییەوە من نووسیومە:
خاڵە جنید بەخێربێی وا چاوەنۆرت دەکەین دەبێ زوو تشریف بێنی.
خوارزات

ئیمزا
مسعود ملا محمد

ئەمەش دەقی نامەیەکە کە دەردەکەوێ وەڵامی نامەی منی پێ دەداتەوە، لە زەعیم سددیق مستەفاوە:
رانیه – ٢٢/ تموز/٦٣
السيد الاخ مسعود محمد المحترم
تحية طيبة
وصلتنا رسالتكم المؤرخة ٧/٢١ وارسلنا فحواها الى المسؤولين واننا لمتفائلون ايضا بحل القضية سلميا ونود ان نخبركم بان المسؤولين في بغداد اظهروا كثيرا من حسن النية وهم يرجون ان تبرهنوا على حسن نواياكم التي نثق بها. وقد اخبرنا السيد الزعيم الركن سعيد القطان بان السيد وزير الدفاع قد بين له بان اطلاق سراح بقية الوفد المفاوض واخرين هو رهن تحسن الموقف واعلان ولاء الجماعة كما وبين السيد الوزير بان المماطلة سوف تزرع بذور الشك ولاتغير في حل المشكلة وسيحضر المسؤول للاجتماع بالجماعة في سيدا (مەبەستی سەیداوەیە) وبالوقت المعين نرجو بذل المزيد من جهودكم المشكورة وتفانيكم في اقناعهم لتسوية القضية سلميا والتي هي في صالحهم بالدرجة الاولى. الزعيم سعيد يشكركم كثيرا على جهودكم ويخصكم والاخ السيد بابكر، سلامي الى الجميع والى لقاء قريب.
ئیمزا
الزعيم صديق مصطفى

ئەمەیش دەقی کاغەزی زابت ئیستیخباراتە کە کاغەزی زەعیم سددیقی پێوە ناردووە بۆم:
السيد الاخ كاكه مسعود
اسعدت صباحا
اخي نرسل لك بيد حامل رسالتي هذه رسالة السيد زعيم صديق نرجو ان تكون قد وصلتكم. اخي نرجو ارسال شخص ممن تعتمدون عليه مع جماعة الى قرية سيدا لنصب خيمة للاجتماع وتهيئة الشاي ومحلات الاستراحة للاشتراك مع الجنود على ان يكون هو والجماعة موجودين في صباح يوم ٧/٢٥ وشكرا تحياتي للاخ العزيز بابكر وارجو لكما الموفقية الدائمة ودمتم.
ئیمزا
الرئيس الركن فيصل عبدالحليم – ١٩٦٣/٧/٢٣

لە كاغەزی زەعیم سددیق دەردەكەوێ كەوا من دوای چوونم بۆ قەڵادزە هەر لەوێوە بە تەئریخی ١٩٦٣/٧/٢١ نامەم بۆی نووسیوە بۆ ڕەواندنەی گومانێكی بە دڵاندا بێت، لە نەگەڕانەوەم بۆ مەعسەكەر و ڕۆیشتنم بۆ پژدەر چونكە لە ئێوارەی ٧/٢٠ دوای بڵاوكرانەوەی بڕیاری بەربوونمان چووم بۆ سەركەپكان و لەوێوەش بۆ قەڵادزە. دیارە وەها بەتەما بوون هەر بەگەییشتنم بۆ لای خزمان شریتپێچیان دەكەم و دەیانگەیەنمە سەیداوای خاڵە خدرم كە ئەوسا چۆڵیش و وێرانیش بوو. لەم بارەیەوە داوای مۆڵەت كرا تا دەنگ دەگاتە ئەو هەموو خەڵقە. من جێگەم دوور بوو، هەموو ڕۆژێك دەنگم نەدەگەییشتە جێگەی مەبەست. لەم دەقەی كاغەزی سددیق مستەفا ئەم لایەنە ڕوون دەبێتەوە، كاغەزەكە مێژووی بەسەرەوە نییە:

من الزعيم صديق مصطفي امر جحفل لواء العشرين

الى الشيخ حسين بوسكين وباپيراغا

السلام عليكم

لقد وافق المجلس الوطني لقيادة الثورة على تحديد المدة خمسة ايام بناء على طلبكم اعتبارا من يوم ٧/٢٨ ولغاية ٨/١ وقد ارسلنا رسالة بذلك الى المحامي مسعود محمد لاخباركم. نحن في انتظار جوابكم على الرسالة و نؤكد ضرورة ورود الجواب صباح يوم ٨/١ لاخبار الحكومة والمجلس الوطني بقراركم النهائي.

ئیمزا

الزعيم صديق مصطفي

امر جحفل لواء العشرين

ئەمەش دەقی هەندێ شوێنی نامەیەكی درێژە كە لە نووری خەیاتەوە بۆم هاتووە، ئەوسا جارێ ئازاری پەڵاسووەكانی نارەحەتی دەكرد:

كركوك ١٩٦٣/٧/٢٩

الى الاخ الكريم كاكه مسعود محمد المحترم

بعد التحية والاحترام ارجوا لكم وللاخوان الشيخ حسين واغوات بشدر الصحة والموفقية.

بعد ان استلمنا رسالتكم الموجهة الى السيد وزير الداخلية تجمعت المساعي للخير وحصلت تاكيدات حسن النية ووافقت الحكومة على الطلب الاخير وانني اشعر بكل اخلاص ما تعانيه انت بالذات... واعتقد ان التفكير والخوف من القال والقيل مقابل الماسي التي تحصل على الناس وتفضيل الخوف من القال والقيل والاستمرار من هذا الخوف مدة اطول قد يكون نوعا من الانانية وعليه ارجو المعذرة من كلامي... فارجو من اخي ان يفهم الجماعة بانتهاء الحالة في المنطقة لكي ننتقل الي القضية العامة... وانني واثق حسب معلوماتي التي استقيتها من المنطقة ومن الاهالي وعامة الفقراء واهل القرى انهم وايديهم الى السماء يرغبون في اعادة

الامن الى المنطقة في يوم اسرع... وختاما لابد اننا نلتقي في الموعد عن قريب ارجو ابلاغ تحياتي الى الاخوان جميعا.

ئیمزا

اخيكم نوري الخياط

ملاحظة: ان الاخ المعاون عباس موجود في رانيه لادامة الاتصالات...

پاش بەسەرچوونی پێنج ڕۆژ سەرلەنوێ داوای مۆڵەتی پازدە ڕۆژ کرا. ئەمە دەقی کاغەزی معاون مدیر ئەمنی کەرکووک عەبباس وەنداوییە بۆ شێخ حسێنی حاجی سەید لە بارەی مۆڵەتەکەوە ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٣ نووسراوە:

عزيزي الاخ الشيخ حسين بوسكين المحترم

اسعد الله اوقاتكم وارجو لكم الصحة والعافية.

حسب المداولة التي جرت بينكم و بين الاخ كاكه حويز وافقت الحكومة على المدة التي طلبتموها وهي خمسة عشرة يوما يرجى اكمال المداولات في المدة المذكورة. والحكومة باستعداد للملاقاة معكم بعدها يرجى اشعار السلطة بواسطة مقر قوة كويسنجق هذا و تعلمون بان الحكومة اثبتت دوما حسن نواياها تجاهكم خدمة للمصلحة العامة فيرجى عدم اتيان اي اعمال عدائية خلال هذة المدة و نرجو ألا تألوا جهدا لانهاء الموضوع وفق المصلحة العامة هذا وبالختام الزعيم صديق ومدير الامن يخصونكم واغوات بشدر وكاكه مسعود بالتحيات وتقبلوا تحياتنا ودمتم.

ئیمزا

اخوكم معاون امن كركوك عباس الونداوي

ملاحظة: بطي الرسالة صورة طبق الاصل من البرقية حول الموضوع يرجي الاطلاع.

لەژێر ئەم نامەیە کە وێنەی لەسەر گیرابۆوە نامەی شێخ حسێن بۆ من دەست پێدەکا:

بۆ زۆر محترم جنابی کاک مسعود پیشکەشە.

اولا سلاوی خوای گەورە لەسەر هەمو لایک بی لە پاش سلام ئەوە صورتی کاغەزی معاون امن عباس ونداوی... هروها امرو جیش رانیە رانیەی چول کردوە گەراوەتەوە دواوە... او شەوە لە کوبونەوە لگل حویزی مام یحیی وامان نیشان دا کە ایمە قصە لەگەڵ هەمو کوردێک ئەکەین... هتد.

١٩٦٣/٨/٥-٤

حاجی سید گل زادە

ئیمزا (حسین)

ئەمەش وێنەی ئەو بروسکەیە کە لە کاغەزی عەبباس وەنداوی و کاغەزی شێخ حسێنیش باسکراوە

(لزوومم نەدیت درێژەی کاغەزی شێخ حسێن لێرەدا بنووسمەوە):

س. ق. ق. م.

الى ك. رانيه والحركات: سكرتير الوزير. سكرتير رأج ٨٤٨ ومدير امن كركوك. يرجي تبليغ جماعة بشدر وعباس مامند وحسين بوسكين بما يلي:

لامانع من تمديد المدة اللتي طلبوها واننا على استعداد للملاقاة بعدها وتقضي انتهائها كل ذلك بدافع حسن النية للتوصل الى نتيجة تخدم المصلحة العامة وكما يرجى ان لا يباشروا باي عمل عدائي خلال الفترة ويكون الاتصال بواسطة مقر قوة كويسنجق. انبئونا.

لێرەدا ناوی حەوێزی مام یەحیا هات. ئەو شەوەی کە لە هەنجیرە دیدەنی سەرۆک عەشیرەتەکانمان کرد حەوێزی مام یەحیا لەگەڵمان بوو بەڵام نووری خەییات نەیویست بانگهێشتنی بکا بۆ بەشداری کردن لە وتووێژ. دوای تەواو بوونی گفتوگۆی سەر بە مەسەلەی ڕێککەوتن ئەوانەی لە نزیکەوە ناسیاوییان لەگەڵیدا هەبوو چاکوچۆنییان لەگەڵدا کرد، لەمانە شێخ حسێن بەولای چاکوچۆنییەوە لە ڕێککەوتنەکەش باسێکی لەگەڵدا کردووە. هەرچی عەباسی مامەنداغا بوو مەیلێکی خۆ بەرەژوور بردنی هەبوو لەگەڵ پێداویستی بەرژەوەندی گشتی نەدەگونجا وەک کە دیتمان زێدە لە هەمووان ئەو ڕێی دیدەنی عەبدولکەریمی نەگرت و بەوەشدا پردی پێوەندی و تێکگەییشتن پسا. من کە مامەڵەت لەگەڵ زەعیم سددیق مستەفا بکەم بۆچی ڕازی نەبم حەوێزی مام یەحیا کە هەر نەبێ ناسیاوە و حکومەتیش بە موعتەمەدی خۆی داناوە سەرەپەتێکی ئەو کارەم بۆ بگرێت. لە بەر پایەی حەوێز لای حکومەت دەبوو پێوەندی بە حکومەتەوە لەگەڵ (مقر قوة كويسنجق) بێت.

لە نموونەی خۆ بەرەژوور خستنەوەی عەباسی مامەنداغا دەقی نامەیەکی ئەو بۆ شێخ حسێن کە لە بارەی کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراو لەگەڵ حکومەتدا بۆی نووسیبوو، دەخەمە بەر چاوی خوێنەر:

١٩٦٣/٧/٢٨

زور بەریز شیخ حسین

روژتان باش

بەهیوام هەمیشە لە خوشیدابن، هەواڵتان باش بی شکر منیش ایمرو توزی باشم. لەبابەت کوبونەوەمان منیش زور بەباشی دەزانم جا لەبەر ئەوەی کە من جاری بیتاقەتم حەز دەکەم لە جیگاییکی نزیک بی، جا ایوەش بەو کەسانە تبلیغ بکە حاضر بن کە سوودیان ببی وگەر جیگاییکی نزیک ممکن نەبوو خوت لەگەلیان اجتماع بکە و خوت وکیلی من بە هەر قراریکتان دا من موافقم، و گەر لە جیگاییکی نزیک بریارتان دا حاضر بن زوو اگادارم بکەن بو ئەوەی منیش حاضر ببم. ایتر سلام لە جماعەت دەکەم

و داوای هەواڵخوشیتان دەکەم.

ئیمزا

عباس مامنداغا

ئەم نامەیە چ لە بارەی کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەت بێت و چ لەبارەی خۆیانەوە بێت بە مەبەستی خۆ هەڵاواردنە نەک لەبەر نەساغییە. وەک دواتر باسی دێت کە کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەت لە سەیداوا کرا عەباساغا وەکیلێکی نارد خۆی نەهات جێگاکەش بۆ ئەو لە هەمووان نزیکتر بوو...

سەرلەبەری خەڵق گوێی هەڵخستبوو بۆ دەنگوباسی ئەو کۆبوونەوەیەی وەها بەهەند هەڵگیراو. لە نموونەدا ئەم کاغەزە بخوێنەرەوە لە بابەکری مەحموداغاوە بۆم هات بەڵام تەئریخی پێوە نییە:

بو سەعادەتی جەنابی کاک مسعود،

پیشکەش

لە پاش احترام هیوام وایە سەفرتان سەلامت و سەرکەوتوبن. قوربان اوە پیاوی شیخ حسین هات و چەند کاغەزیکی بۆ جەنابت پێم روانە کرانە خزمەتت و ایمەش ارەزومان هەیە کە کورتەیەک لە کوبونەوەکەتان بزانین اگر زحمت نیە بە کورتی بومان بنوسن مایەی سپاسە.

خال عەلی عەباس اغا اخلاسیو احترامی هەیە.

ایا لە روژی معین اتوانی حازربیت.

بابکر

ئیمزا

جگە لەم نامانە هی دیکەش پارێزراون، بەڵام پێویست بە چی دیکە ناکات، گەلێکیش لە بێنە و بەرەی زەمانە وەیا کەمتەرخەمی لە دەست چوون.

بە پێی ئەوەی کە کاغەزی عەباس وەنداوی لە ٨/٣ دەڵێ ١٥ ڕۆژی دیکە مۆڵەت دراون دەبێ ڕۆژی ٨/١٩ بووبێتە ژوانی کۆبوونەوەی حکومەت و عەشایر چونکە مۆڵەتەکە لە ٨/١٨ تەواو دەبێت. هەرچۆنێک بێت ڕۆژێک لەو ڕۆژانە ئیتر ٨/١٨ بێ ١٩ وەیا ٨/٢٠ بێت لە سەیداوای نزیک ڕانیە کۆبوونەوەکە پێکهات. جەیش جێگەی دانیشتنی سازدا، بەڵام سەیداوا لە لایەن عەشایەرەوە هەڵبژێردرا.

لای مەغریب کۆپتەرێک لە بنگەی لیوا بیست نیشتەوە، مەیلەو تاریک داهاتبوو، نوێنەری حکومەت (حازم جواد – وەزیری داخلیە) بوو، بە خۆی و قەڵەباڵغییەکی زۆرەوە لە خاوەن مەقامی عەسکەری و مەدەنی هاتن. چەکداری عەشایر بە سەدان و پتریش لەو ناوە بوون، هەرچی زاپتەکان و جوندییەکان بوون بێ چەک هاتووچۆیان دەکرد، بەمەشدا هەتا بڵێی ڕەفتاری ژیرانەیان کرد، چونکە کە سەلماندیان لە پارێزگاری مەعەسکەر دوور بکەونەوە و بچنە جغزی دەسەڵاتی عەشایرەوە لەشەوی تاریکدا چ پێویست

نامێنێ بە چەند دەمانچەیەک کە لە ئاست هەزار تفەنگدا بایی پوولێکە. کاک حسێن و نووری خەییات کە جارێ پەلاسووی شەبکەی پێوە بوو، لەگەڵ وەفدی حکومەتی بوون. (حازم جواد) بە ناوی شارەزایی، نەجمەددین سائیب، کۆنە موتەسەڕریفی هەولێریشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. وا پێ دەچوو بەتەمابوون لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو شتێک ببڕێتەوە چونکە خەریک بوون بە کامرای تەلەڤزیۆن وێنەی کۆبوونەوەکە بگرن. نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو ویستیان بکەونە نووسینی دەقی ڕێککەوتنەکە بەڵام زوو شێخ حسێنی حاجی سەید تێیگەیاندن کەوا جارێ بۆ ئەم هەنگاوە ماویەتی. دەبێ ڕاوەستن هەتا هەموو کورد دێنە ناو جغزی تەفاهومەوە دەنا دوو ڕۆژ خۆی ناگرێ... عەباساغا نەهات، برایەکی خۆی نارد بەهانەشی نەساغی بوو. ئەو دانیشتنە هەرچەند بۆ حکومەت ناتەواو بوو دیسانەوە لە دوو ڕووەوە جێی ڕەزامەندیی حازم و هاوڕێکانی بوو. یەکەم ئەوە بوو کە ئاپۆرەی خەڵقێکی پتر لە چاوەنۆڕکردنیان لەو شەوەدا حازری کۆبوونەوە بوون. (دواتر پاش چەندین مانگ نووری خەییات ئەم لایەنەی پێ گوتم). رووی دووەم ئەوە بوو کە قسەی ئەوتۆ لەو بابەتەی مەبەست بوو کران هی بادی هەوا نەبوون بەڵکوو لە جەرگەی سوودی گشتییەوە دەهاتن. ئەو شەوە شێخ حسێنی حاجی سەیید لە قسەکانیدا هەرچی عەقڵ و مەعریفەتی میراودەلیەتی هەیە بەکاریهێنا زۆریش تێیاندا بەرچاو و سەرکەوتوو بوو. ڕاستییەکەی ئەگەر ئەو یان من هەر کامێکمان تێدا نەباین کۆبوونەوە نەدەبوو. کە وەختی هەڵستان هات بڕیاردرا لە ماوەی مناسبدا خەبەری دوایین بە حکومەت ڕابگەیەندرێ.

نازانم چۆناوچۆنی بوو، وەختێک کە خەڵقەکە لە هەڵستاندا بوو کۆمەڵێک لە دۆست و خزم بە تایبەتی شێخ محیەددینی شێخ ئەمینی سندۆڵان، ئامۆزای دایکم، منیان دوور خستەوە و چەندی کردم ڕێم بدەن بچمە بەرێ کردنی مێوانان لێیان نەسەلماندم. شێخ ئەمین گوتی، لێم مەعیەنە بچیتە لایان خواییشتت لێ دەکەن لەگەڵیان بڕۆیت بۆ بەغدا ئەتۆش بە ڕووان تەنکیت بەگەڵیان دەکەویت خواش دەزانێ ئەوسا یەکدی دەبینینەوە یان نا... حازم جەواد و هاوڕێیەکانی چاویان بە دوامدا گێڕابوو نەیاندیتبووم بێگومان گلەییشیان کردووە بەڵام لە ئاست بێچارەیی چ دەکرێ. دواتر (پاش ئاشتبوونەوەی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤) نووری خەییات تێیگەیاندم کە حکومەت زۆری تەما پێم بووە بە تایبەتی کە ئەو هەموو قەڵەباڵغییەی کوردانیان بە دەوری خۆیانەوە دیت، تەکلیفیش دەکرام لەگەڵ حازم بچمە بەغدا.

ئەوساش و ئێستاش باوەڕ دەکەم چوونم بێسوود نەدەبوو چونکە جگە لە داخوازیی واقیع کە تێک گەییشتنی مەبەست بوو، کاغەزم لا هەیە لەوانەی لزوومم نەدیت بڵاویان بکەمەوە پێمان دەڵێ هەر لەو کاتەی کە من ڕێی چوونە بەغدام لێ مەنع بوو لایەنی زۆر باڵای کوردایەتی خەریکی خۆ نزیک کردنەوە بوو لە حکومەت و چنگیشی نەکەوت. لە ساڵی ١٩٦٤ قسەی ئەوتۆم لە سەفیری ئەمەریکا بیست لە بارەی هەوڵ و تەقەلای هەندێ کوردی زێدە زل کە لە هاوینی ١٩٦٣ ویستبووی ئەمەریکا بێتە ناوبژیکەر، هەولی من وەیا یەکێکی وەک من لە خۆوە دەبووە جۆگەلەیەک لەو شەلەگەیە بکاتەوە. تۆ سەیری چەرخی زەمانە بکە بە چ بارێکدا دەگەڕێ، منێکی بێدەسەڵات لە ماوەی سێ ساڵدا جارێکیان لە دەسەڵاتی عەبدولکەریم و جارێکیان لە هی بەعسدا، کەوتمە بارێک ئەگەر تەقڵەبازیم بکردایە بتوانم تەئسیرم هەبێ یان بە چاکە یان بە خراپە. لەبیرت بێ خراپەش بە هەموو کەسێک ناکرێت...

لیوای بیست کەوا لە دەمێکەوە بوو گەییشتبووە ڕانیە بە ئومێدی مەسڵەتی نەبزووت بۆ پژدەر دەنا هیچ لەمپەرێک نەبوو هەنگاوی بوەستێنێ تەنانەت بە فڕۆکەش ئەو وڵاتەی ئازار نەدا. هۆیەکی دیکەش لەو نەبزووتنەوە ئەوە بوو کە هەرێمەکە لە دەست خاوەنەکانیدا بوو جارێ حیزب بنگەی لێ دانەنابوو. شێخ حسێن دەیویست بنگەیەک لە لایەن پژدەرییەکانەوە دابندرێت و هاریکاری لەگەڵ حیزبدا بکات نەک بنگە هی حیزب بێت بەڵام نە ئاغاکان بەرباری ئەو ئەرکە بوون نە حیزبیش مەبەستی بوو ئایا پژدەر چی لێ بەسەر دێت، لە ئاکامدا بنگەی لێ دانا. سیاسەت گەلێ جار مەنتیقی تێدا نامێنێ، حیزب پێی قووت نەدەدرا پژدەر بۆ پژدەر بمێنێ و خۆی تێیدا دەست ڕۆیشتوو نەبێ بەڵام گرنگ نەبوو بەلایەوە لە دەست خۆی و پژدەریش بچێت... بە هەمە حاڵ ئەم بێنە و بەرەی مەسڵەتی کردن و نەکردن لەگەڵ حکومەتدا بە لۆنگە لۆنگ بەردەوام بوو حکومەتیش هێرشی نەهێنا و دەستی لێ نەوەشاند. لە ڕاستیدا نازانم، قەتیش نەمپرسی، بۆچی دوای نەمانی ئومێدیش بە ڕێککەوتن پژدەر هەر بە سەلامەتی مایەوە، نە جەیش هات و نە تەیارەش.

مانگی ئەیلوول بوو شێخ حەسەنی حاجی سەید گوڵ کە لە مانگی حوزێرانەوە لە ترسی بۆمبا قەڵادزەی بەجێهێشت و بۆ بناری شاخەکان هەڵکشی و تەنسازییەکەی لەوەدا نەبوو تەقڵ و شەقڵی گوێزە گوێزە هەڵگرێت، خەبەری وەفاتی هات بۆ شیلانە. شێخ حەسەن لە دەمێکەوە بوو دووچاری نەساغیەکی ئەوتۆ بوو زاتی نەدەکرد خۆ بە بەر سەرما و هەوا بدات تا ئەوەی لە هاوینیشدا هەر لە ژوورەوە دەنووست. زستانان کە وەختی جلک شووشتنی دەهات، دەبوو بایی کێشی جلکی فرێدراوی هی خاوێن لەبەر بکات. هەرچەند لەوانەیە نەساغی ئەوتۆیی دەخلی بە نەفس و وەسوەسەوە هەبێت بەڵام فەرق چییە لە نێوان میکرۆب و وەسوەسەیەکی لە میکرۆب کاریگەرتر بێت. ئەو هاوینە کە ناچار بوو لە ژوورەکەی دەرچێت و بگوێزێتەوە بۆ دوورایی جێگەیەکی دوو سەعاتی و پاشان بێتەوە قەڵادزە بەدەنەکەی ئەو ئەرکەی پێ هەڵنەگیرا.

ئەم مرۆیە ئەگەر لایەنی تەنسازییەکەی لەمپەر نەبایە لە پێشی، کەم کەس هەبوو هێندەی ئەو شیرن کەلام و دڵ هۆشیار و یارانی و نوکتە خۆش، تا بشڵێی ئەدەب دۆست بوو، شیعری شاعیرە ناودارەکانی کوردی دەخوێندنەوە، ناوناوە چەند بەیتێکی دەهۆندنەوە، ئەگەر لە باریش بانایە بە گاڵتە و پێکەنینەوە دەیخوێندنەوە دواتر دەیسووتاند. ئەو ساڵەی کە ماڵەکەی من بەگەڵ ماڵی ئەو کەوت گوتبووی تازە لێک ترازان مومکین نییە و نابێ جارێکی دیکە بچنەوە بۆ کۆیێ، قسەکەشی هی ناوەندی دڵی بوو. یادی باوکم لە لای ئەو موقەددەس بوو، بۆ منیش چ پلەی مەحەبەتتی نەهێشتبۆوە لێی تێپەڕ نەکات. ماڵی من کە چووبووە پژدەر پازدە کەس بوون، ڕەنگە پتریش، یازدە مانگ بە هەمووو ئەرکەوە لەگەڵ ماڵی ئەو دەژییاین نە ئەوان و نە ئێمەش هەستی شتێکمان نەکردووە نا عادەتی بێت. ئەو مرۆیە نەساغەی کە لە ژوورەوە دەرنەهات هەموو سیاسەتی پژدەر بە بەردەم ئەودا تێدەپەڕی چونکە تایەفەی مەحمووداغا کە خاڵوانی بوون بێ ئەو بڕیاریان لە هیچ شتێکی گرنگ نەدەدا. چ لە سندۆڵان و چ لە بۆسکینیش ڕامابایت دەتدیت ئەو دوو شوێنە لە مەرجەعە هەرە گرنگەکانی بەردەر و پژدەر بوون...

تازیەی شێخ حەسەن تا سێ ڕۆژان لە قەڵادزە بوو، ئنجا بردرایە دێی نوورەددین. عادەتی

میراودەلییەکان ئەوەبوو کە تازیە هاتبایە پێش چەند بنەماڵەیەکی دەست ڕۆیشتووی تایەفەی تازیەدار قۆناغیان دەهێنایە شوێنی تازیەکە بە نۆرە هەر بنەماڵەیە ڕۆژێکی بیستوچوار سەعاتی هەموو مەسرەفی تازیەی بە ئەستۆوە دەگرت. من سێ ڕۆژی قەڵادزە و بەینێکی نوورەددینیش لە تازیەکە بەشدار بووم ئنجا گەڕامەوە بۆ شیلانە.

ڕەشەبایەکی هەڵکرد دەتگوت شەڕ بە دنیا دەفرۆشێ. ڕۆژێکیان یارمەتیی یەکێکم دەدا کە سینگەکانی تاوڵی دیوەخانی قەیم دەکردنەوە، ڕەشەبا لچکی تاوڵی شەکاند و بەو هێزەی هەبوو لە چاوی ڕاستەمی خشاند. چەند ڕۆژان ژانی هەیبوو، کە ژانەکە ڕەوییەوە ئەسەرێکی ئەو زەبرە بەوەدا مایەوە کە چاوم پتر لە عادەت ئاوی دەکرد. لەو ساڵەوە ناوناوە بە شتێکی ئاومژ ئەو زێدە تەڕاییە دەکێشم. نزیکی ٢٥ ساڵە بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەڕیوە بێ ئەوەی پرس بە هیچ دکتۆرێک بکەم، خۆ ئەگەر پرسم بکردایە ئێستا دەگوترا هونەری دکتۆر بوو چاوت زەدە نەبووە.

لەو مانگانەدا کە شیلانەیی بووین مێوان سەریان لێ دەداین منیش دیدەنی هەندێک دۆست و برادەرم دەکرد. جیرانێکی نزیکم عەلی عەباساغا بوو، پێش هەموان سەردانی ئەوم کرد. پێی ناوێ درێژە بە پێدا هەڵگوتنی بدەم هەر ئەوەندە دەڵێم کە بە نوکتە و بە ڕاستیش دەمگوت هەرچی حەزی لە خواردنی خۆش و خزمەتی بێفێڵە با لە عەلی مێوان بێ. شەوێکی زێدە خۆشیشمان لە هەواری جەمالەددین لای حاجی مەحمووداغای حاجی ڕەسوواغا ڕابوارد. پێپسی کۆلای لە سەردەشتەوە جەلب کردبوو. ئەو عەسرەی گەییشتمە لای، تامەزرۆییەکی کۆنم دامرکاندەوە. دوو لووتکەی شاخی دووپەزەمان لێ نزیک بوو، بە سواری لە ماوەی پەنجا دەقیقەدا گەییشتینە هەوارەکەی و سەریش کەوتین تا تۆقەڵەی لووتکە بەرزترەکە. فاروقی برام لەگەڵمدا بوو، ماوەیەک پێشتر کە جارێ من بەرنەدرابووم هاتبووە سەر ئەم لووتکەیە و کاغەزێکی نووسراوی لە نێوان بەردانداندا شاردبۆوە خۆمان لێی بووین بە (مکتشف). گەواڵەیەکی هاوینە لە گەرمێنەوە هاتبوو چەند وڵات کەوتبووە بەر ڕشاندبووی، ئەسەری بەسەر خۆڵی ئەو لووتکەوە مابوو چونکە پێخوست شەقڵی نەشکاندبوو. دنیایەکی بێسەروبنی لێوە دیار بوو. سەرنجم دایە لای قەندیل دیتم لووتکی کوڕەش کە بە سەر مەنگوڕایەتی و وڵاتی پژدەردا دەنۆڕێت و بە چاو لە ڕیزی قەندیلە، ئەو کوڕەشە بۆ قەندیل و حەساری سەکران وەها مات بووە ئەگەر لێی وردنەبیتەوە زەحمەتە بیناسییەوە چونکە لە سینگی قەندیل گیرسابوو. لە گەلێک لاوە کۆنە مەعلووماتی منداڵیم کە بە سەرنج لێ گرتن و بەراوردکردن و پێکگرتن بۆم ساغ بووبۆوە، تاقیکردەوە. گرفتێک هاتەوە بەر لێکدانەوە کۆنەکانم و هی ئەو دەمەش کە بەسەر لووتی دووپەزەوە سەیری دنیام دەکرد بە چاوی مامڵەت. شاخی پشتی دوکان بە لای دەستە ڕاستی کورکوڕی مەرگەوە پیرەمەگروونیش بە لای دەستە چەپییەوە دیاربوون. لەو تێوەڕامانەدا کە بەرزایی شاخەکانم لێک دەدایەوە دەبوو شاخی پشتی دوکان هێندە هەڵنەکشێ، پیرەمەگروونیش پتر هەڵکشێ مەبەسیش لە هەڵکشان بەرزاییە. تەنها یەک تەفسیرم بە بیردا دەهات، ئێستاش هەر ئەوم بۆ دەستنیشان دەکرێ، کە ئەم دیمەنە نەگونجاوە شی بکاتەوە بەڵام لێرەدا مەودا دەست ناکەوێت و بێلزوومیشە بۆ شەرح دانی، هەتا لە هەندێ جێگەی تایبەتیشدا ئەو تەفسیرە باس نەکەم هی باوەڕ پێ کردن نییە چونکە دەبێ دیمەنی بەرچاوان پاڵپشتم بێت نەک قسەی

ڕووت... لە جارێکی دیکەدا سەردانی حەمەداغای عەباساغام کرد، شەو لای ماینەوە. بەیانی چووینە لای بایزاغای بابەکراغای سەلیماغا کە ماڵی لە هەواری کێلێ بوو. شەو و ڕۆژێکی زۆر زۆر خۆشم لەو سەفەرە ڕابوارد عەلی عەباساغا و فارووقیشم لەگەڵدا بوون.

جارێکیان لە گەڕانەوەی بەرەو شیلانە نیوەڕۆژەم بردە لای مەلا محەمەدی خەتیبی قەلادزە. ئاغایەکی لێ کەوتەش مێوان بوو ناویم لەبیر نەماوە بە ڕواڵەت هیچی ئەوتۆی ڕانەدەنواند کەچی لە قسەیەکی منەوە، بێ خۆ هەڵدانەوە، دەرکەوت تەواوێکی بە بەرەوە هەیە. شوێنی ماڵەکەی مامۆستا ناوی گوندی شیخاڵ بوو. من گوتم وا پێ دەچێ ناوەکە لە (شێن خاڵ)ـەوە کورت کرابێتەوە. ئەو ئاغایە گوتی لە (شغال)ـەوە هاتووە کە ناوێکی ئێرانییە... ئیتر کۆمەڵێک زانیاریی مێژوویی سەر بەو هەرێمە دەورکردەوە.

ئاوێک لە نزیک سەرووی شاخە بەرزەکانەوە هەڵدەقوولی سووکە ئاشگێڕێک بوو وڵاتێکی ئاو دەدا ناوی ئاوی (بێ کۆدی)یان بوو. باسی بنەچەکی ئەو ئاوە و ناوەکەشی کرد. گەڕاوە بۆ مێژووی داگیرکردنی (هێرۆ) لە لایەن لەشکری ئیسلامەوە و گوتی هێرۆیی پاڵەوانێکیان هەبووە. ناوی (گوڕنەڵ)، ماڵەکان لە سەرووی شوێنی ئێستاکەی هێرۆ بوون. گوتی جارێکیان لە مووسڵ کابرایەکی مێژووناس لێمی پرسی، لەو هەرێمەی بناری شاخەکانی پژدەر هیچ ئاو هەیە پێی بڵێن (سلورت)؟ تومەز کانییەکەی دامەن هێرۆ بە تەنیشت ڕێی ئێستای سەیارەوە کە پێی دەڵێن (سلۆت) هەمان سلورتە کە لە مێژووی کۆن ناوی هەبووە... سەری خوێنەر نەیەشێنم ئەو پیاوە هێندەی قسە پێ بوون، هەموویشی بە داک و باب و جێی باوەڕکردن، ئەگەر بمنووسیبانەوە خەفەتی ئێستاکەمم بۆ نەدەخوارد و سوودیشم لێ دەدیتن.

لە حاکمی سەردەشتەوە قسەیەکم پێ گەییشت کە ئەگەر سەردانی لێ بکەم باشم بەخێر دەهێنێ و حکومەتیش پەنام دەدات بەڵام من وەڵامم نەدایەوە.

لە نزیک خێوەتەکەی ئێمەی لێ بووین ماڵی ئافرەتێکی (باووزە)یی هەبوو هێلکەی پێ دەفرۆشتین بە قدووی بەتاڵی شیری منداڵان، هەر قدووە بە حەفت هێلکە هەر جارەش کە نیوەڕۆژە دەبوو چی خوا بیدایە بەشی دەدرا. ڕۆژێکیان لەبری قدووی شیر چوار هێلکەی دابوو بە بەهانەی ئەوەی قدووەکە قوپاوە. لە ژێر خێوەتەکە نیوەڕۆژەمان دەخوارد ئافرەتەکە لە لای مەتبەخەوە بەرەو ماڵی خۆی لەپێش دەرگەی خێوەتەکەوە تێپەڕی قاپێک شلە و قاپێک پلاوی بەسەر دەستانەوە بوو، دایکم گوتی پلاوەکەی بێ گۆشت بوو ئەم قوونەجۆڵەیەی بدەنێ. منیش دەستی دایکمم گرت و ملەقۆتەیەکم لە دەستی نا و گوتم، ئەمڕۆکە سێ هێلکەی لێ گێڕاوینەوە هەر حەقی ملەقۆتەی بەسەرمانەوە هەیە...

خەڵقی ئەو ناو شاخ و داخە بەر لەوەی حکومەتی عێراق لە ١٩٣٧ بێتە پژدەر و مەخفەر لە دێی گەناو بکاتەوە نە حکومەتیان دیتبوو نە تێکەڵیشیان لەگەڵ جیهانی دەرەوەی هەرێمی لاچەپی خۆیان بووبوو. باوک و کیژێکی عازەب حەفتەی یەک دوو جار لە دێی باووزەوە کە لە گەلییەکی بناری شاخەکەی شیلانە کەوتووە، دەهاتن بۆ لای خەڵقی هەواری شیلانە. ئەگەر ئیمکان هەبایە ئەو ڕەسمە زەقانەی ئەکەد و سۆمەر بووبانە بنیادەم باوک و کیژی ئەوتۆییان لێ پەیدا دەبوو چونکە دەتگوت لەوەتەی بابەلباپیری هەرە کۆنی بەر لە هەزاران ساڵیان بە زاوزێ سەرەژێر بوونەتەوە تا سەردەمی ئەم دووانە خوێنی

بێگانەیان تێکەڵ نەبووە. دەموچاوی هەردوویان وەک هی باز و سەقەر لەسەر تیژایی دارێژرابوون. کۆتاییی هەر زەقاییەکی ئەو دەموچاوانە وەک سەری لووت و نیهایەتی چەنەگە و ئێسکی ڕوومەت نووکە تیغیان بە بیری بینەردا دەهێنایەوە. سوورکاڵی چاوشین بوون، کیژەکە بە جوان دەژمێردرا...

لە کژی خۆیدا خەڵقەکە بۆ گەرمێنی دامەنی شاخەکان سەرەژێر بوونەوە. ماڵی من لە هێرۆ گیرسایەوە، خانووی مەکتەب چۆڵ بوو ئێمەی تێدا ستار بووین. ژوورەکانی خاوێن بوون بەڵام ڕووەو ڕۆژهەڵات و ڕەشەبا بوو. ماڵی حەمە عەلی ئامۆزام بە تەنیشت هی منەوە لە بەشێکی دیکەی مەکتەب یان دایەرەیەکی دیکەی حکومەت بوو. هی ئەو چەشنی داخراو بوو لە سەرمادا کەمتر سەرماچێژ دەبوو. زۆری نەبرد ئەوان چوون بۆ قەڵادزە... سەرمای پاییز لە چاو وڵاتی کۆیێ زوو هەستی پێ کرا. جارێ باران نەباریبوو سبەینان ئاو دەیبەست. لەگەڵ ئەمەشدا چونکە لەش ڕادێت پێی ناڕاحەت نەبووین هەر بەقەدەر جلکی عادەتی ساڵان کە لە کۆیێ بووین جلکمان لەبەر دەکرد. مریشک و عەلیشیشمان هەبوون، مریشکەکان هێلکەکەریان تێدا بوون. دەمگوت ئێمە هەر مریشکەکانمان بەرهەم هێنن.

لە شەوی نێوان نۆ و دەی تشرینی دووەم سەری کوڕکوڕی مەرگە بە بەفر بۆز بوو. شەوی دیکە دووپەزەش بۆز بوو. دواتر زانیم کوڕکوڕیش بە دیوی گەرمێندا لە شەوی نێوان دە و یازدەدا بەفری پێوە دیترابوو. شەوی سەرەتای یەکی کانوونی یەکەم لە هێرۆ بەفر باری.

پێش بەفر بارین هەرای عەبدوسەلام دژی حیزبی بەعس قەوما بوو، من زانیم تازە ترسی حەرەکاتی عەسکەری نەما، ڕامان سپارد خانوومان بۆ پەیدا بکەن لە قەڵادزە. حەمە عەلی کاغەزی بۆم نووسی دەیگوت، ئێمە، واتە قەڵادزەیی، هەموو شاخەکانی دەورمان سپییە وەکوو دۆندرمەمان لێ هاتووە. بۆم نووسییەوە ئێمە لە هێرۆ ئەو بەفرەین بە دەوری دوندرمەکەیەوە.

بەفر لە هێرۆ بە پشتەوە هەر لە زیادکردندا بوو، شاخی پشتی بە کا و ڕەزی مێوی بەسەرەوە بوون تا درەنگی ترێیان ما، مێوەکانی لەبەر قورسایی بەفر وەکوو چاوبازە لکەکانی بەسەر ئەرزەوە دەخشین... من و دەوەن لە ژوورێکی بچووک بووین. شەوێک لە شەوە سەختەکانی، ژوورەکەمان وەها سارد بوو ناچار بووم لەبەر دەوەن مەقاڵە خەڵووز گەش بکەمەوە. دەرگاکە لە دەرەوە و لە ژوورەوەی پەردەی هەبوو بە قلفە و سینگ قەیم دەکران. ڕەشەبایەکی دەهات دەتگوت سەرسەرە. کە دەرچووم پەردەی دەرەوە بەدەم ڕەشەباوە وەکوو قانگەلاچک بوو هەتا قەیمم کردەوە نازانم چیم کرد. خەڵووزم لە شوێنی خۆی بە دەستی سەرما بردوو لە دوو مەقاڵە کرد. نەوتم هێنا پێمدا کردن، بە هەر حاڵێک بوو دەنکە کفریتم گەیاندە نەوتەکە ئاگری گرت و ڕەشەبا کوژاندییەوە.

سەرت نەیەشێنم تا ئەو دوو مەقاڵەیەم گەش کردەوە و بە ئاوی شەختە کردوو دەستی خۆمم شووشت تەواو سەغڵەت بووم. هێنانە ژووری مەقەڵەکان هێندە زەحمەت بوو بە خەیاڵدا نایەت چونکە دەبێ پەردەی دەرەوە و دەرگە و پەردەی ژوورەوە بکەمەوە، ئنجا ڕەشەباکە کارێکی پێ دەکردن ئەوانیش کارێکیان بە من و مەقاڵەی دەستەکانم دەکرد نەوعی شەڕە چەپەڵۆک نەبوو. پەردەی دەرەوە بەو سەرسەرە لچکی ژێرەوەی هەڵدەگەڕایەوە لە بنمیچی دەدا و وەکوو کوتەکی دەستی پاڵەوان سەرەژێر دەهاتەوە ئەگەر کەللە سەری بەرکەوتبایە کاری خۆی دەکرد چونکە بە عادەت پەردە لە سەرەوە و لە

کەمەری و لە لچکی ژێرییەوە داری وەکوو وەکازی تێدەگیرێ بۆ ئەوەی بە پانی شۆڕبێتەوە، ئینجا داری لچکی ژێرییەوە کە لە بنمیچەوە دەهاتەوە خوارێ دەبووە چەکێکی کوشندە. شەوەکە وەکوو هی مەلای زێندینان بوو ئەنگوستە چاو، سەرمای بێئامان و ڕەشەبای دڕندەی بڕندەی پێوە. پەرۆشی دەوەن نەبایە هیچ نرخێک ئەو شەوە دوو مەقاڵەکەی پێ گەش نەدەکردمەوە. ئینسافیشم قبووڵی نەکرد لەو قیامەتە خەڵک هەڵستێنم بۆ ئەو کارە، سبەینێ زۆریشیان گلەیی لێ کردم حەقیشیان بوو چونکە شەوی وەها لەوانەیە ورچ ڕاوی مرۆی بێچەک بکات. ئەشەدوبیللا لە گرمەی ڕەشەبا بەولاوە دەنگی ڕوح لەبەر نەدەهات...

ڕەنگە لە دەوروبەری دەی کانوونی یەکەم گوێزابێتمانەوە بۆ قەڵادزە. خانوویەکی لە چاو ئەو دەمە مناسبمان بۆ بەکرێ گیرابوو. باران و بەفر بەردەوام بوون بەڵام شەوێکیان دیاردەیەک بوو نەمدیتەوە هەتا لە حەفتاکان جارێکی دیکە، لە بەغدا، ڕێک کەوتەوە. بەفرێک باری بە لای کەمەوە بە بارستی دە سانتیمەتر. پاش مەغریب هەوای گۆڕی بە جۆرێک دەتگوت لە پڕ کەوتینە بەهار. بەفر گۆڕا بە بارانێکی لێزمە بایەکی لەگەڵدا بوو وەک هی شنە بای هاوینان کە پێی دەڵێن بای وەشت و لە نێوان ڕۆژاوا و باشوور هەڵدەکات. ئەو بەفرە لە ماوەیەکی کورتدا شۆرایەوە نەک هەر بە باران بەڵکوو بە گەرمایی ئەو بایە. دوای ئەمە هێندەی نەبرد کردییەوە سەرما ئەمما بایەکی هەڵکرد بنەداری هەڵدەقەند. لە دەربەندەوە بۆ دیوی پژدەر تراکتۆری وەستاندبوو، تاژی و تووڵەی ڕەهەوا خستبوو. گوتیان لە سەرسیان کە بە سەر زێی گچکەوەیە لە ڕۆخی بەری مەرگە و دەکەوێتە زارکی دەربەند، سبەینە مریشک و عەلیشیشیان کە لە ماڵەوە دەرچوون وەکوو قانگە لاچک با بردنی و زوربەیان نەهاتنەوە و فۆتان.

لەو بەینانەدا مەلا مستەفا بەرەو پژدەر هات. عەقید کافی نەبەوی هاتوچۆی قەڵادزەی دەکرد لە دیتندا پرسی بۆچی کەنارگیرم. گوتم لە خۆمەوە خۆ لە شتان هەڵناقوتێنم. هەر لەو ڕۆژانەدا بەیانییەکی کە بەفر لە کۆڵانان بەستبووی خەبەریان هێنا کە دکتۆر سددیق ئەترووشی شەوێ گیانی سپاردووە. تا بیستم لە شاردنەوەی بووبوونەوە. خەفەتێکی زۆرم لێ خوارد، هەم برادەر و دۆست هەم ڕۆشنبیرێکی مێشک کرایەوە و زیرەک و ئێسک سووک و دڵسۆز بوو.

کاغەزێکم بۆ هات بچمە دیدەنی مەلا مستەفا کە لە دێی دووگۆمان بنگەی هەڵدابوو. نزیکی عەسرێک بوو چەند پژدەرییەکیشم لەگەڵدا بوو چووینە دووگۆمان. هەر کە کەوتینە وتووێژ لە نوختەیەکی سەرەکی ڕێککەوتنمان نەبوو. هێرشێکی قورسی هێنایە سەر حیزب. من گوتم سەرۆکایەتیی هەر بزووتنەوەیەک بێت بە باوک حیساب دەکرێت کە ئەگەر ڕۆڵەی خۆی تەنبێش بکات دەبێ لە دڵسۆزییەوە بێت. بای دایەوە سەر پژدەرییەکان بە تێکڕایی. لە نێوان ئاغاکاندا یەکێکی کەم بایەخی بە دۆست هەڵبژاردبوو، لەو قسانەیدا ئەو کابرایەی بە نوێنەری پژدەر دانا، مەلا باقی هەبوو بێ ماڵ و حاڵ بوو ئەمما ئەو ڕۆژە دەرکەوت ئەو مرۆیە چەند ئازا و ڕاستگۆ و بێفێڵە. ڕووی قسەی لە مەلا مستەفا کرد و بێ منجەمنج گوتی: جەنابی مەلا مستەفا ئەگەر لە پیاوی مەرد و بەشەرەف دەگەڕێیت و نیازتە پژدەر بکەیتە دۆستی خۆت، مەرد و بەشەرەف ئەوانەن وا هاتوونەتە لات کابرای دیکە تاکە یەک کەسی بە دواوە نییە. پژدەرییەکانی لەگەڵ من بوون بە دەنگ نەهاتن، منیش شتێکم گوت بە لای قسەکەی مەلا باقیدا بوو بێ

ئەوەی کەسی تێدا بشکێنمەوە. مەلا باقی هەر بە ناو مەلا بوو، ڕانک و چۆغەڵی لەبەردا بوو.

ئەم دیدەنییە تێیگەیاندم مەلا مستەفا پرۆژەیەکی سیاسیی لە دڵدا هەیە دەیەوێ بەرانبەر حیزب و پژدەریش بەکاری بهێنێت. چەپیەکان کە بەشی زۆریان لە بەغدا هەڵاتبوون دەوری مەلا مستەفایان دابوو، ئەویش بۆ سەرخستنی پرۆژەکەی دەیحەواندنەوە. بێ ئەوەی خۆم ماندوو بکەم وەیا بچمە سەر شانۆی تەمسیل، هەڵوەستم بە ئاسایی شێوەی موعارەزەی وەردەگرت تا ئەوەی مەلا مستەفا هەستی پێ کرد.

هەندێ کەسی ڕێزدارم لە خزم و برادەران خەبەرداری ئەو پرۆژەیە کرد هەتا جارێکیان لە ماڵی خۆم پێم گوتن دەبێ بەرهەڵستی لەو سیاسەتە بکرێ. یەکێکیان گوتی من تێدا نابم...

گەلێک جار کۆبوونەوەی شکڵ مزاشی زۆر خۆش لە ماڵی برادەرێک ڕێک دەکەوت. جارێ لەو جارانە ڕابەرانی چەپ و حیزب و دۆستی دیکەش لە ماڵی شێخ حسێن (کە هی شێخ حەسەن بوو لە قەڵادزە) لە ئێوارەوە بە نان و پاتێکی شاهانەوە ڕامانبوارد هەتا شەو ڕاشکا لە ناویاندا سەلیم فەخری هەبوو ناوی نرابوو کاکە حەمە ٢٥ ساڵ بەسەر ئەو شەوەدا تێپەڕی وا لێرەدا بیری دەکەمەوە. کەوتینە سەر باسی ئایدیۆلۆجیا و مێژووی خەباتی گەلان و چینایەتی و ئەو جۆرە شتانە بەسەر باسی شۆڕشی قولەکانی بەسرەدا کەوتین. من گوتم ئەم هەرایە هی ڕەش بوو دژی سپی، چینایەتیی تێدا نەبوو، ئەگەر سەریش کەوتبایە مرۆڤایەتی زەرەرمەند دەبوو. ڕووم لە سەلیم فەخری کرد گوتم، تۆ لەو سەردەمەدا ژیابایت لای خەلیفەت دەگرت یان لای ڕەشەکان؟ گوتی، من لێرەوە لەگەڵ خەلیفەم چ جایی ئەوسا.

لە باسی (مسلمات)ی بێبنگەوە گوتم، بە پێی تیۆری دەبوو چینی ڕەش و ڕووت لە ئۆکراین و دەوڵەتە بچووکەکانی باڵتیک و بێلوروسیا لە جەنگی جیهانی دووەمدا جانفیدایی بۆ سۆڤیەت بکەن کەچی بە پیر لەشکری ئەڵمانەوە چوون بەڵام ئەڵمانەکان بڕیاری شتێکی دیکەیان دابوو شەستیری لێ بەکارهێنان. سەلیم فەخری گوتی، لەمەش زیاتر فلانە جەنەڕاڵ – ناوەکەم لەبیر نەماوە – لەشکری ڕێک خست بۆ هاریکاری لەگەڵ نازییەکان دژی سۆڤیەت...

سەلیم فەخری زاپتێکی سەر بە چەپ بوو بەڵام مێشکی کرایەوە بوو، هەتا ئەوەی کە کتێبی (هەڵستان و کەوتنی ڕایخ)م بە دیاری بۆ هێنا – دوای هودنەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ – لە بەغداوە، لە پێشکەشدا (المثقف المتعدد الميادين)م بۆ نووسی.

مەلا مستەفا وەڵامی بۆم نارد کە دەیەوێ بچمە لای ئیشی پێمە. بنگەی لە دوازدە بانووان وەیا سەنگەسەری نوێ بوو. شەوی دواتر چووم، خەڵقەکەی لە خۆی دوور خستەوە و دوو بە دوویی کەوتینە وتووێژ یاخود کەوتە قسە، من گوێگر بووم. گوتی ئەو باری ئێمەی تێداین موحتاجە بە پەیدا کردنی دۆست، وەدەست خستنی ڕەزامەندیی دەوڵەتان... کەسیشم نییە لێی دڵنیا بم چونکە دڵسۆزم هەیە زمان و سیاسەت نازانێ، زانام هەیە کەمتەرخەمە... تەکلیفم لێت ئەوەیە ئەرکی سەفەرێکی ئەورووپا بۆ چاکەی میللەتەکەت قبوڵ بکەیت و چی بە چاکیشی بزانیت وەها بکە و لەگەڵ چ لایەنێکی پەسەندت کرد بدوێ...
من کە چووم بۆ لای نەساغ بووم، پێم گوت دەبینیت نەساغم، سێ ڕۆژ مۆڵەتم بدە وەڵامت دەدەمەوە.

یان سبەینێ بوو یان دوو سبەی لە چوار دۆستی خۆم‹٥٧› گێڕایەوە و تەکلیفەکەم پێگوتن. یەکێکیان پرسی، چ پێویست بوو ئەو تەکلیفە لای کەس بدرکێنیت؟ گوتم، من بە تەما نیم تیجارەت بە

کوردایەتییەوە بکەم فێڵ و فەرەجم نین، دەمەوێ بۆ سبەی ڕۆژ شایەدم هەبێت. ئەو دۆستانە هەرچواریان بە پەسەندییان زانی بچم بۆ دەرەوە. من لە لێکدانەوەی خۆم لەو باوەڕەدا بووم، ئێستاش هەر وەهام، کە مەبەستی یەکەم لەو تەکلیفە ئەوە بوو من دوور بکەومەوە چونکە هەڵوەستی من تەگەرەی دەخستە پێش سیاسەتێکی کە لەو ڕۆژانەدا بە لای سەرۆکایەتییەوە پەسەند بوو، تەگەرەش بەیەک لە سێ شتان چار دەکرێت. یان سیاسەتەکە بگۆڕێ یان تەگەرەکە خۆی - کە من بووم - دوور بخرێتەوە یان لەناو ببردرێت وەیا هەر نەبێ پەک کەوتە بکرێت. هەڵبەت دوورخستنەوەکە سەلامەت ترە مادەم سیاسەت نەگۆڕێ. لە میعاددا چوومەوە لای تێمگەیاند کە ئامادەم بچمە دەرەوە. من لە خۆسازدان بووم خوا بەفرێکی نارد هەرچی ڕێگەی هاموشۆی دەرەوە هەبوو وەها گیرا کە ئەگەر بەفریش وەستابایە تا بیست ڕۆژانیش ڕێگە ناکرێنەوە. لە بێوران بەفر ٥-٦ مەتر باری بوو، سەری شاخەکان هەر مەپرسە.

لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ گەییشتنە یەکی دوو لووتکەی هونەری گۆرانیی عەرەب و ڕۆژهەلات، کەلسووم وعەبدولوەهاب، پێک هات. من لەو ماڵەی قەڵادزە لە ژووری خۆم گوێم لە (انت عمری) گرت، بۆ ماوەی دوو سەعاتی خایاند. هەرچەند دەنگی جارانی کەلسووم تەواوێک دابەزی بوو بەڵام ئاهەنگ و مۆسیقای گۆرانییەکە لەو یەکەم جارەدا کەلێنی دابەزینی دەنگی پڕ کردبۆوە.

لەو زستانەدا تەنەکەی نەوت بە ٢,٥ دینار بوو بەڵام فرۆشیارەکان زەکاوەتی ئەزەلی داکەدزانەیان بەکاردەهێنا بەوەدا کە نیوە نەوت و نیوە ئاو بەیەکەوە بفرۆشن. دەتدیت چرا و لۆکس جارێ لە نیوەیان پتر پڕ نەوتە کەچی دەکوژانەوە چونکە ئەوەی دەمایەوە ئاو بوو. ئەم حیزە فیعلە لە گەلێکی پێشکەوتوودا کە بە بۆرجوازی ناو دەزرێن، وەکوو سویسرە و هۆلەندە، نەک هەر بە ورێنەشیاندا نایەت کەسێکی بیشی کات حەیا و ناموسی دەچێت.

مەلا مستەفا کەوتە کەڵکەڵەی پێک هێنانی لیژنەیەک بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری خۆپاراستن و ماف وەرگرتن. بە دوا هەموو دەسەڵاتدار و ناودارەکانی عەشیرەتانیدا هەنارد لە پژدەر کۆببنەوە. عالەمێکی زۆر ڕووی لە قەڵادزە کرد و بەسەر ماڵاندا دابەش بوون. شێخ لەتیفی حەفید گەییشتە قەڵادزە بەر لەوەی بچێتە قۆناغەکەی خۆی هاتە ماڵی شێخ حەسەن (واتە شێخ حسێن). نیوەڕۆ بەیەکەوە بووین هەتا دمەو عەسر. بەر لە هەڵستانی سەرم لە بنا گوێی نا گوتم لە زاری منەوە بە عەباسی مامەنداغا بڵێ بۆ هەردووکتان شوورەیییە (وشەیەکی قورسترم بەکارهێنا) کوردایەتی بۆ شتێکی دیکە کزبکەنەوە. شێخ لەتیف و عەباساغا کۆمەڵێک پەراگەندەی چەپیان تێئالابوون نەختێک لە ڕەنگی کوردایەتییەکەیانی کەم کردبۆوە بۆ ڕەنگێکی ئاسۆ فرەوانتر لە کوردایەتی. شێخ لەتیف گوتی، فلانەکەس خوا ڕووی (ب...) ڕەش بکات کە بە پاڵەپەستۆ و زۆرەملێ و ناوزڕاندن خستمیە حاڵێک بە ناچاری پێی ڕازی بم. هەر کوردم و هەر بۆ کوردیش دەمرم.

هەر شەوە لە دیوەخانەی ئاغایەک کۆبوونەوە دەبەسترا قسەش لەو لیژنەیە دەکرا کە تەرخان بێت بۆ سەرپەرشتی لێ کردنی بزووتنەوەکە. دیوەخانێکی کۆبوونەوەی تێدا کرابایە بەو شەو و ڕۆژەی سەرکردایەتی و خەڵقی دیکەش تێیدا دەژیان نیوە موفلیس دەبوو. میناغای گردبداغ بۆ بەڕێکردنی نۆرەی خۆی چەند ملکی لە قەڵادزە ڕەهن کرد. دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیش بەردەوام حازردەبوون

لەو کۆبوونەوانەدا<٥٨>.

شەوێک لە دیوەخانەی مەحموودی عەباساغای مەحمووداغای چۆم خرکە کۆبووبووینەوە. مەلا مستەفا چەند کەسێکی سەر بە چەپی لەگەڵدا بوو کە لە بەغداوە پەنایان هێنابوو بۆ کوردستان. ئەوان پێشنیازیان کرد ژمارەی ئەندامانی لیژنە ٢١ کەس بێت. دەرلەحزە زانیم مەبەس لە ژمارەی وەها قەوغا ئەوەیە کە عەشایر بە بەریەوە نییە ژمارەیەکی ئەوتۆ لە تەرخانان هەڵبنێن، بە ناچاری بەشێک لە ئەندامەکان بەر ئەو کەسانە دەکەوێ کە نەماڵیان هەیە و نە وەزیفە و نە هیچ شتێک دەستیان ببەستێت، خۆ ئەگەر هەموو بیستویەکەکە لەوان بێت پەک ناکەوێت. من پێشنیازی نۆ کەسم کرد، لە برادەرانیشم گەیاند مەسەلە چییە و بۆ کوێ ڕادەوەشێنێ.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا جارێ دەنگ دان نەکرابوو مام جەلال لە دواندنی خۆیدا باسی دیمۆکراسیی کرد کە دەبێ شیرازەی بزووتنەوە بێت. چەپێک، کە پێشتر داوای کردبوو کورد چەک دانەنێت هەتا دیمۆکراسی بۆ هەموو عێراق دەسەپێنێ، ئەو چەپە گوتی باری بزووتنەوەمان ئەوە هەڵناگرێ سەرۆکایەتییەکەی بە گەزوگرێی دیمۆکراسی تەسک و تروسک بپێورێ و دەبێ ئازاد بێ لەوەی دەیکات. من گوتم کورد لە بارێکدا نییە بتوانێ قورسایی ئامانجی دیمۆکراسی بۆ هەموو عێراق هەڵبگرێت... گوتم سەیریش لەوەدایە کە ئەو دەنگەی داوای دیمۆکراسی بۆ هەموو عێراق دەکات هەر خۆیەتی نایەوێت بزووتنەوەی کورد دیمۆکرات بێت.

کە دەنگ درا ژمارە ٩ بە ڕاشکاوی بردییەوە. شێخ لەتیف دەنگی نەدا. عەباس کەوتە لای ژمارە ٩. مەلا مستەفا گوتی ٢٢... دواتر هەر لەو دانیشتنەدا ڕووم تێکرد گوتم بۆچی بە لای ئێمەدا نەهاتی؟ گوتی من بە لای کەسدا نەچووم. گوتم ٢٢ برای ٢١ـە دەبوو بفەرمووی ٨.

بڕیارم لەسەر دەربڕینی ڕایەک دابوو لەو کۆبوونەوەیەدا دەری ببڕم. داوای قسەم کرد. عەریفی کۆبوونەوە ڕێی دام گوتم، ڕووشم لە مەلا مستەفا بوو، ئەو خەڵقەی لە هەندەرانەوە هاتوون و ئەوانی دیکەش لەبەر گەلێک تێبینی ناتوانن ڕازی دڵی خۆیان بە ئاشکرا لە نێوان ئەو عالەموڵڵایەدا دەرببڕن. من کە سەراحەت بەکاردەهێنم وێڕای تەبیاتی خۆم نە عەشیرەتم هەیە نە حیزبم بە دواوەیە نە هیچ پێوەندییەک دەستم دەبەستێت، خەڵقەکەی دیکە وەها نین بۆیان دەست نادات دڵی ئەم و ئەو بڕەنجێنن. لەبەر ئەمە وەها پەسەند دەکەم مەلا مستەفا مۆڵەتی دوو سێ ڕۆژ بەو خەڵقە بدات تا ئەوەی بیەوێ بە تەنها یان بە تاقم لەگەڵیدا کۆببنەوە ڕێیان پێ بدات و لەگەڵیان بدوێت و لە تێکڕای قسانیان هەڵوەستێک و ڕەفتارێک بژاردە بکات. من لە قسەم نەبووبوومەوە مەلا مستەفا داوای قسەی کرد. لە دڵدا گوتم یا حافیز...

سەرۆک دەستی کرد بە قسە گوتی، فلانەکەس گوتی خەڵقەکە بە سەراحەت نادوێت یەعنی خەڵقەکە درۆ دەکات منیش دەڵێم هەموومان درۆمان کردووە ئەمما ئەوا من ئێستا چی ڕاستە ئەوە دەڵێم... ئیتر بە سەروپۆتەڕاکی حیزبدا هاتە خوارێ چی ناشرین و ئابڕووتکێن بوو ئەوەی گوت. تاکوو لە بنی کدووی دا و دەریبڕی کە هاتووە هەتا حیزبەکە پاک بکاتەوە (دەبووە نەهێشتن و مراندن). جارێ سەرۆک لە قساندا بوو مام جەلال داوای نۆرە قسەی کرد. نەمدەزانی چ ماوەتەوە لە قامووسی گفتوگۆدا بەرانبەر ئەو قسە

تاڵ و تفتانەدا بگوترێ بەڵام مام جەلال لەو شەوەدا وەها دوا بە عەقڵی کەسدا نەدەهات، ڕەنگە بۆ خۆیشی بەتەما نەبووبێ وەها زیرەکانە و شارەزایانە بدوێت. چەندێکی بمەوێ قسە گێڕانەوەی خۆم لە قسەکانی ئەو نزیک بکەمەوە بێسوودە، بە کورتی و بێئاراییشت دەڵێم باوەشی بە وشە تاڵ و تفتەکاندا گرت و کردی بە هۆی بەزەیی بۆ حیزبێکی کەم تەجرەبەی بێهێز کەوا هەمیشە کات چاوی لە سۆزی باوکی خۆی بێت... خولاسە ئەو جنێوانەی کرد بە پەندی باوکایەتی بۆ ئەولادی خۆی. بەو جۆرە کۆڵەمستەکەی کە بۆ شەویلەی حیزب وەشێندرابوو کەوتە بۆشایی. ئەمە دەڵێم لە سنووری قسەی مەجلیسی و جوابەجێیی، چی لە دالانیشدا هەبوو حیسابی جودایە... کە خەڵقەکە لە کۆتایی‌ی کۆبوونەوەدا هەڵستان، بە تەنیشت مەلا مستەفاوە بەرەو دەرەوە دەڕۆیشتم پێم گوت، بم بوورە ئەگەر تێبینیەکەی من هیچ ئاکامێکی خراپی لێ پەیدا بووبێ. لە وەڵامدا گوتی، هەر ئەوەندە قسەیە کەڵکی پێوە بوو کە تۆ کردنت...

بە هەر حاڵ بڕیار درا سێ ڕۆژان مۆڵەت بێ هەتا ئەگەر کەس دەیەوێ مەلا مستەفا ببینێت لەو ماوەیەدا دیدەنی لێ بکات. ڕەنگە هیچ عەشیرەتێک و تاقمێک نەمابێ کۆبوونەوەی لەگەڵدا نەکات. من بە تەنها لەگەڵی دوام‹٥٩›، قسەیەک لە ناخی دڵمەوە سەری کرد. چووم هەردوو ئەژنۆم بە هەردوو ئەژنۆیەوە نووساند دەستی ڕاستم درێژ کرد و چەنەگەیەم بە نەرمی گرت و گوتم فلان توو ئەو خوایەی بە حەقی دەناسیت... ئیتر چی لە دڵدا دەکوڵا هەڵڕژا... چاوەکانی تەڕ بوون گوتی، بە حەقی ئەو قورئانەی مەلای گەورە لەسەر ڕانی داناوە... ئیتر متمانەی دامێ.

لەو بارودۆخەدا بووین ڕووپەڕەیەکی ڕۆژگار کرایەوە بە خەیاڵدا نەدەهات، لە بەغداوە عەبدوسەلام عارف باوەڕ پێکراوێکی کوردی‹٦٠› نارد بۆ پێوەندی کردن بە چەکدارانەوە بە نیازی نانەوەی ئاشتی... لەپاش هەڵسەنگاندنی ڕاسپاردەکە بڕیار درا لەسەر قبوڵ کردنی، هەر دەبوو وەهاش بێ، چونکە کەس نییە ئەوەندە شێت بێ، پێشنیازی ئەوتۆیی ڕەت بکاتەوە، گۆیا چی چاکتر هەبوو بکرێ؟

وەفدی حکومەت بریتی بوو لە موتەسەڕڕیفی سلێمانی و عەمیدێکی جەیش، هەندێک ناڕەزا بوون لە وەفدەکە کە گۆیا وەفدێکی کزە ناگاتە «مستوى الاحداث». مەلا مستەفا، گوتی، پۆلیسێکیش (ڕەنگە وشەیەکی غەیری پۆلیسی بەکار هێنابێت) بێت قبوڵمە خۆ من نەچووم دەرگەیان لێ بدەم، ئەوان ماندوو دەبن کێیان دێت با بێت.

ئاڵقەی پازدەیەم

لە کانوونی دووەمی ١٩٦٤ دەست بە گفتوگۆ کرا لەگەڵ وەفدی حکومەت، بەڵام یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنەکەم لەبیر نەماوە، لە ڕانیە کۆدەبووینەوە. هەرچی ڕەوتێکی سیاسی وەیا دەسەڵات وەیا لێ هاتوویی پێوە بوو لە کوردانی ئەو دەوروبەرە دەهاتە کۆبوونەوەکان بەڵام ئەوانی بۆ وتووێژی پێکهێنانی لیژنەی سەرپەرشتی کردن، لە دوورەوە هاتبوون بۆ شوێنی خۆیان گەڕابوونەوە. ئەو دوو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی بەردەوام بوون لە هاتوباتی وتووێژی ڕەسمی. ڕاستییەکەی لە لایەن خۆمانەوە چەند کەسێک قسەی دەکرد ئەوی دیکە گوێگر بوون. پێی ناوێ بڵێم ڕەنگە خوێنەر لە خۆوە بزانێ بە هەموو دڵ حەزم دەکرد موفاوەزات سەر بگرێت. چەندین جار لە چەند ڕۆژی جودادا وەفد دەهاتە ڕانیە و هەتا نانی نیوەڕۆ و دوای ئەویش لە قسەدا دەبووین. ناوناوە دڵگەرمی دەگەییشتە ڕادەیەک دەتگوت ئێستە مووی معاویە دەپسێت، دوو جار سێ جاریش وەهابوو موتەسەڕریفی سلێمانی کە من بە زۆری لە تەنیشتییەوە دادەنیشتم خەریک بوو هەڵستێت و بە نا ئومێدی بچێتەوە بۆ ماڵی خۆی، من دامدەنیشاندەوە، نازانم ئەگەر وەهام نەکردایە کەسی دیکەی کە پایەیان لە دەسەڵاتی چەکداری هەبوو بە خۆیان ڕەوا دەدیت یاخود شەرمیان نەدەکرد لەوەی بە عوزر هێنانەوە موتەسەڕریف دانیشێنێتەوە؟ ئەمە دەڵێم چونکە مەلا مستەفا لە هیچ جارێکدا بە دەنگ نەهات بۆ تەسکینی موتەسەڕریف، دڵگەرمییەکەش بە زۆری لە قسەی مەرحوم نووری شاوەیسەوە<٦١> پەیدا دەبوو دیارە ئەویش ڕێ بە خۆی نادات پاشگەز بێتەوە، ئیتر کەسی دیکە بە حەقی خۆی نەدەزانی لە حزوور ئەو دوو لایەنە خۆ لە قسان هەڵقوتێنێ...

بۆم دەرکەوت موتەسەڕریفی سولێمانی، عەمید سەیید عەبدورڕەزاق سەیید مەحموود، بە دڵ و بێفێڵ بۆ ئاشتی دەکۆشا. لە ساڵی ١٩٦٥ کە حکومەت کەوتەوە سەر هەناردنی هێز بۆ کوردستان ئەو پیاوە ئیستیقالەی دا لە موتەسەڕریفایەتی... ئەو دەمە من وەزیر بووم بەرهەڵستیم کرد لە قبوڵ کردنی ئیستیقالەکەی، وەزیری داخلیە گوتی ئەگەر وەهابێ من ئیستیقالە دەدەم. ئەو وەزیرەش ناسری بوو، کە ئیستیقالەی دابایە دەبوو هەموو ناسرییەکان لێ دەرچن.

ڕۆژی دەی شوباتی ١٩٦٤ نزیک نیوەڕۆ لێک ڕازی بوون پێک هات. مەلا مستەفا گوتی بڕۆن هەمووتان کۆببنەوە و بەیاننامەیەک بنووسن بە ئارەزۆی خۆتان و بە پێی بەرژەوەندێکی ڕەچاوی دەکەن، من ئیمزای دەکەم. لە هۆڵێکی گەورە هەرچی براگەورە و قسەزان و زاپتی پەنابەر هەبوون بۆ ماوەیەکی پێویست لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن. من بەیاننامەکەم نووسی، لەگەڵ مام جەلال بردمانەوە بۆ لای مەلا مستەفا و پێمان گوت ئیمزای بکە. دەقی بەیانەکەم لا نییە بینووسمەوە بۆ خوێنەر، بەڵام لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژە ڕەش بوو لە لایەن نەداری و بێدەسەڵاتییەوە شتێک بوو تێکڕای خاوەن ڕایان پەسەندیان کردبوو، هیچیشی تێدا نەبوو یەک دانە پۆلکەی ڕزیو لەکیس کورد بدات. موتەسەڕریف وەها گەشایەوە دەرحاڵ بەیانەکەی لەگەڵ خۆی برد و بەو ڕێگەی قوڕاوی ئەوسا لەو وەختە مەیلەو درەنگەدا ملی لێ نا بۆ بەغدا، هەمان شەو لە ڕادیۆی بەغدا خوێندرایەوە. لە خەڵقم دەبیستەوە چ خۆشییەکی خستبوە وڵات.

پاش ئیمزا کردنی بەیانەکە هاتوچۆی موتەسەڕریف نەپسایەوە بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستێکی

هەبێ. خەڵقی دیکەش دەهاتن بۆ ڕانیە، لەوانە، وەفدێکی (صحفي) بوو هی قاهیرەشیان تێدا بوو لە ناویاندا (جلال كشك) نووسەرێکی (روزاليوسف) بوو کە چۆوە قاهیرە مەقالێکی ڕێکوپێکی لەسەر ئەو سەفەرەی خۆی و وەزعی کورد و کەسانی کە دیبوونی نووسی بوو، نەختێکیش باسی منی تێدا بوو.

لە مارتی ١٩٦٤ خدری حاجی ڕەسواغای پژدەر گیانی سپارد. تازیەی لە دێی گەرمکانی بناری ئاسۆس بە دیوی پژدەردا بوو. من لە شوێنێکی نزیک بەو دێیە بە کەڵەک لە زێ پەڕیمەوە، یەکەم جار بوو سواری کەڵەک ببم کە بریتیە لە دارەڕییەکی شاش بەسەر چەند کوندەیەکی فوودراوەوە، وەختە بڵێم کەلێنی نێوان ڕایەڵی دارەکان پتر بوون لە دارەکان خۆیان. دەتتوانی لەو کەلێنانەوە بە گۆلم ئاو بخۆیتەوە، ئنجا من مەلەش نازانم. دەترسام، بەڵام نەمدەهێشت ترسم پێوە دیار بێت. لەو تازیەیە بووم دیتم لە دوورەوە، لای سەنگەسەری نوێ کۆپتەرێک نیشتەوە دوای ڕۆژێک بیستم ڕۆژنامەچیی تێدا بوون، نوێنەرێکی حیزب گوتبووی بەیانەکەی دەی شوبات هەموو شتێک نییە، بەند هەیە نهێنی لەوێدا نەنووسراوە. حکومەتی بەغدا زۆری پێ ناخۆش بوو، ڕۆژێک دوانی دیکە چوومە سەنگەسەر، ئەم مەسەلەیە قسەی لێوەکرا. وەها پەسەند دیترا بەدرۆخستنەوەیەک لە زاری مەلا مستەفاوە بڵاوبکرێتەوە. من دەقەکەیم نووسی بەجۆرێک حکومەتی ڕازی کرد، ئەمە جێی ئەوەشی تێدا بۆوە، ئەگەر بەندی نهێنی هەبووبێت بەدرۆخستنەوەکە ڕەشی نەکردبێتەوە. نووسی بووم هەموو بەیانێکی ئەوتۆیی بە ناچاری هێندێ تەفسیلاتی دەبێت کە لزووم نەدیترێ بە بڵاوکردنەوەی بێ ئەوەی پێی بگوترێ بەندی نهێنی... دوای یەک دوو مانگ کە هاتمە بەغدا قەرەنی دۆغرەمەچی گوتی حکومەت بەو تەکزیبە زۆر کەیفی هاتبوو کەچی نە تەکزیب بوو نە هیچ...

پەڕاگەندەی شارەکان بە تایبەتی کۆییەکان ڕوویان کردەوە کۆیێ، ماڵی منیش لە مانگی نیسان گەڕایەوە کۆیێ، من ناوناوە سەفەری دیوی ڕانیەم دەکرد، کارێکی زۆرم بە ملەوە بوو، بە تایبەتی هی ئەو موەزەفانەی فەسڵ کرابوون. بۆ گەلێک سەروبەری ئەو بەیانە دەبوو هاتوچۆی بەغدا بکەم، چەند جاری چووشبام خەبەرسازان و خاوەن نیازان لە دەرەوە و ناوەوە پێوەندییان پێم دەکرد، تا ئەوەی هەندێ جار بە شەو لە جێگەی وەها دیدەنیم دەکردن نە خاوەن ماڵم دەناسی نە سەرەدەریم لە گەڕەکەکەی دەکرد، بەڵام هەرچی گوترابێت و پێشنیاز کرابێت لەو دیدەنییانەدا بایی موویەک منی نەبرد بە لای تێک دانەوەی ئەو ئاشت بوونەوەیە، ئەم جیهانەی سیاسەت زۆر چڵکنە، گەلێک چڵکنترە لەوەی بە خەیاڵتدا دێت ڕێگای چڵکنەکەشی چەشەی وەها لە مجێزی تێدایە کورم دەوێ خۆگیری لێ بکات.

بە پێی پێویست ناوناوە سەردانم لە سەرۆک وەزیران فەریق تاهیر یەحیا دەکرد، بۆ لای وەزیری داخلیە (حاكم عسكرى عام) ڕەشید موسڵحیش ڕێگای هاتوچۆم کرایەوە بوو. من لە تەبیاتمدا نییە بە ناچاری نەبێ خۆم لە کاربەدەستی حکومەتی نزیک بکەمەوە. جارێکیان لە وتووێژدا گوماناوی بووم سەرەک وەزیران گوتی، باوەڕت پێم نییە؟ گوتم، (أنا أثق في طاهر يحيى ولكن لا أثق في رئيس الوزراء)، چونکە وەک لە شتی عاید بە خۆی دەتوانێ دروست بێت ناتوانێ لە شتێک کە لە زۆر لاوە تاوی بۆ دێت ئەو دروستە بێت. بێگومان تاهیر یەحیا ژیرتر بوو لە عەبدوسەلام پتریش متمانەی پێدەکرا. ناشیەتە بیرم لەو هاتوچۆیانەمدا سەرم لە عەبدوسەلام دابێت.

نێوانی مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفا بەرەو لێڵتر بوون دەبۆوە جارێ موویان نەپساندبوو هەوڵێک درا‹٦٢› بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی نێوانیان بە ناوبژی کردن لە لایەن کۆمەڵێک لە کوردە پەرۆشدارەکان و خاترویستراوەکانی بەغداوە. من لەبەر مەشغەڵەتی کە پێم سپێردرابوو نەمتوانی بە کۆبوونەوەی یەکەمیان ڕابگەم کە لە ڕانیە لەگەڵ مەلا مستەفایان کردبوو.

ڕۆژی دووەم کە گەییشتمە ژووری لێ کۆبوونەوەیان و سەلامم کرد، ڕەشید عارف، لە جیاتی وەڵامم، گوتی هەموو شتێکمان تەواو کردووە هاتنی تۆی پێ نەدەویست. گوتم خەبەری خۆشتر پەیدا نابێ لەوەی ڕزگارم بکا لە دەردی سەری چەقەچەقی موناقەشە. نووسراوێکی ئیمزاکراو لە لایەن مەلا مستەفاوەیان دامێ کە ڕێکخرابوو بە ناوی داخوازییەکانی کورد لە حکومەتی عێراق. کە خوێندمەوە دیتم هەڕەشەی قورسی تێدایە دەتگوت هی شەڕ پێ فرۆشتنە گوتم هیچ بەرهەڵستیم نییە لەو شێوازە توندە بە مەرجێک کە بزانین ئەمە ئەرزوحاڵی محامی نییە تا ئەگەر حاکم ڕەفزی کرد هیچی خراپی لێ ڕوو نەدا ئەمە داخوازیی میللەتێکە لە ڕێگای مەلا مستەفاوە بۆ حکومەتێک ئنجا دەبێ لە حاڵی ڕەت کردنەوەیدا دەست بکرێتەوە بە شەڕ... تێکڕایان قسەکەمیان پەسەند کرد.

بایی ئەوەی لە ڕەفزکردندا شەڕ پەیدا نەکات شێوازی نووسینەکەمان گۆڕی... سوبحانەڵلا لە پێنج دەقیقەدا دەرکەوت هاتنەکەم بێلزووم نەبوو. سەعاتێکیشی نەبرد تێگەییشتم ڕەشید عارف بۆچی وەها بە ڕەهایی و دڵنیایی گوتی هەموو شتێک تەواوبووە. تومەز توانیبووی بەهانە بدۆزێتەوە بۆ پێویستی بەرژەوەندێکی کورد بەو دوو نامە لە مەلا مستەفاوە یەکێکیان بۆ سەرۆک کۆمار ئەوی دیکەش بۆ سەرەک وەزیران خۆیشی کاغەزەکانی وەرگرتبوو هەتا باشتر و مسۆگەرتر بیانگەیەنێتە جێگەی مەبەست. دواتر کە خەڵقەکە گەڕانەوە بەغدا منیش بۆ ئیشێک چووم، دیتم ڕەشید بەدەست ئەو دوو کاغەزەوە گیری خواردووە. گوتی چەندی تەلەفۆن دەکەم بۆ قەسری جمهوری و جێگەی سەرەک وەزیران کە کاغەزی ئەوتۆییم پێیە دەبێ خۆم بەدەستییان بگەیەنم کەس گوێم ناداتێ... یەک دوو ڕۆژی دیکە گوتی، باوکیان وەها وەها لێ بکەم بە پۆستە کاغەزەکانم هەنارد. پێم گوت فلان تۆ کە هێندەت مەبەست بوو بگەیتە ئەو شوێنانە دەمتوانی من یاریدەت بدەم چونکە هەر کاتێک بمەوێ دەتوانم بیان گەمێ... سبەینە لە سەردانی فەریق تاهیر یەحیا پێم گوت حەز دەکەم لە دەرفەتدا مجامەلەیەکی فلانەکەس بکەیت‹٦٣›... دوو ڕۆژی نەبرد ئەو مجامەلەیەی لەگەڵدا کرد.

گرووپی کوردەکانی بەغدا تەکلیفیان لە مەلا مستەفا ئەوە بوو کەوا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی ئاشت ببێتەوە. لە پاش گەلێک وتووێژی پەندامێز قسەی خەڵقەکەی هەڵگرتەوە بەڵام گوتی، «پسندیدم گرچە مصلحت ندیدم»، واتە سەلماندم هەرچەند بە مەسڵەحەتیشی نازانم. لەم بارە هەستیارەدا نەشرەیەکی شکڵ بەیانی سیاسی‹٦٤› لە مەکتەبی سیاسییەوە دەرچوو بریتی بوو لە دەوری ١٥-١٦ ڕووپەڕەی پڕ لە ڕەخنەی هەرە هەرە برندە دەربارەی ڕێککەوتنەکەی دەی شوبات عەرەبیەکەی لە ژێر سەرناوی (أسلم یاخود أصلح أم إستسلام)دا بوو هەرچی حەق و ناحەقە لە توانجی تفت و تاڵ و ژاڵ بەو ڕێککەوتنەوە گوترا بوو.

کاتێک موفاوەزات بوو، بە دوا ئەویش بەیان بڵاوبۆوە ئیبراهیم ئەحمەد لە دەرەوەی عێراق بوو. کە

هاتەوە ئەو بەیانە دەرچوو بەو هەموو هێرشە لەحەد بەدەرەوە. ئەوسا مەکتەبی سیاسی کە هەموو ئەندامانی بە قوتابی ئیبراهیم ئەحمەد - وابزانم سکرتێری حیزبیش بوو- حیساب دەکران بەبەریەوە نەبوو خۆی بەرانبەر بیروڕا و خوایشتی ڕابەری ڕوحیی خۆی ڕابگرێت. بەیان کە ئیمزا کرا لە لایەن مەلا مستەفاوە بەقسەی نوێنەری حیزب ئیمزا کرا... بەڵام مەنتیق کەڕ و لاڵە ناتوانێ لەگەڵ خوازی نەفسی ئادەمی هیچ بکات، خوازیش لەوانەیە سەرکێشی بێت و لەوانەیشە تەسلیم بوون بێت...

خەڵقەکەی لە ڕانیە بە لای خۆیانەوە سەرکەوتوو بوون لەو ئامانجەی بۆی هاتبوون کەوتبوونە سەر خۆکۆکردنەوە بۆ گەڕانەوە بەغدا دەتگوت کەس ناپەرژێ خۆ لە مەدلوولی ئەو هێرشە کوشندەیەی مەکتەبی سیاسی بگەیەنێت. ڕاستییەکەی بێ ئەوەی ورتە لە کەسەوە بێت سرِی و گێژییەک خەڵقی تەنیبۆوە.

لە کۆتاییی مایس وەیا نەختێک زووتر، سەرەک وەزیران سەردانێکی مەلا مستەفا و هاوڕێکانی کرد لە دوکان. بەیەک گەییشتنی هەر دوو لایەن زۆر بە گەشی و خۆشی چووە سەر تا ئەوەی لە تەکلیفدا شەوێکیش لایان مایەوە بە مێوانی لە ڕانیە. ئەو بەینە هەتا بەرچایی سبەینەش تەواو دەبێ خیلاف لە نێوانیاندا نامێنێ و لەسەر هەموو شتێکی باس کرابێت پێک دێن. من لەوێ نەبووم بەڵام بۆیان گێڕامەوە کەوا بەر لە هەڵستانی سەرەک وەزیران بۆ گەڕانەوەی بەرەو بەغدا یەکێک - وەک پێم گوترا ئەو ئەندامە بووە کە بەیانەکەی «إستسلام» ی نووسیبوو - گرفتێک قسە لێ دەکات، بوو بەهۆی هەڵوەشانی ڕیسی ئەو یەک دوو ڕۆژە.

من چیم گوێ لێ بووە ئەوە دەگێڕمەوە، لە زۆر کەسیشم بیستووە، تەنانەت دوای ئەو یەکتر دیتنە لە دوکان و ڕانیە کە سەردانی فەریق تاهیر یەحیام کرد لە بەغدا ئەویش هەمان شتی گوت. بە دەست خۆم نەبوو لە شێوەی گلەیی بە تاهیر یەحیام گوت، کێ زەرەری دەکرد ئەگەر خەبەر بە من درابایە لەو یەکتر دیتنەدا بەشدار بم؟ ئەمە دەڵێم چونکی بە ڕاشکاوی و دڵنیایی و لە خۆ ئەمین بوونەوە لەوانە بووم بێپەروا لەسەر بەیانی دەی شوبات و هەر ڕێککەوتنێکی بە دوایدا هاتبێت بکەمەوە چونکە لە گۆشەنیگای کەسێکی سەربەخۆی وەکوو منەوە ڕێککەوتن بە ڕوونی و بێپەردە دەدیترا نەک لە پشت چاویلکەی سیاسەتی حیزبی و هەق و حسێبی پەنامەکییەوە.

بە هەمەحاڵ کەسانێکی لەو یەکتر دیتنەدا مافی بیروڕا دەربڕینیان بەکار نەهێنا لەبەر هۆی هەمەچەشنە هەر خۆیان بوون لە وتووێژەکانی گشتیی قەڵادزەش لەبەر هەمان هۆی هەمەچەشنە لەسەر بەرژەوەندی خۆشیان بە دەنگ نەدەهاتن. هەڵبەت من وەکوو ئەوان نەدەبووم. من هەر نەبێ لە سێ نوختەی گرنگەوە تەجرەبەی جودام هەبوو لەچاو ئەو خەڵقە، نوختەی یەکەم ئەوە بوو، من لە نیابەتدا ڕووبەڕووی دەوڵەت دوواوم. نوختەی دووەم ئەوەبوو لە تەمووزی ١٩٦٠ بیروڕای گرنگم بڵاو کردەوە بە ڕەخنە لە سیاسەتی حیزب. نوختەی سێیەم ئەوە بوو کە من ئەو زەرەرە قورسە ناکەم لە دەربڕینی بیروباوەڕ وەک کە خاوەن بەرژەوەندی زل دەیکات. زەرەری من تەنها لەوەدا بوو کە قازانج ناکەم...

هەرچۆنێک بێت من ئێستا کە دێم ئەم کۆنە خەرمانە دەکوتمەوە مەبەستم نییە کەس زەدە بکەم،

شتێکە پێوەندی هەیە بە گەشتی ئەو ڕۆژگارەمەوە ناشێ خۆمی لێ خامۆش بکەم، هەلێکیش بوو لە دەست چوو وەک زۆر هەلی دیکە کە یەکێک لەوان هەر ئێستا دەیگەمێ.

سێ مانگێک بوو ئاشتینامەی شوباتی ١٩٦٤ ئیمزا کرابوو، لە سەفەرێکی بەغدامدا کاتێک بە کتێبخانەاندا دەگەڕام بۆ پەیداکردنی نوسخەیەکی کتێبی «هەڵستان و کەوتنی ڕایخی سێیەم» هەتا بیکەمە دیاری بۆ «سەلیم فەخری» کە ئەوسا لە قەڵادزە و ڕانیە بەسەری دەبرد، لەیەکێک لەو کتێبخانانەدا کابرایەکی شکڵ بێگانە، بە نامەی تەماشاکردنی کتێبان هاتە تەنیشتمەوە، بێ ئەوەی ڕووم تێبکات، بە ئینگلیزییەکی شکستە دەنگی هەڵبڕی بایی ئەوەی هەر من بیبیسم گوتی، لایەنێک هەیە دەیەوێ لە بابەت مەسەلەی کوردەوە بتدوێنێ، ئەگەر ئامادەبیت بە دواتدا دەنێرێت... گوتم ئامادەم.

بە شەو منیان بردە شوێنێک و ماڵێک کە نەمدەزانی کوێیە. بابایەک بە ئینگلیزییەکی ڕەسەن قسەی دەکرد، گوتی من نوێنەری هێزێکی زلم و ئاگاداری پەناوپەسێوی سیاسەت هەم. حکومەتی عەبدوسەلام هیچ مافێک بۆ کورد ناسەلمێنێ، ئەگەر ئەو بڕوات حکومەتێک دێت لەگەڵ کورد ڕێک دەکەوێت، ئێوەش دەتوانن لە ڕێی شەڕەوە بێهێزی بکەن. هەرچی یارمەتییەکی بتانەوێ لە چەک و پارە و بژێو بێحیساب بۆتان دێت.

بۆ من پێشنیازەکە هێند کوتوپڕ بوو، ئەرکی زۆر و تەمای گەورەشی تێدا بوو، هەڵوەستێکی پێ کردم هەتا ئەم پرسیارە خۆی ڕەپێش کرد، لێم پرسی، ئێوە وەیا ئەو هێزەی تۆ وەکیلیانی چ سوود دەبینن لەو مەسرەفە قورسەی بە ملەوەی دەگرن؟ گوتم پێشنیازەکە بۆ ئێوە does not seem like business واتە لە مامڵەتی سوودبەخش ناچێت. گوتی، بۆ ئێمە دامەزرانی کورد ئاسایش و هێمنی پێوەیە سوودی لێ دەبینین. وەلامەکەی متمانە بەخش بوو، ڕەنگە زووتر خەیاڵی لێ کردبێتەوە. گوتم دەمەوێ بزانم، بە وردی یارمەتییەکە چەندە؟! گوتی بێسنوورە.

من کابرایەکی حوقەباز و دنیادۆست نیم مەبەستم خۆ تەسەل کردن بێت و بەس چونکە ئەگەر ئەمەم مەبەست بوایە هەلی باشم بۆ ڕێککەوتبوو بەر لە شۆڕشی تەمووز و لە دەورانی عەبدولکەریمیشدا خورجینەم پڕ بکەم. لەم حاڵەتەدا جگە لەوەی کە من هاندەری سوودی شەخسی پاڵی پێوە نەدەنام چارەنووسی ئەو ڕەش و ڕووتەی لە هاتنەوەی شەڕدا ماڵ کاول دەبن، ئا ئەویش لغاوێکی قورس بوو دەخرایە زاری هەر تەمایەکی بیژۆکی کە وەکوو وەسوەسەی شەیتان لە گوێی حەز و مجێزی نەفسی خوازۆکی بچرپاندبایە.

پێی ناوێ بێلزووم بەرگی دەروێشایەتی لەبەر ئەوسای خۆم بکەم و بڵێم دڵم لێی نەدا بۆ گەشەگەشەی تێکەڵ بوون بە کاروباری گرنگەوە کە دەوڵەتانی تێدا لایەن بن، چونکە ڕاست نییە، بەلام بێ دوودڵی و بێ گومان لە خۆکردن و بێ خۆگنخاندن، ئامادە بووم خەزێنەی قاروون ڕەت بکەمەوە بەرانبەر بەشداری کردن لە نانەوەی هەرایەک سوودی میللەتی تێدا مسۆگەر نەبێ. من چ باوەڕم نەبوو بە عەبدوسەلام کە لە پیاوچاکیی خۆیەوە و لە عیشقی چاوی کاڵی کوردەوە دەستی بۆ ئاشتی درێژ کرد وەیا بە تەمایە دان بنێ بە کورد و مافی کورد بەلام دڵم نەیدەهێنا من یارمەتیی گەڕانەوەی شەڕ بدەم بێ ئەوەی توانیبێتم کوتەکی لەسەر خۆکردنەوە بخەمە ناو دەستی کوردەوە وەیا چ ئومێدم هەبێت بە پاداشتێک کورد پێی

بگات لە بری ئەو کارەساتەی بەسەری دێت.

بەڵێ، دەزانم و دەشم زانی بە خۆگێڕانەوەم لە یاریدەدانی گەڕانەوەی شەڕ دنیا بۆ کورد تەبا و ڕەبا نابێ و ئەو لایەنەی یەخەی منی گرت واز لە نیازی خۆی ناهێنێ و هەموو کابرایەکیش وەکوو من نییە چارەنووسی میللەتی بێ پەنا و دەرەتان پێش هەموو حیسابێک بیەخێتەوە، بەڵام خۆ دەمتوانی من نەبمە پۆستەچی ئاگربازی و پەندیاری کوشتار و سووتار. هەر بۆیەش بوو بە بەڵێنی بێسنوور کەوا ڕەنگە دەریایەک بێت و ڕەنگیشە کاسەیەک پڕ نەکات دڵم تێراو نەدەبوو. لەو دەمەدا کە مێشک و دڵم لە ئاست ئەو بەڵێنە بێسنوورەی کابرا تێکیان دەهاویشت تەنها یەک ڕێگەی قسانم هاتە بەر هەست کە پێیدا بڕۆم و زەرەری لێ چاوەڕوان نەکرێت، گوتم، چەند کاتت پێویستە بۆ ئەوەی پرس بەو لایەنە بکەیت کە خۆت نوێنەری ئەویت لە بارەی ڕاستینەی یارمەتییەکی بە کوردی دەدەن، من هەتا وەڵامت بۆ دێتەوە لە ئاست ئەو پرسیارەدا بەغدا بەجێ ناهێڵم. کە ئەمەم دەربڕی کابرا بێوەخران، یەکسەر گوتی ignore every thing واتە، چی گوتوومە لەبیر خۆتی ببەرەوە.

ئاوێک بە ئاگردا کرا و کوژایەوە. یەک وشەی دیکەی لە زار دەرنەچوو بە لای شەڕ و ئاشتی و کورد و حکومەتدا بچێتەوە. لەوەش بەولاوە ببڕای ببڕای جارێکی دیکە کەس لە بەرەی ئەو هێزە زلەوە سەری لێ خوار نەکردمەوە. دوای پشوویەکی کورت دانیشتنمان کۆتایی هات بە دەست گوشینێکی ساردوسڕ.

لەم تەجرەبەمەوە دوو شتی بنەڕەتیم لێ ڕوون بۆوە، یەکیان ئەوەیە لایەنی وەها بەهێز لە باری وەهادا بەڵێنێک نادات بۆ هەڵخەڵەتاندنی کاتەکی، چی بیڵێ بە تەمایە تێیدا ڕاستگۆ بێ، دەنا کابرا دەیتوانی دوای چەند ڕۆژێک لیستەیەکی ساختەم بداتێ کە جێی ڕەزامەندی گومانکارێکی وەکوو من بێت و پێشەکیش یەک دوو لوقمەی چەور بهاوێتە سەرخوانەوە هەر کاتێکیش تێوە گلاینەوە و دەستمان لە پنچکان بڕا ئەو داناشە بخاتە نێوان بەرداشی شەڕەوە کە خۆی بەچاکی دەزانێت بۆ سوودی خۆی. دووەمیان ئەوەیە، کە لە بەرنامەی لایەنی بەهێزی ئەوتۆدا نییە خۆی بردەباری بەڵێنێک بکات لە ئاست بێدەسەڵاتی وەکوو کورد کە بە عادەت لە ئاست دەوڵەتێکدا دەیکات، ڕەنگە دەوڵەتی بێدەسەڵاتیش لە تەرازووی ئەودا فەرقی هەبێت لەگەڵ هی مەیلەو بەدەسەڵات. لەمەوە دەتوانم بڵێم چ کوردێک لە باری وەک ئەو بارەی منی تێدا بووم هێندەی ڕووەت و گرنگی بە خۆیەوە نەدیتووە توانیبێتی بەرانبەرەکەی ناچار بکات نوختە لەسەر پیت دابنێت. هەر ڕێکەوتنێکی ئەوتۆیی لەگەڵ دەسەڵاتداریی بێگانەدا بووبێت لە شێوەی سەلماندن و مل نانی بێ پەیمان و پرسینەوە بووە. ئەم دیدەنییە بێئەنجام و تام ناخۆشە ناچارم دەکات باز بهاوێژم بە قەڵەمم بۆ ساڵی ١٩٦٥ کە بە باوەڕی من لەو ساڵەدا شتێک ڕووی دا بەرهەمی هەوڵی ئەو هێزە بوو کە بێسوود و ئەنجام بوو لەگەڵ مندا.

لە دەمی ئاشتیدا بووین، جارێکیان لە نزیک دەربەندی بازیان قافڵەی جەیش لێی درا بێ ئەوەی هۆیەکی بەرچاو هەبێت. من چوومە سەفەرێکی لای ڕانیە. لە دانیشتنێکی دوو قۆڵی، مەلا مستەفا گوتی، کە چوویتەوە بەغدا سەرۆک کۆمار عەبدوسەلام دەبینیت لە زاری منەوە پێی بڵێ فلان سەلامی هەیە و دەڵێ ئەوانەی لە قافڵەی جەیشیان دا خائینی میللەتی کوردن... ئەگەر بمزانیبایە سوودی دەبێت هەمووم دەگرتن و دەمناردن بۆی هەتا لە (باب الشرقي) بە سێدارەیانەوە بکات. بەڵام نە ئەوان بەڵکوو خۆیشم بە

پەتەوە بکرێم فەرقێک ناکات چونکە لایەنی لەو گەورەتر ئەمری بەسەرەوەیە کە دەبێ شەڕ لەگەڵ کوردان دەست پێ بکاتەوە ئنجا هەر ئەوە لە بۆ من دەمێنێتەوە کە بگوترێ پێشمەرگەی کوردی بە کوشتن دا. ئەم هەرایەش کە بەرپا دەبێتەوە لە ئاکامدا خۆی، واتە عەبدوسەلام، تێدەچێت.

کە گەڕامەوە بەغدا دەبوو هەر بچم بۆ قەسری جمهوری چونکە لەو سەفەرەمدا وەزارەت هەڵوەشابۆوە و پێک هاتبۆوە منی تێدا مابوومەوە، دەبوو بچم سوێند بخۆم لای سەرۆک کۆمار کە ئەوسا ناساغ کەوتبوو لە چەند ڕۆژێکیشدا، وەک لەبیرمە، ئالووی دەرهێنا، کە چوومە لای لە نوێندا بوو. دوای سوێند پێم گوت ڕاسپاردەی قسەم هەیە دەبێ پێی بگەیەنم، چەندێکی لە توانامدا بوو دڕی و تیژایی قسەکانم لە مەخمەل و ئاوریشمی تەعبیری نەرم و نۆڵدا سەرپۆش کرد بێ ئەوەی هیچ شتێک لە مەبەستەکە بشارمەوە. چەند ترووکە و چرکەیەک، ڕوو لە سەقف، ڕاما ئنجا گوتی، (دمايات العالم برقبة هذا الظالم).

تۆ سەیری! وەڵامی سەرۆک کۆمارێک لە بەرانبەر قسەی وەها ترسناک و ئاکام بەخش ئەو دوو وشە ساردوسڕە بێت کە بە عادەت خەڵق بە دەوری یاری دامە و تاوڵەیەوە دەڵێ، ئەو بەشەی قسەکان کە گەڕانەوەی شەڕی دەگەیاند بە تەواوی هاتە جێ. تێچوونی عەبدوسەلامیش هەر گەییشتە جێ ئەگەر چی دەشێ کاری ڕێککەوت بێت.

نێوانی مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی ڕۆژ لە ڕۆژ دژوارتر دەبوو تا ئەوەی گەییشتە پلەیەک جارەک لە جارانی یەکتر دیتنم لەگەڵ مەلا مستەفا ڕووی لێ نام کە بە پاڵ پشتی ئەو قبوڵ بکەم ببمە سکرتێری حیزب. بە کورتی حەق و حسێبەکە دەگێڕمەوە، پێم گوت نە من دەبمە داود سائغ (کەوا عەبدولکەریم لە جێگەی حیزبی شیوعیی مێژوویی عێراقی چاند) نە داود سائغ بەکەڵکی تۆ دێت... یەکێک لە ئەندامانی حیزب یاریدە بدە بۆ سکرتێرایەتی نەک لە لاوە شەتڵ بهێنی و تێچێنی بکەی. حیزب ئەو حیزبەیە لەسەر ڕەگی خۆی هەڵستابێت... زۆر قسەی دیکەش هەن پێویست بە گوتنەوەیان نییە. وەک بۆم دەرکەوت و لە زۆر کەسیشم دەبیستەوە، گەلێک کەس بە قسە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بوون و دنەیان دەدا بۆ بەرهەڵستی کردن لە مەلا مستەفا هەتا ڕادەی بەگژدا چوونەوە، بەڵام لە کردەوەدا هەڵوەستیان جۆرێکی دیکە بوو.

لە سەرووبەری ئەم تێکچوونەی نێوان دوو لایەنی بەهێزی بزووتنەوەدا دوو خاڵ هەیە پێویست دەکات بیاننووسم. خاڵی یەکەم ئەوەیە کە من لە وتوویژ دەربارەی چەندوچۆنی کەسان و شتان، لەگەڵ مەلا مستەفا پرسێکم کرد لەوەدا ئایا ئەندامە چالاکەکەی کە بەیەکەوە من و ئەو بەیاننامەی دەی شوباتمان دایێ ئیمزای بکات، ئایا تا چەند بە دوا خوایشتی سەرۆکایەتیدا دێت؟ گوتی، ئەگەر داوا بکەم هەتا بەغدا بە تەقڵە دەڕوات – ئەمە دەقی قسەکەیەتی – من بە دەنگ نەهاتم...

خاڵی دووەم ئەوەیە کە من لە ساڵی (وابزانم – سەرەتاکانی) ١٩٨٧ بیستم ئەو ئەندامە لە لایەن مەلا مستەفاوە لێی داواکرابوو لە هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (یان زاراوەیەکی دیکەیە من نایزانم) خۆ پاڵاوتە بکات بۆ سکرتێرایەتی... ئەویش بە برادەرانی ڕاگەیاندبوو کە ئەو تەکلیفەی لێ کراوە و بە چاکی دەزانێ قبوڵ بکرێت و بۆ ماوەیەک هەتا گرێ و گاڵ دەڕەوێتەوە سکرتێری حیزب کنارەگیر

بێت، دوای بەینێک دەشێ بێتەوە کایە. بەڵام لێی نەسەلمێندرابوو. هەرچەند لەبەر هاتوچۆی بەردەوام بۆ بەغدا هەموو وردودرشتی کەین و بەینی کوردەواریم نەدەزانی بەڵام لەوە ئاگادار بووم کەوا ڕۆژ لە دوا ڕۆژ نێوانی مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفا ناخۆشتر دەبێ، خۆیشم شایەدی ئەوە بووم کە هەندێک لە ئەندامی خوێن گەرم پێکۆڵی شەڕ دەکەن.

ڕۆژێک لە ڕۆژانی ئەو قۆناغە، لە ژوورەکەی سەردەمی قوتابییەتیم، لە ئۆتێلی فلۆریدا بووم، کوردێکی ناوداری بەغدا لە پڕ بە حەماسەتێکەوە هاتە ژوور بێ سەلام و کەلام هێرشێکی هێنا بۆم گۆیا من بە دوا مەنسەبدا دەگەڕێم. وەی کە لە دڵم گران هات. قسەیەکی یەکجار قورسم بە زاردا هات بۆ هەر کەسێکی چاوی بڕیبێتە مەنسەب... یەکسەر بەغدام بەجێهێشت و گەڕامەوە بۆ لای مەلا مستەفا کە ئەوسا لە چوارقورنەی بیتوێن بوو. حیکایەتەکەم گێڕایەوە بۆی و گوتم خۆت و دەزنوێژت تازە ناچمە بەغدا. گوتی چاکە ئەتۆ کە سەغڵەت بووی دێیتە لای من دەردی دڵت هەڵدەڕێژیت ئەدی ئەمن بچمە لای کێ، پێم دەڵێن کوردستانی بە سێو و پرتەقاڵ فرۆشت... گوتم تۆ چارت نییە دەبێ تەحەمول بکەیت بەڵام من ئەو ناچارە نیم، لە ماڵی خۆم دادەنیشم بە محاماتەوە خەریک دەبم... دوای ئەمە نامە نووسران بۆ کوردی بەغدا کە فڵانەکەس لە خۆوە هاتوچۆی بەغدا ناکات و دەبێ یاریدە بدرێت...

کە گەڕامەوە بەغدا، ڕۆژێک کەریم قەرەنی هاتە لام گوتی بەم زووانە سەرەک وەزیران بە دواتدا دەنێرێت بۆ وەزارەت... کەریم قەرەنی دۆستی فەریق تاهیر یەحیا بوو، بێپرس دەچووە لای... من ئەو قسەیەم بەجێ هێشت بۆ بڕیاری ڕۆژانی داهاتوو چونکە هیچ هەنگاوێکی منی نەدەگۆڕی، دەبوو ئەوەی لێم داوا کرابوو لە لایەن کوردەوە تا پێم بکرێ بە ئەنجامی بگەیەنم، خۆ بە تەلەفۆنیش نەمدەپرسی لە سەرەک وەزیران ئەرێ خەبەرەکە چەندی ڕاستە و چەندی...؟ دوو ڕۆژی پێ چوو تاهیر یەحیا داوای کردم. پێشتر وەها دەبوو داوای دەکردم بێ ئەوەی تەکلیفی وەزیفە لە بەیندا بێت. کە چووم گوتی تەعدیلی وەزارەت دەبێت وەهامان پەسەند کردووە بە وەزیر دەولە بۆ (شؤون الشمال) لەگەڵماندا بیت، سپاسم کرد لە سەر متمانە پێکردنم بەڵام گوتم هەتا کوردەکان نەبینم ناتوانم وەڵام بدەمەوە... ویستی بسەلمێنم کە بەیانی دانانی وەزارەت دەربچێت ئنجا بڕۆم بۆ سەرەوە، نەمسەلماند. گوتی ئێستا بە تەیارە بڕۆ بۆ کەرکووک لەوێشەوە بە کۆپتەر بۆ ڕانیە بەڵکوو بە زوویی دەتوانیت وەڵام بدەیتەوە. گوتم پار ئەم ڕۆژانە بوو بە دەستی کەلەپچەدارەوە لە تەیارەی حکومەتدا بووم بەرەو بەغدا دەهێنرامەوە، چ مجێزم لە تەیارەی حکومەت نییە... خولاسە ئەو سەلماندی و بەیانی دامەزرانی وەزیران هەڵگیرا هەتا دێمەوە لە سەفەری خێرێ. کە گەڕامەوە ئۆتێل مەرحوم کەمالی حاجی مەجید گوتی ڕەنگت گۆڕاوە خۆ نەساغ نیت؟ گوتم تەکلیفێک کراوم هەتا بڵێی سەغڵەتم... ئیتر وەزعەکەم تێگەیاند. بەرەو کۆیێ ڕۆیشتم.

لە کۆیەوە چوومە ڕانیە، نیوەڕۆژەم بە ڕادان دا لای خاڵە خدرم تا ئەگەر دیدەنی پێوەستم جێبەجێ کرد بگەڕێمەوە لای ئەو. چوومە سەرکەپکان لای مەلا مستەفا و حیکایەتی ڕوو لێ نانەکەی فەریق تاهیرم بۆ باس کرد، زۆری پێ خۆش بوو... نیوەڕۆژەم هێنایەوە لای خاڵم. بیستم ئەندامە زلەکانی مەکتەبی سیاسی لە خدران مێوانی کاکە زیادن. پێش عەسر چوومە خدران ئەحمەدی حەمەدەمیناغاش لەوێ بوو گوتیان سبەینێ وەڵامت دەدەینەوە، شەو هاتمەوە کۆیێ. سبەینێ نیوەڕۆ کاڵ بوو بوو عەلی عەبدوڵڵا هات

گوتی، ئێمە بەرهەڵستیمان نییە، بڕیار بۆ خۆت بەجێ دەهێڵین بەڵام بەرپرسی هیچ شتێکیش نابین کە لەم هەنگاوە سەر هەڵبدات.

ئەو شەوەش لە کۆیە مامەوە. سبەینێ بە کاوەخۆ سەفەرم کرد، لای مەغریب گەییشتمە بەغدا. بڕیاری موافەقەی سەرەوە و هی خۆیشم پێ گوت و هی خۆیشم، ئیتر بە شەو لە ڕادیۆ تەشکیلی وەزارەتی نوێ بڵاوکرایەوە. باسیان کرد، لەو سێ ڕۆژەدا هەندێک کە ناویان لە لیستەی وەزارەتدا بوو بوو بە هی دیکە گۆڕان...

خوێنەر حەقیەتی بپرسێت بۆچی سەلماندم ببمە وەزیر مادەم هێندەی پێ سەغڵەت بووم؟ ئەوەی دەستی منی دەبەستەوە مەنتیقی خۆم بوو! من کە بە گەرمی بۆ ئاشتی خەریک ببم دەبێ بە تەماش بم کوردێکی سەر بە چەکداران ببێت بە وەزیر. ئەنجا کە خۆم پێ ڕازی نەبم دەبێ داوا لە هەموو کەس بکەم ڕازی نەبێت، بەو پێیە دەبێ بە دەستی خۆم دیوارێک برمێنم کە خۆم شاگردیم لە هەڵنانی کردووە. سەغڵەتیشم لەوەوە بوو کە دەمزانی گوزەران و حەوانەوە لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەی حکومەت و دەسەڵاتداریی سپا بۆ یەکێکی وەکوو من ئاسان نییە جگە لەوە کە لایەنی بەهێز هەیە بڕکەدار دەخاتە چەرخی عەرەبانەی ئاشتییەوە. بەشی هەرەزۆری کەسانێکی لە بزووتنەوەدا قسە ڕۆیشتوو بوون حەزیان نەدەکرد لە لاوە وەزیر بە ناوی ئەوانەوە قوت بێتەوە، کوردی بەغداش تێیاندا هەبوو، زۆر نەک کەم، حەزیان بە غەیری من دەکرد... وەکوو کتێبگرەوەش دواڕۆژێکی نزیکم دەخوێندەوە، کە لە وەزارەت دەردەچم، ئابووریم وەها شل بۆتەوە گوزەرانم زەحمەت بێت.

ئەم تەکلیفە لە حیسابی خۆمدا دووەم میحنەتی سیاسی بوو لە ژیانمدا، میحنەتی یەکەم بە دوای هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکەی ١٩٥٤ کە تێیدا بووم بە ئەندامی نایبەکانی بەرەی نیشتیمانی یەکگرتوو، ئەوە بوو کە حیزب تەکلیفی لێ کردم خۆم پاڵاوتە بکەم و کردم، دەتگوت بۆ مەرگ ڕام دەکێشن.

خەڵکێکی بێئەژمار ڕوویان لێ نام بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کاریان منیش هەم لەبەر دڵی خەڵقەکە و هەم لەبەر ئەوەی دەمزانی غەیری ئەو جۆرە کارانە چ کاری گرنگی گشتی بە دیارەوە نییە کە هەموو کورد پێی سوودمەند بێت چەند توانیم یاریدەی خەڵقم دا. ڕۆژ هەبوو بە درێژایی بوونم لە ژوورەکەی تایبەت بە خۆم لەو بینایەی پێی دەگوترا (مجلس وطني) بە نامەی سفارش و بە تەلەفۆن، بێوچان خەریکی تکا و خواییشت و تەنفیزی بەندی گێڕانەوەی موەزەفی فەسڵ کراو لە بەندەکانی بەیانی دەی شوبات بووم، تا ئەوەی دەستم شل دەبوو بە تەلەفۆنەوە چ جایی زار و زمانم. بێ پرس و دەرگە لێدان ئەو خەڵکە دەهاتە ژوورەکەم، تێیاندا هەبوو کەیفی بە داروديواری (مجلس وطني) دەهات وەیا حەزی دەکرد بەگەڵ قەڵەباڵغی بکەوێ بۆ بیستن و دیتن و کات بەسەر بردن...

ڕۆژێکیان دارتاشێک دوو جاران هاتە ژوورەکەم، جاری سێیەم سەفیری هیندم لا بوو دارتاش دەرگای کردەوە، بێ پرس، خەریک بوو بۆم ببێ بە دیپلۆماسی لە مەجلیسی سەفیر، دوو دەستم لەسەر ڕانم بوو، ڕجاکارانە نەختێکم بەرەوژوور هەڵبڕین و چاوێکی بە خواییشتیشم بۆ لار کردەوە، خوا خێری بنووسێ کشایەوە.

ئۆتێلەکەم سبەینان و عەسران بەر لەوەی بە خەبەر بێم دەبوو بە دیوەخانە. هەمان ژووری کە تێیدا قوتابی بووم و دواتر بە محامیەتی و نایبەتی بە سەرم دەبرد کە بووشم بە مامە وەزیر نەمگۆڕی. مستەر لێکلاندێکی ئەمەریکایی لە داوەتی سەفارەتێکم دیتمی گوتی، لێرە بەولاوە، بێگومان، لە ئۆتێل بەغدا سەرت لێ دەدەم. گوتم ژوورەکەی جارانم مێوانداریت دەکات.

سبەینەیەک لەو سبەینانەی خوا بۆ منی بە قەڵەباڵغی سازاندبوو ژووری ئۆتێلم پڕ بوو لە خەڵق. بە پێجامەوە لەسەر چارپایەکەم بۆیان دانیشتبووم قسەی شەش و بێشمان دەکرد و یەکێکی پژدەری دیتی چێشتەنگاو ڕابوورد گوتی، ئەدی کەنگی دەچییە وەزارەت؟ گوتم کەنگی ڕێم بوو جلک بگۆڕم، ئنجا بەجێیان هێشتم... بەڕاستی لە خۆڕایی و لەبەر شەرم هاتنەوە عەزاب و سەغڵەتییەکی زۆرم دەچێشت لە دەست مێوانی بێلزووم و بێکۆتایی.

لە نموونەی ئەرکی ئێسک قورس ئەمە دەگێڕمەوە، لەبەر شتێکی کەم بایەخ دڵم لە وەزیری تەربیە ئێشا، سوێندم خوارد مەرحەبای لێ نەکەم. هەستی کرد و دەشیەویست دڵم ئاشت بکاتەوە بەڵام من خۆم لێ بێئاگا دەکرد. دوو ناسیاو، یەکێکی سلێمانی و یەکێکی کۆیی (وا بزانم موفەتیشی تەربیە یان مودەڕریسی سانەوی بوون) هاتنە لام، تەگەرەیەک کەوتبووە ئیشیانەوە بە وەزیر چار دەکرا. گوتم من لەگەڵ ئەم وەزیرە بەینم نەماوە. برادەرەکەی سلێمانی گوتی ئەی ئەم ئیشەی ئێمە چۆن چار دەکرێ؟ گوتم بۆ من قسەکردن لەگەڵ ئەو وەزیرە دەبێتە پێ لە کەرامەت نان، برادەرەکەم گوتی: یەکێک مەسئوولیەتی بە ئەستۆوە گرت دەبێ پێ لە کەرامەت بنێت. قسەکەی زۆر نابەجێ بوو، ئازاریشی دام بەڵام ئەوەندەم سەغڵەتی بە دەورەوە بوو قورسایی ئەو قسەیەشم کردە سەربار و گوتم، ڕاست دەفەرمووێت، تەلەفۆنم هەڵگرت لەگەڵ وەزیری تەربیە دووام، وابزانم بێوەخران ئیشەکەی چارەکرد. ناسیاوەکەم خوا لێی خۆش بێت لە ئاست بەرژەوەندی خۆیدا تەکلیفی وەها ناقۆڵای لێ کردم، یەکێکی دیکە قسەکەی ئەوی پێ گوتبامایە شەڕی لەگەڵ دەکرد.

بەڵێن لە حکومەتەوە ئەوە بوو ئەنجومەنێکی کارگێڕی لە دە کورد پێک بێت بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ئاوەدان کردنەوە و پرۆژەی جۆراوجۆر لە کوردستان بەڵام هەم لەبەر دەردە ئەزەلییەکەی بەڵێنی بێئاکامی عادەت پێوە گرتوومان، هەم لەبەر نەپشکووتنی غونچە چاوەڕوانکراوەکانی دوای بەیانی دەی شوبات کە دەبوو دۆستایەتی و لێک ئەمین بوون هەموو وڵات بتەنێتەوە هەم لەبەر وردە و درشتەی حیساباتی بنپەردە ئەو ئەنجومەنە پێک نەهات. ڕاستییەکەی ئەگەر دەستم نەبەسترابایە بەو پێوەندییەی لەگەڵ کوردەواریم هەبوو خامۆش نەدەبووم، ئەگەر ئیستیقالەشم نەدابایە هاموشۆی وەزارەتم دەبڕی.

دوژمنایەتیی ناوخۆیی گەییشتە ڕادەیەک مەکتەبی سیاسی و لایەنەکەی دیکە چەکیان لێکتر هەڵگرت و بوو بە هەرا... ئاکامی ئەوە بوو کە کۆمەڵەی مەکتەبی سیاسی بە کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزبەوە عێراقیان جێ هێشت. ئەو ئەندامە چالاکەی کە دەبوو بە پێی قسەی مەلا مستەفا بە تەقڵە بۆ بەغدا بڕوات، ئەویش لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بۆی دەرچوو. لە موناسەبەدا بە مەلا مستەفام گوت، لەبیرتە چیت گوت و چۆن دەرچوو؟ من دەمزانی ئەو ئەندامە کوڕی مەکتەبی سیاسییە و لە دەمی خۆساغ کردنەوەدا هەر بە لای ئەوێدا دەشکێتەوە بەڵام بە چاکم نەزانی هیچی تێدا بڵێم. گوتی، فێڵی لێ کردم و

هەڵیخەڵەتاندم... بەڵام نە فیڵ بوو نە هیچ، تەنانەت کە حاڵ گەییشتە چەک لێکدی هەڵگرتن ئەو ئەندامە چونکە خۆی لای ڕێککەوتنەکەی دەی شوبات بوو بە حاڵەتێکی نەفسی وەها سەختدا تێپەڕی گەیاندییە سنووری شێوان. من لەو ڕۆژانەدا نەمدەدیت بەڵام بزووتن و گەڕانی بێلزووم و تێکەڵپێکەڵی بێرە و بەوێدا هەر ئەو ڕاگەیاندنەی پێوە بوو. کە پێ لە جەرگی خۆی دەنێت بەو پێشێل کردنەی بەیانی شوبات بۆ خۆ دانە پاڵ هێلانە و کۆنە ئاشی مەکتەبی سیاسی. ئەمە دەڵێم قەتیش لەم بارەوە لەگەڵی نەدواوم، بەڵام چی گوتم بەڕاستی دەزانم خۆ مرۆڤ داروبەرد نییە پەرۆشی کردەوە و قسەی دوێنێ و پێرێ نەبێ.

من لە ڕۆژی ١٧ی حوزێرانەوە بە وەزیر حیساب بووم، لە نێوەندی تەمووز سەفەرێکی کۆیەم کرد... شەوی یەکەمم بوو، کە سبەینێ هەڵستام دیتم ماڵەکەم پڕە لە کچی قوتابخانەکان، لەوانەی گرفتێکیان هاتبووە بەر لەو ڕۆژانەدا کە هەرا بەردەوام بوو هاتبوون داوام لێ بکەن بۆیان چارەسەر بکەم. هەرچەند نازانم وەیا لەبیرم نەماوە خواییشتیان چی بوو بە تەواوی بەڵام ئەوسا دەرحاڵ قسەم لەگەڵ تاهیر یەحیا کرد گوتم، کچان، ئابلۆقەیان داوم فریام نەکەویت ئیشم خراپە. بێ سێودوو بڕیاری پێویستی بۆ دەرچوواندن.

سەرێکی ڕانیەم دا بە پەلە خەبەرم درایێ کە خێرا خێرا بگەمە بەغدا. تومەز بڕیار درابوو وەفدێکی پیرۆزبایی لە سەرەک وەزیران و چەند وەزیرێک بچن بۆ قاهیرە بەشداری بکەن لە ئاهەنگی بیرەوەریی ساڵانەی ٢٣ی تەمووز. کە گەییشتمە بەغدا و تێگەییشتم، دیتم پەساپۆرتم نییە و سبەینێش سەفەر لە پێشە. لای تاهیر یەحیا بووم. پاسەپۆرتیان بۆم ساز دا و هەر ئەو ڕۆژە پێیان دامەوە. بەر لە بەڕێ کەوتنمان بۆ فڕۆکەخانە لە حزوور عەبدوسەلام، سەرۆکی کۆمار، گوتم دەستم بۆ چ ڕێگە ڕانەگەییشتووە و چ پارەش شک نابەم. عەبدوسەلام گوتی من بۆت دەنێرم... لە قەسرەوە دووسەد دیناری بۆ ناردم کە هەر ئەوەندەشم داواکردبوو، لە ڕێی فڕۆکەخانە پێم گەییشت. دوای گەڕانەوەمان لە قاهیرەوە، بۆم ناردەوە، ماڵی ئاوابێ وەریگرتەوە.

لە ئاڵقەیەکی سەرەتاکانی ئەم گەشتەدا گوتبووم کەوا لە ساڵی ١٩٣٥ کاتێک بە سەفەر چوومە بەغدا و دەمی سبەینە لەبەر سووڕانەوەی شەمەندەفەر بۆ ئیستگەی (باب الشرقي) ڕۆژ کە لە دەستە ڕاستمەوە هەڵات، هەموو خوار و ژوور و چەپ و ڕاستم لێ شێوا چونکە دەبوو بە پێی جوغرافیە لە چەپمەوە هەڵێ، ئەم جارەش کە چووینە قاهیرە دیسانەوە تەیارەی هەرام سووڕێکی خوارد کە من هەستم پێی نەکرد، لە جیاتی لە لای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ فڕۆکەخانە دابەزین لە ڕۆژاواوە بۆی شۆڕبووینەوە. دەریای سپیی ناوەڕاست بۆ خۆی چووە شوێنی ئەفەریقای باشوور، سودانیش – لە مێشکمدا – خولی داوە بە لای ئەوروپا... چیای (مقطم) کەوتە ڕۆژاوامان و هەرەمەکانیش چوونە لای ڕۆژهەڵات. ماڵی سەرنج گرتن بشێوێ!. ئەو خەڵقە کەسیان خۆی دانەنابوو بە (شرطي مرور)ی ڕۆژ و ئاسمان. تەنانەت کە لە جنووبی (عقبە)وە بەسەر دامەنی یەک لەو دوو گوێیەی دەریای سووردا تێپەڕین بەرزاییشمان حەڤدە هەزار پێ بوو سەرنجم دایە لای باکوور. دەریای سپی ناوەڕاست لە دووری هەرە دوورەوە وەکوو خەتێکی ڕاست لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا بەسەر هەورانەوە تێکشیبوو ئەگەر نەمزانیبا دەریا لەوێ هەیە بۆم لێک

نەدەدرایەوە ئەو خەتە چییە چونکە زۆرمان لێ دوور بوو بەسەریدا ڕانەدەشکاین هەتا هیچ پانایی‌یەکی لێ بەدی بکەین جگە لەو خەتە ڕاستە. هەورەکان نزیک بوون لێمانەوە ئێمەش لەوان بڵندتر بووین بۆیە خەتی دەریا بەسەر ئەوانەوە ڕاکشابوو. ئەهلی ناو فڕۆکە لەو خەیاڵاتە بێئەنجامە ڕەها بوون. تەیارەکەمان پەروانەدار بوو لە چەشنی (ڤاکاونت)ی چوار پەروانەیی، خێرایی‌ی فڕینی نێوان ٤٠٠–٥٠٠ کیلۆمەتری سەعاتی بوو، بەرزاییشی لە چاو (نفاثە) کەم بوو بۆیە لە ١٧ هەزار پێ بەرە ژوورتر نەچووین.

عەسر بوو، سەرۆک جەمال هاتە بەخێرهێنانی فەریق تاهیر و وەفدەکە. ڕێکەوت وەهابوو کە سرەی وێنەگرتن بەسترا لەگەڵ سەرۆک، بەتاڵیی نەبوو لەو ماوەیەی کامێرا دەیبینێت منی تێدا ڕاوەستم، پاڵەپەستۆی جێگە داگرتنیشم نەکرد، دواتریش نەمویست بە تەنها وێنە لەگەڵ سەرۆک جەمالدا بگرم، ئنجا ئەگەر یەکێک وێنەی ئەو ڕۆژە ببینێت منی تێدا نادۆزێتەوە بەوەشدا تووشی هەڵە دێت کە ناسەلمێنێ مەسعوود محەمەد لەو وەفدەدا بووە...

شوێنی لێ دابەزینمان (قصر الطاهرة) بوو، ئەم قەسرە بەشە بنەڕەتیەکەی بە میرات مابۆوە بۆ مەلیک فارووق، ڤێللایەکی بە تەنیشتەوەی بۆ خرابووە سەری، من و چەند کەسێک لەو ڤێللایە دەنووستین. بە ڕێکەوت ژووری نووستنی فارووق بەر من کەوت. چ لەو بەشە و چ لە بەشەکەی دیکە بێت هەرچی کەرەستە هەبوو بە دەقی خۆی و شەقڵی خۆی لە زەمانی فارووقەوە مابۆوە، لە ئاغڵەب کەلوپەلی (ملك مصر فارق الأول) وەکوو توڕرە نەقش کرابوو. خزمەتچییەکان هی زەمانی ئەو بوون. پێشخزمەتیان لەو ڤێللایە کە بە زمانی قاهیرەم دوواند پتر لە عادەتی خۆی بۆم کرایەوە، حیکایەتی سەردەمی فارووقی بۆ دەگێڕامەوە. گوتی ژوورەکەی تۆی تێدایت تەنها یەک شتی گۆڕاوە ئەویش ئاوێنەیەکی گەورە بە پانایی‌ی چارپایە چوار نەفەرییەکەی بەرانبەرییەوە بوو گۆڕا بەو کانتۆرە. گوتی: (الاوضة دي كان ينام فيها فاروق). بە دەست خۆم نەبوو، وەکوو قافیەی کە قازیی (قم)ی پێ عەزل بوو منیش ئەوەندە شارەزایی‌یەم لە لەهجەی قاهیرەوە بەکارهێنا و پرسیم، (لوحده والا مع ستات؟)، گوتی (بقى زي ما هو عاوز!).

هەرچەند حەز لەم قسەیە ناکەم کە خەریکم بیکەم بەڵام لەبەر پەندێکی فەرامۆش کراوی کە تێیدا هەیە دەڵێم، چارپایەکەی کە گوتم چوار نەفەری بوو، تۆ بڵێ شەش نەفەری بوو، حیکمەت لەو ئاوێنەیەی بەقەدەر چارپایە پان ئەوە بوو کە (صاحب الجلالە) ویستوویەتی لە دەمی عیشقبازیدا سەیری ئەو فیلمە بکات لە ئاوێنەدا کە خۆی قارەمانیەتی! ناشبێ ئاوێنە تەسکتر بێ لە چارپایە نەکا خوانەخواستە دیمەنی هیچ هەڵسوکەوتێکی لەیل و مەجنوون فیلم بەدەر بێت. خەڵقی دوای سەردەمی خۆیشی هەر لەبەر بە بیردا هاتنی ئەو حیکایەتانە هاتوون ئاوێنەیان گۆڕیوە بە کانتۆر. من کەم و زۆر لەم لایەنەوە پرسم لەو پێش خزمەتە نەکرد ئەویش هیچی نەگوت بەڵام لزووم نەبوو بە پرسین، ئاخوڕ بۆ ئالیکە...!

لە ئسوولیاندا هەبوو شەو کە مێوان دەچۆوە ژوورەکەی یەک تەبەق لە مێوە و شەکەراتیان دانابوو. من بە مەبەست تابلێی بە دەگمەن دەستم دەگەیاندێ. ژوورەکە حەمامێکی لە ناوەوە هەبوو، حەوزی مەلەی تێدا بوو بە ئاوی سارد و گەرم لەیەک دەقیقەدا پڕ دەبوو... لای سەرووی ژووری حەمام بە پانایی ژوورەکە سەکۆیەکی پان بەقەدەر درێژایی‌ی باڵای پیاو کرابوو، دۆشەکەکەی و دیواری سێ لایەکەی بە

پەشتەماڵ داپۆشرابوو کە ئەگەر مرۆ ویستی، بتوانێ بە گەوزێک لەم سەر بۆ ئەو سەری سەکۆکە خۆی وشک بکاتەوە. دەرگایەکی بەسەر کۆریدۆری ناو ژوورەکان دەکرایەوە، پەیکەری ئافرەتێکی ڕۆمانی لە دیوی دەرەوەی ژوورەکە بە لای دەستی ڕاستدا دوو دەستی هەڵی نابوو تاکوو پەشتەماڵ وەیا ڕۆبی حەمامت لێ وەربگرێ... لەبیرم چوو بڵێم، ئەو کانتۆرەی جێی ئاوێنەکەی گرتبۆوە دیکۆرێکی وەهای پێوە بوو دەتگوت بە ئەسڵ لەگەڵ نەقشی ژوورەکە سازدراوە. قەسری (طاهرة) بە جەستەم مامناوەنجی بوو لە چاو (قصر القبة) و (زعفران) و (رأس التين) و هی دیکەش بەڵام زۆر شیک و جوان بوو. ئینجێکی تێدا نەبوو بێ شوێن پەنجەی هونەر. ژوورێک لە ژوورەکانی تێدا دانیشتنی بریتی بوو لە سەقافەتی فارسی بە قاڵی و تەخت و ڕەسم و ڕوباعییات و هەموو شتێکییەوە. تەنها یەک مێزی زۆر قەشەنگی نەبێ کە ڕووەکەی ناپولیۆن و دوازدە جەنەڕاڵی جەیشەکەی لێ چەسپ بوو یاخود لێی کوترابوو وەک (وشم). ژووری دیکەی لە سەقافەتێکی دیکە... تابلۆی هونەری زێدە بە نرخ لە هەموو ژوورەکانی هەبوون، لە دیواری ئەم بەر و ئەو بەری ناردوانە دوو ڕێگایی‌یەکەی کە لە قاتی یەکەم و دووەم تێکیان دەکردەوە وێنە کێشرابوون بە پانایی و بەرزاییی دیواری نهۆمەکان ئەمما چ وێنە!! جیهازی کۆندیشنیان لە هەندێ ساڵۆن و ژووری دانابوو بەڵام هێندە بە وەستایی کە بووبوونە بەشێک لە دیکۆری شوێنەکەیان.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٣ی یۆلیە حەشامەتێکی لە ژمارە بەدەر لە مەیدانی (تحریر) کۆبووبوونەوە. ڕەئیس جەمال سەرۆک وەیا سەرەک وەزیرانی سیوچوار دەوڵەتی ئەفەریقایی و عەرەبی بانگهێشتن کردبوو. برا ڕەشەکان بە قەڵەباڵغی هاتبوون، قیچکە تەنگیش بوون...

ڕیزی ئێمە لەو ئاهەنگەی مەیدانی تەحریردا کەوتبووە تەنیشت دوای ڕیزی هەرە پێشەوە کە هی سەرۆک دەوڵەت و سەرەک وەزیران بوو. بە ڕێکەوت کورسی من کەوتبووە دوای ئەو کورسییەوە کە بۆ مستەفا ئیسماعیلی قورئان خوێن تەرخان و میکرۆفۆنی بە تەنیشتەوە بوو. برایەکی ڕەش لەو مێوانانە هات لەسەر ئەو کورسییە دانیشت کە بەتاڵ بوو. جارێ قورئان خوێن نەهاتبوو. چەندێکی بەرپرسی تەشریفات بەو پەڕی ئەدەبەوە بەو کابرایەی گوت کەوا هەر کەسە کورسیی خۆی بە ناوی خۆی بۆ داندراوە گوێی پێ نەبزووت، و ڕەگی لە کورسییەکە داکوتا. من لە دوایەوە پێم گوت کە منیش وەک ئەو مێوانم بەڵام بە پێویستم زانی پێی بڵێم کە ئەگەر لەسەر کورسییەکە بمێنێتەوە دەبێ لە سەرەتای ئاهەنگدا قورئان بخوێنێ. چاوێکی برِیە میکرۆفۆنەکە و یەکسەر بۆی هەڵستا و لەگەڵ تەشریفاتیدا ڕۆییشت، دواتر لە شەوێکی مێوانداری سەرۆک جەمال لە ئەسکەندەرییە کە لێمانی کرد گوتی، من زۆر بەو برا ئەفەریقایی‌یانەوە خەریک دەبم و دەچمە لایان و بانگهێشتنیان دەکەم دەمەوێ تێیان بگەیەنم کە عەرەب و ئیسلام هەر ئەوە نین کە بە درێژاییی مێژوو قووڵەڕەشیان ڕاوکردووە و فرۆشتوویانن وەیا سوخرەیان پێ کردوون. لە مەوە زانیم کە کابرای قورئان گرتوو و هی دیکەش، کە باسیانم دەبیست، وەها نەسەلمێن خۆ دەنوێنن، هەموو نیگایەکی چاوانیش بە توانج دادەنێن.

ئەو شەوە گەلێک لە سەرۆکەکانی وەک بن بیللا و جۆمۆکینیاتا و هیلاسیلاسی خوتبەیان خوێندەوە، فەریق تاهیریش بە ئینشای خۆی شتێکی ڕێک و پێکی نووسیبوو خوێندییەوە. بە پێی گیانی نوکتەبازیی میسرییەکان کە نەختێکی لێ شارەزام و ناوناوە بەکاریشی دەهێنم لەو شەوەدا کە جۆمۆکینیاتا دەستی

کرد بە وتوویژ لە سەرەتاوە گوتی، من هێندە ساڵە لە بەندیخانەی ئیستیعمار بەسەرم برد... بوو بە چەپڵە کوتان من بەو دوو میسرییەی دەستی چەپ و ڕاستم گوتن، خۆشی لە خۆی وا ئێستا سەرۆکە دەنا لەوانە بوو بکەوێتە دەست هەندێک لە ئینسان خۆرەکان، دەبوو بە مەرەگە...

دوای هەمووان سەرۆک جەمال دەوری سەعاتێک قسەی کرد بەڵام جەماهیری میسری دەهێنایە هەژان... لە کۆتاییدا گوتی، هاووڵاتییەکانم بمبەخشن چی دیکە ڕێم نییە مێوانەکانم بە دیار قسەی خۆمەوە ڕابگرم با قەرز بێ... بوو بە پێکەنینێکی گشتی لە جەماهیرەوە و چەپڵەڕێزانێکی لە حەد بەدەری بە دوادا هات. سەرۆک جەمالیش هەر بە نوکتەی مەبەست بوو. شەوی دواتر ئاهەنگێکی (عشا) و گۆرانی لە یانەی هێزی چەکداران سازدرا مێوان و نامێوان مێرگە پان و بەرینەکەی یانەی پڕ کردبۆوە. لە سەرەتاوە کەلسووم نەشیدی (علی باب مصر)ی گوت. کە هەڵستاین بۆ نان خواردن ڕەئیس جەمال مێوانەکانی پێش خۆی یەخست، بەڕاستی دەتگوت شوانە لە دوا مێگەلە دەڕوات. کەلسووم و عەبدولوەهاب بانگهێشتن کران، کەلسووم لە دەستی ڕاستی سەرۆک جەمال و عەبدولوەهاب لە دەستی چەپی هێلاسیلاسی دانیشتن.

پاش نان و پات مێوانە ئەفەریقاییەکان ڕۆیشتن، کەلسووم ئەمجارەیان گۆرانیی (انت عمري) گوت کە بەر لە حەفت مانگێک من لە قەڵادزە بووم یەکەم جار لە سەری ساڵدا لێیم بیست. (عبدالحلیم) نۆرەی هات، لە پێشەوە بە شان و باڵی ڕەئیسیدا هەڵگوت ئنجا گوتی، نازانم لە حەفلەیەکی (ست الکل) تێیدا بخوێنێ ئایا خوێندنی خۆم دەبێتە (مطب والا تشریف)؟ خەڵقەکەی ئەو شەوە کە زوربەیان میسری بوون تێکڕا گوتیان، (مطب، مطب) واتە، تەپکەیە تەپکە. (فرید الاطرش)یش نەشیدێکی (انتباه)ی گوت بە کۆرسێکی ٥-٦ کەسییەوە تێیاندا (سعاد محمد، نجاة الصغیرة، فایدة کامل) و هی دیکەش هەبوون... لە تەنیشتمی ڕاستەوە وەزیری تەعلیمی عالی (عبدالعزیز السید) دانیشتبوو، مرۆیەکی بە ساڵداچووی باخەبەری ئەدیبی قسەزان و عالم بوو. وتوویژی خۆشمان لە بەیندا بوو پێویست نابینم لێرەدا دوو پاتی بکەمەوە وابزانم لە موناسەبەدا لە بەرگێکی کتێبی حاجی قادری کۆیی باسی هەندێکی ئەو وتوویژەم نووسیوە...

لە هەندێ گەشت و گەڕانی ناو قاهیرە کە لە لایەن حکومەتی میسرەوە ڕێک خرابوو خۆم دەدزیەوە چونکە حەزم لێی نەدەکرد. چووین بۆ دیتنی فابریقەی خوردە سیلاح، هەناسەم پێ سوار دەبوو. خەڵق بە زەڕڕی ڕازی نییە خەریکی نەوەوییە، خوردە سیلاح چییە من لە عێراقەوە بۆی بێم!

بۆ خۆم ناوناوە دەچوومە شوێنی ئەوتۆ پێشتر ناویانم بیستبوو وەک (الـجامع الأزهر) کە جگە لە حەرەمی مزگەوتەکە سەرم لە (رواق الأکراد)یش دا. چوومە (خان الخلیلي) و کافیتیریای گرووپی و سەر (مقطم) کەوتم...

بەزۆری فوئادی مەلا مەعسووم، کە لەوێ دکتۆرای لە ئەزهەر تەواو دەکرد، لەگەڵمدا دەبوو. کە بۆ (مقطم) چووین ئەویش و حاجی ڕەسوولیش کە ئەوسا قایمقام بوو، هاوڕێم بوون. لە سەرکەوتندا بووین دیتم لێخوڕی تاکسی گوێی قوڵاغ بووە لە بیستنی زمانێک کە پێشتر نەیبیستووە. بە لەهجەی خۆیان پێم گوت، (دي لغة الـجان والعفاریت بتاعة افتح یاسمسم و اقفل یاسمسم). ئێوارەیەکی دیکەش بۆی چوومەوە،

کازینۆیەکی زۆر خۆشی لێ بوو بەسەر قاهیرەیدا دەنۆڕی، ئەوەندەش سارد بوو حەزم دەکرد قاپووتم لەبەر بایە.

فێنکاییی میسر قەرزداری بای شەماڵی دەریای سپییە. دواتر کە چووینە (اسكندریە) دیتم ئەوەی ناوی (نسیم البحر)ی پێوەیە لە ڕاستیدا ڕەشەبایە چونکە لەوانەیە ئەگەر پەنجەرە و دەرگەی بەرانبەر یەکتر بە ڕووی بەحردا بکرێنەوە ئەو نەسیمە کورسی وەربگێرێت. شەپۆلی دەریای دەگەیاندە جادە. ئێواران کە ئۆتۆمۆبیل لە شەقامی کورنیش ڕۆیشتبایە تەڕایی هەوا و ئەو بایە وەهای دەکرد جامی پێشەوەی فرچەی بۆ بەکاربێت وەک لە دەمی باراندا دەکرێ.

لە قاهیرە جارێکیان بە ڕەسمی و جارێکیان بە شەخسی سەردانی (اهرام) و (برج القاهرە)م کرد. چاک بوو گەڕانم بە یەکێک لەو سەیارانە بوو لێی نووسرابوو (رئاسة الجمهورية) ئیتر دەرگای داخراوی دەکردەوە. لە (برج القاهرە) لە جیاتی پارەم لێ بستێنن خزمەتیشیان کردم بە خۆڕایی. حەفلەیەکی سەفارەتی عێراقی بە شەو بوو، گەلێک کەسی ناسراوم لەوێدا دیت، بەڵام ئەوە خۆش بوو کە مەرحووم د. عەبدوڕڕەحمان نوورجانیش بانگ کرابوو، بە ناوی کۆنە مامۆستایی زۆرم حورمەت گرت، حەقی خۆیشی بوو. چەند جاران لەو شەوە و شەوی دیکەشدا (جلال كشك)ـەکەی ڕانیەم دیتەوە. شەوێکیان بە سەیارەی حکومەتی گەلێک جێگەی قاهیرەی نیشان دام، بە پێش ڤێللای کەلسوومدا تێپەڕین...

ڕەئیس جەمال هەوەڵ ڕۆژی هاتنمان لەگەڵ سەرەک وەزیران و لەگەڵ وەزیری داخلیە (حاكم عسكری عام)، ڕشید موسڵح کۆبوونەوەی تەنهای لەگەڵ کردن. دوای یەک دوو ڕۆژ، سەفیرمان شوکری ساڵح زەکی کە پێشتر ناسیاوم بوو، پێی گوتم ڕەئیس سەلامی هەیە دەڵێ حەزم دەکرد بە تەنها دیتبامایە بەڵام حکومەتی عەبدوسەلام لە مەسەلەی کورد زۆر هەستیارە ئنجا ئەگەر حەز دەکا (واتە من حەز دەکەم) دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا بە ناوی (استجمام) سەرێکی ئەورووپا بدات و لە گەڕانەوەدا بە قاهیرەدا بێت یەکتر ببینین...

من بە لێکدانەوە بڕیارم دا وەها نەکەم، بە کورتی، نە سیاسەتی کورد و نە هی میسر بە من ناگۆڕدرێن، عێراقیش کە پێوەندی بە کورد و میسریشەوە هەیە لەوانە نییە بە دیدەنی ئەوتۆیی چاری بکرێت. کەواتە دیدەنییەکەم دەبێتە شتێکی شەخسی، منیش لە مێژەوە بوو ڕوح پەرەیی و شاگەشکەییم بۆ دیدەنی پیاوی گەورە نەمابوو ئیتر ئەم سەفەرە درۆزنە و چاوشێرکێ لە کورد و عێراق بۆچی بکەم؟

سەرۆک جەمال هەموو مێوانەکانی بانگهێشتن کرد بۆ (عشا)یەک لە ئیسکەندەرییە. یەکێک لە قەسرەکانی خدێوی ئیسماعیل کەوا هەتا بڵێی لە چاو خانووی ئەم وڵاتانەی من دیتوومن بە شکۆ بوو، جێگەی داوەتەکە بوو. ساڵۆنی نان خواردنی دوو هەزار کەسی گرتبوو هەمووش دانیشتبوون لەسەر کورسی بە دەوری مێزەوە لە وتووێژدا، بەرانبەر تێبینیی وەزیرێکی میسری کە گوتی خدێوی ئیسماعیل دەستبڵاو بووە، گوتم، دەبینم کەیفتان دێت بەم قەسرە کە دەتوانن داوەتی وەها بە شکۆی تێدا بەرپا بکەن، مادەم وەهایە نابێ لەم فەقەرەیە گلەیی لە خدێو بکرێت. ئەگەر دوای شۆڕش قەسرەکەتان تێک دابایە دەشیا بیر بکرێتەوە لە لۆمەی ئەوتۆیی... ساڵۆنێکی بچووکتری لێ بوو پێی دەگوترا (قاعة النجفة) سوڕەییایەکی زێدە گەورەی لە قوببەکەیەوە شۆڕ بوو بۆوە کە پێی دەڵێن (نجفة). نەقش و نیگاری

دیوارەکانی لەوپەڕی جوانیدا بوون. بە خەتێکی زۆر خۆش ناوی پاشاکان لە محەمەد عەلییەوە هەتا فارووق نووسرابوو بەڵام نەختێک بە زەحمەت جێی ناوی فارووقی تێدا بووبۆوە چونکە بازنەیەکی بەوساڵۆنە بازنەییە تەواو دەکرد. هەڵبەت ئەم نووسینە هی ڕۆژگاری فارووق یان دوای ئەوە (دەبێ هی فارووق بێت چونکە بە هەمووی دوازدە ساڵ بەسەر لادانیدا تێپەڕی بوو، دیارە شۆڕش لە خۆوە ئەو ناو و شاباشە بە بنەماڵەی محەمەد عەلی نابەخشێت). میوانە عێراقییەکان دوو شەو لە ئیسکەندەرییە ماینەوە لە ئۆتێلی سان ئیستیفانۆ دابەزی بووین بەسەر بەحریدا دەنۆڕی. شەوی دووەم لە ڤێللای ڕەسمیی سەرۆک کۆمار کە لە گەڕەکی (المعموره) بوو میوانی سەرۆک جەمال بووین. لەبەری میسرییان جگە لە ڕەئیس جەمال نائیبەکانی ڕەئیس جمهوور و سەرەک وەزیران عەلی سەبری و ئەنوەر سەلامە وەزیری وەرزش، هاوڕێی شەرەفی تاهیر یەحیا حازر بوون. لە هەشتی ئێوارەوە تا یەکی پاش نیوەشەو ماینەوە. شەوێکی گەش و خۆش ڕۆییشت.

سەرۆک جەمال هەتا بڵێی (ألمعي) بوو، چ لە شێوە و چ لە ناوەڕۆک هاوتای ئەوم لە سیاسیی کۆن و نوێ نەدیتبوو، نەشم بیستبوو بە وتوویژ و قسەڕەوانی بگاتە جەمال. دەنگی مەخمەلی و ئاوریشمی بوو هێندەی دەنگی فارووق شووشە بۆ بەر گوێ دەشلایەوە. وێنەی لە هەموو ئەکتەرەکانی میسر دڵکێشتر بوو. لە زەکاوەت بلیمەت بوو... عەیبی هەرە گەورە و کوشندەی بە خۆوە گلان و لە خۆدا نقوم بوون بوو.

لە ئاست ئەو تەئمیمانەی لە ڕۆژی ١٤ی تەمووز، بەر لە دە دوازدە ڕۆژێک کردبوومان ڕەئیس جەمال گوتی چ پێویست نەبوو بەو تەئمیمە ئێوە دەوڵەتی نەوتن، بابایەکی عێراقی چەند هەزار دیناری لە بانک داناوە ژیان و پاشەڕۆژی منداڵانی پێ تەئمین بکات هی ئەوە نییە حکومەت چاوی تێببڕێ. گوتی من بە تەئمیمی بانکەکان هەزار ملیۆن جنیهم لە بێگانە گل دایەوە، ئێوە بیست سی ملیۆن دینار لە عێراقییان دەستێنن چ کەلێنێکی پێ دەگرن... خولاسە زۆر لە دژی تەئمیمەکەمان دوا، کەچی عێراق لەبەر خاتری ناسرییەکان ئەو هەنگاوەی هەڵێنا، گۆیا میسری پێ ڕازی دەکات لەو ڕووەوە، کە ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی یەک شکل کردنی میسر و عێراق بۆ هەموار کردنی ئاووهەوای «وحده»...<٦٥>

کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ عەلی سەبری و هەندێک لە وەزیرەکانی بۆ دیارخستنی پێداویستێکی عێراق هەبێت کە میسر بتوانێ جێبەجێی بکات. ڕاستییەکەی خواییشتێکمان کرد لە ڕواڵەتدا خواییشت بوو بەڵام لە ناوەڕۆکدا بەخشین بوو، وەزیری تەربییە گوتی چەند هەزار مامۆستامان دەوێ بۆ دەرس گوتنەوە لە قوتابخانە سەرەتایییەکان و ناوەندییەکان، لە حاڵێکدا هەزاران دەرچووی (دار المعلمين و معلمات و فنون بيتية)مان هەبوو چاویان بڕیبووە هەلێک بۆ دامەزرانیان ئەمەش هەر حیکایەتە ئەزەلیەکەی جووتەوەری (ازدواج الشخصية)کەی جیهانی سێیەمە کە حەزی کردووە بڵێ، شەل نییە پای شکاوە. چ دەبوو بگوترابایە میسر باری ئابووریەکەی نالەبارە، پێویستی هەیە بە یارمەتی دان، ئنجا هاتباین لە جیاتی ئەو مەعاشە گەورانەی کە موعەللیمی میسری لە عێراقی وەردەگرت کە پتر لە دوو هێند و سێ هێندی مافی خۆی بوو، مەعاشەکی عادەتیمان بۆ هەناردبایە و چی دەمایشەوە لە فەرقەکە دوو جاران بەشی ئەو مامۆستایە بێچارانەی عێراقی دەکرد. میسریەکی لە عێراق سەد دیناری بدەیتێ ڕازییە بە پەنجا دینار کە لە میسر بێتە دەستی، پەنجا دینارەکەی دیکەش گەلێک زیاد بوو لە مەعاشی

ئەوسای دەرچووی (دار المعلمات و فنون...) حکومەتی عێراقیش نەختێکی پارە بۆ دەمایەوە. جیهانی سێیەم حەز لە نانی درۆزن و پێوەندی درۆزن و تیجارەتی درۆزن و هەڵوەستی درۆزن دەکات چونکە لە درۆکەدا ناز و فیز و خۆ فش هەڵێنان هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە سەیر بکەیت، لەوانەیە میللەتی عێراق کەمتر ڕازی بێ بەوەی من گوتم لە چاو زەرەرە گەورەترەکە و درۆزنەکەش... ڕەنگ بوو بگوترێ مانای چی بێ سەبەب پارە بدەین بە میسرییەکی چ سوودمان پێ ناگەیەنێت؟

لە گەڕانەوەمان بۆ قاهیرە بە ڕێی سەحراویدا سەرێکی (مديرية التحرير)مان دا... لە ئەسکەندەرییە سەرەوبن بوونی دنیاکەم بۆ چووە باری ئاسایی خۆی و دەریا کەوتەوە باکوور و ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە سەری دەردەهێنا. ئەم وەزعە خۆشە ئارامە بەردەوام بوو هەتا لە سەرەتاکانی شاری قاهیرە پێچێکمان بە دەستە چەپدا کردەوە دنیاکەم لێ وەرگەڕایەوە. دەتگوت لە پەردەی مێشکمدا فیلمێک گۆڕا بە یەکێکی سەروبن.

نە ئەوسا و نە ئێستاش بۆم ساغ نەبۆوە هۆی ئەم تەقلەبازییە چی بوو؟ من لە ئاڵقەیێکی کۆنی ئەم گەشتەدا گوتم سەروبن بوونی دنیا کە لە هەوەڵ سەفەری بەغدام نەقش بەستووی مێشکم بوو کاتێک کە لە گەڕانەوەدا سەردانی سلێمانیم کرد دنیاکە کەوتەوە باری ئاسایی خۆی و لێم تێک نەچۆوە، کەچی لە میسر وەها نەبووم. خوێنەر لێم بسەلمێنێ کە دەڵێم، ئەو دەمەی لە زارکی شاری قاهیرەدا بە پێچ کردنەوە دنیاکە لە پێش چاوم سووڕا، ئا لەو چرکەیەدا کە ڕاست و چەپ و پێش و پاش جێگۆڕکێیان کرد دەتگوت دەست و پەنجەیەکی مەوهووم هەناومی گوشی، تارماییەکیش بە بەرچاومدا ڕەت بوو بێگومان ڕوومی سوور هەڵگێڕابوو... دیاردەی ئەوتۆیی لە مرۆدا، وەک بزانم، سەر دەکێشێتەوە بۆ نەفس، دەبێ لە زانستی نەفسدا شی کرابێتەوە بەڵام من بەسەریدا نەکەوتووم. ئەم دیاردەیە لە مندا زۆر ڕەگ داکوتاوە. دوور نابینم سەر سوورکێی دەمی پەڕینەوەم لە زێ و ڕووباری بەرینیش شێوەیەکی ئەم دیاردەیە بێت. ناڕاحەت بوونم لە بەرزایی سەر شاخ و خانووی بڵند و ناو فڕۆکەش خزمی ئەم خەسڵەتەمە، هەندێ جار لە ناو نوێنی نووستندا بە خەیاڵ دەچمە سەر شاخێکی یەکجار بەرز لەوێوە خۆم بۆ بنارەکەی هەڵدەدەم، دوای چەند سانییەیەک سەغڵەت دەبم و ناتوانم بەردەوام بم لە سەرەژێر بوونەوەی خەیاڵی، بە ناچاری بیرم بۆ لایەکی دیکە دەبەمەوە.

لە قاهیرە ڕۆژێکیان بە فڕۆکە چووین بۆ ئەسوان. جارێ لە سەرەتاکانی هەڵنانی بناوانی ئەسوان بوون. ئەو سەردانەی ئەسوانم زۆر نابەدڵی کرد چونکە بریتی بوو لە کات بەفیڕۆ دانێکی ئێسک قورس. من چیمە لە نیلێکی مەجرای گۆڕابێ بۆ هەڵنانی بەهەشت یان هەرچی دەبێت. ئێمە لە عێراق دوکان و دەربەندیخانمان هەبوون جێی گەشت و گەڕان و تێدا حەسانەوەش بوون، زیخ و بەردی بنی نیل بە من چی؟ ئەم تەرزە ناچاربوونە بۆ گەڕان و سەردانی ئێسک قورس وەهام لێ دەکات هەرچی داوەتی ڕەسمیی ئەوتۆیی بێت حەزی لێ نەکەم...

گەڕانەوە بۆ بەغدا. ڕۆژ بە دوا ڕۆژدا ئاوادەبوو بێ ئەوەی هیچ چالاکییەک دەرکەوێ بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان. ئەو ئەنجوومەنە دە کەسییەی کە دەبوو ئەندامەکانیان دیاری بکرێن پشت گوێ خرا. ئەنجوومەنەکە گۆیا پرۆژەی ئاوەدان کردنەوەی دادەنا وەک کە کۆنە (مجلس الاعمار) بۆ هەموو

عێراقی دەکرد... پاشملەی من حکومەت خەڵقی بۆ لای دەسەڵاتداری سیاسەتی کورد دەنارد و لەوێوە ڕاسپاردە بۆ حکومەت دەهات بێ ئەوەی خەبەری من بدرێت.

ڕۆژێک لە ژوورەکەی سەرەک وەزیران، لە دەمی سەردانێکی کە سەرۆک کۆمار عەبدوسەلام عارف لە ئەو و منیشی کرد، بە هەردووکیانم گوت، ئێوە ئەگەر لە من ئەمین نین با یەکێکی دیکە بێت و ببێتە ئاڵقەی پێوەندی لە نێوان ئێوە و کورددا. ئەگەر لێم ئەمینن مانای چی بێ ئاگای من پێوەندی بە دنیای کوردەوە دەکەن؟ من گۆیا هاتووم تەم بڕەوێنمەوە نەک خۆم تەماوی ببم. لەمەش پتر، بە دزییەوە دەنێرن کەسانێک لە کوردان بە پارە دەکڕن گۆیا بنگەی هێز لە ئۆردوگای دوژمن ساز دەدەن کەچی ئەو کەسانەی کڕیوتانن وەکوو هایدرۆجین، نەک بێ سەنگن بەڵکوو لەهەر دەفرێک بکرێن دەفرەکە سووک دەبێت. سیاسەتی خەڵق کڕین بە درێژاییی مێژوو لە باو بووە بەڵام کڕدراوەکە دەبێ نرخەکە بهێنێت. فەرموون شێخ لەتیف و عەباسی مامەنداغا و شێخ حسێنی حاجی سەید بکڕن. لە کۆبوونەوەیەکی دوو لایی لەگەڵ وەزیری داخلیە باسی کوردێک هات کە ڕاسپاردەی کورد و حکومەت بە جێگەی خۆی دەگەیەنێت. وەزیری داخلیە مەدحی ئەو کەسەی کرد... پێم گوتەوە، ئەو کەسە یەکێکە لە زیرەک و موسەقەفەکانی کورد، خۆم لەزەت لە گفتوگۆی دەبەم بەڵام بە پێی باوەڕی خۆم هەستێکی خۆ بەکەم زانینی تێدایە لە ئاکامی ژیانی هەژارانەی تێیدا ڕسکاوە بۆتە هۆی بێ ئۆقرەیی و دڵەسوڕکێ و هێلانە گۆڕیی. لەو ماوەی پاش جەنگی دووەمەوە تا ئیمڕۆ ڕاوکەی لە چەپ و لە کوردپەروەری و لە حکومەت و لە دەسەڵاتی دیکەش داناوە. ئێستاکەش کە نامە لە کوردەوە بۆ حکومەت وەیا لە حکومەتەوە بۆ کورد دەهێنێت و دەبات لە پێشەوە بە چەپەکانی ڕادەگەیەنێت.

ئەم قسانەم لەگەڵ ڕەشید موسڵح، وەزیری داخلیە کرد، چونکە هەلێک بوو نەدەشیا لە دەستی بدەم. من لە خۆمەوە باسی هیچ کەسم لەگەڵ حکومەت نەدەکرد، کە لەو جارەشدا باسی ئەو کەسەم کرد لە نوختەی بەرژەوەندی کورد و ئەمانەت و ڕاستگۆییی خۆم بوو لە ئاست کوردویستیدا کە ئەوسا ئاشتیی پتر بۆ دەست دەدا. هەرچی چەپەکان بوون حەزیان نەدەکرد کورد و حکومەت ڕێک بن هەروەک کوردیش ئەگەر لە باری ئەواندا بایە حەزی نەدەکرد چەپ و حکومەت ڕێک بن. لەمەوە ئاشکرایە ئاگادار بوونی چەپ لە هەموو نهێنییەکی نێوان کورد و حکومەت دەیکێشایەوە بۆ پەیدا بوونی کەلێن کە دەشیا نابەرژەوەندی پێدا تێپەڕێت. سەیر لەوەدا بوو کە من بە سیفەتی نوێنەرایەتیی کورد ئەو نهێنییانەم نەدەزانی کە چەپ لە ڕێی ئەو کەسەوە پەیتاپەیتا لە کۆشی دەکرا. وا بزانم دوای ئەم گفتوگۆیە کابرا وازی لێ هێندرا بەڵام وەعدم لە ڕەشید موسڵح وەرگرت کە هیچی خراپی لەگەڵ نەکرێت و نەشکرا.

دامەزراوێکی ئەمەریکایی سەر بە کەنیشتەکانی جیهانی کە K. A. R. E یان K. E. R ڕەمزی بوو، بایی دوو ملیۆن دۆلار بژێوی پێشکەش بە لێ قەوماوی کورد کرد، بەڵام هەتا من نەبووم بە وەزیر و تەخویل نەکرام بە ئیمزا کردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی ئەو پێشکەشە، شتومەکی تەسلیم بە حکومەت نەکرد. سەفیری ئەمەریکا ئاهەنگێکی گەورەی بۆ ئەو موناسەبەیە لە ئۆتێلی بەغدا گێڕا. هەر لەبیرمە، لە بارەی زوو کردن لە گەیاندنی بژێو بە لێ قەوماوان گوتم، ئەگەر بە پەڕەشووت لەو هەرێمەی فڕێ بدەن جێی خۆی دەکاتەوە. سەفیر مستر سترۆنگ گوتی، خۆ دەبێ پەڕەشووت هەبێ ئنجا خواردەمەنی پێ

فرێ بدەیت. مەبەستی ئەوە بوو بڵێ پێویستە متمانە هەبێت بۆ گەیشتنی شتەکان بە لێ قەوماوان. ڕاستیشی بۆ چوو بوو. هەر من ئیمزام کرد و سەرەک وەزیران بڕیارێکی لە لای خۆیەوە دەرکرد کە بە فەرمانی ئەو شتەکان دابەش بکرێن. لە ئاکامدا بەشی هەرە زۆری بژێوەکە بە پیاوی وەها درا هەم دەوڵەمەند بوو هەم قازانجی کردبوو لە هەرای کوردستان هەم دوژمنی کوردایەتی بوو... ئەم ڕەفتارە زۆر کاری تێکردم بەڵام وەک ئێستا بۆت ڕوون دەکەمەوە هیچم پێ نەدەکرا.

لەو هاوینەی ١٩٦٤ جارێکیان لەگەڵ لیوا عەبدوڕڕەحمان عارف، برای سەرۆک کۆمار و سەرەکی ئەرکانی سپای عێراق، بە ڕەفاقەتی موتەسەڕڕیفی سلێمانی و چەند ئەفسەرێکی گەورە لە سلێمانییەوە بە هەلیکوپتەر چووین بۆ دیدەنی کردن لە کوردە چەکدارەکان لە ئاوایی چوارتە. ڕۆژەکەی ڕەشەبای هەبوو، تەیارەکەمان دوو جاران خۆی تێکرد نەیتوانی لە ئەزمەڕ تێپەڕێت تومەز (جیوب هوائیة)ش هەبوو، جاری سێیەم زۆری لێ کشایەوە ئنجا چل مەترێک لە شاخەکە بەرزتر بۆوە. سەفەرەکە بۆ هەوڵی یەک لا کردنی هەموو گرفتێک بوو بەڵام وەکوو هەموو جاران نەزۆک بوو. من شەو مامەوە، لە دەسەڵاتداری کوردم داواکرد ڕێم بدات لە پێویستدا ئیستیقالە بدەم. دەستی گەیاندە کەمەرم و گوتی تکات لێ دەکەم جارێ ئیستیقالە مەکە. تا ئێستاش تێنەگەیشتم ئەم پەرۆشەی لە چییەوە بوو بەڵام لەو دەمەدا وەها بەدڵ قسەکەی کرد هەموو کەلێنێکی لە ئیستیقالەم گرت و پەکی خستم.<٦٦>

لە زستانی کۆتاییی ١٩٦٤ دوو سەفەری پرسەم بۆ کۆیێ کرد یەکێکیان هی حاجی جەلالی حاجی ئەمینی حسێنی، لە بنەماڵە مەیلەو کۆنەکانی کۆیە و قەدیمە دۆستی جەلیزادان بوو. وەک بزانم ئەوان لە ئێمە زووتر نیشتەجێی کۆیە بوون، لە سەردەمی محەمەدی عیساغا کە لەگەڵ غەفوورییان لە ساڵی ١٢٣٧ کۆچی بەر قەتلوعام کەوت. هەر لە ڕقی ئەو محەمەدی عیساغایە بەینێک کۆیەیان چۆڵ کردووە، دواتر بۆی هاتوونەتەوە. حاجی جەلال برای چوارەم بوو لە نێوان پێنج برایاندا دوای هەموان بە ڕەحمەتی خوا شاد بوو. پرسەی دووەم هی مامۆستا مەلا مەعسوومی هەورامی، قوتابیی باوکم و جێنشینی ئەو و مامم لە مزگەوتی گەورە ودۆستی خۆم. بەر لە دەرچوونم بەرەو کۆیێ بە تەلەفۆن لە سەرۆکی دیوانی قەسری جمهوریم گەیاند کەوا کارێکی شیرن دەبێ ئەگەر سەرۆک کۆمار سەرەخۆشی لە تازیەدارانی مەلا مەعسووم بکات. قسەکە جێی گرت و قایمقامی کۆیێ لە وەکالەتی سەرۆک چووە پرسەیان... مەلا مەعسووم لە ١٩٦١ دووچاری بەندیخانە هات و لە ١٩٦٣ش دە مانگان دەربەدەریی چێشت، ساڵێکیشی نەبرد دوای گەڕانەوەی بۆ کۆیێ چووە ڕەحمەتی خوا.

حکومەت لە لای خۆیەوە گلەییی هەبوو کە باری ئیدارەی کوردستان پێوەی دیارە حکومەت نییە. کوردەکەش گللەییی هەبوو کە جگە لە گێڕانەوەی موەزەفی مەفسووڵ چی ئەوتۆ بۆ کورد نەکراوە دڵ خۆش بکات. بە ناوی دۆزینەوەی چارە کۆبوونەوەیەکی دوو ڕۆژی بە سەرپەرشتی کردنی ڕەشید موسلح لە وەزارەتی دیفاع گیرا چەند وەزیرێک و سەرۆکی ئەرکان و قائد فیرقەکان و ئەفسەری دیکەش بەشدارییان تێدا کرد. پاش وتووێژ و لێکدانەوە و هەڵگێڕ و وەرگێڕ لێم داوا کرا بچم بۆ دیدەنی کاربەدەستی چەکداران. ڕێکەوت وەها بوو بەر لەو کۆبوونەوانە لە لایەن سەفیری ئەمەریکاوە داوەت کرا بووم بۆ نیوەڕۆژەیەک کە ڕۆژی دوای کۆبوونەوەکانی بۆ داندرا بوو. گوتم تا ئەو داوەتە بەسەر نەچێ پێم

ناکرێ سەفەر بکەم چونکە بەڵێنم داوە، لای دیپلۆماسییانیش زۆر ناخۆشە بەڵێن شکاندن بەرنامەیان لێ بشێوێنێ.

ڕۆژی داوەتەکە کە تەنها من و سەفیر بە دەوری مێزێکی بچووکەوە دانیشتبووین، خانووی سەفارەت هەتا بڵێی فرەوان بوو مێزەکەش هەتا بڵێی بچووک بوو، ئەمما خواردنەکە هەر باسی مەکە… بریتی بوو لە گۆشتێکی ناو قتوو لەگەڵ سەلاتە، ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ. سەرو کاسە ئاوێکیان بۆ دانابووین هەر کاسەیە گوڵێکی تێدا بوو، دیار بوو بۆ دەست پێ تەڕ کردن بوو، فتارەکەی لای عەبدولکەریم قاسمم بە بیر هاتەوە کە چۆن بەر لە دانیشتنمان بەسەر کورسییەوە دەستێکی لە ئاوەکەی کاسەی خۆی تەڕ کرد نەکا من بە هەڵە تەمای خواردنەوەی لێ بنێم. حەکایەتەکەم بۆ سەفیر گێڕایەوە و گوتم ئێوە بەو گوڵەی ناو ئاوەکە ڕێی ئەو هەڵەیەتان لە مێوان بەستووە گوتی، ئەمما سەیر دەبێ مێوان وا بزانێ گوڵەکە بۆ خواردنە!. لەبیرم نەماوە چەند و چیمان گوت بەڵام لەبیرمە، چ جاری ئەو داوەتە بێت و چ جاری دیکەی موناسەبان بووبێت مستر سترۆنگ شتێکی نەگوت لەوانەبێ لای عەبدوسەلام عارف نەیلێت. سیاسەتەکەی بێ خوارەکە و خێچەکە دۆستی تێکڕای عەرەب بوو، تەنانەت لە وتووێژدا کە باسی تەدەخولی میسری ئەوسا لە کاروباری یەمەن هاتە پێش یەک ڕەخنەی لێ نەگرت و چ پەرۆشیشی نەبوو بۆ سعودیە کە بەو تەدەخولە سەغڵەتە، هەرگیزیش بۆ ئەوە نەچوو کە دەشێ سەرۆک جەمال چاوی بڕیبێتە نەوتی خەلیج، بگرە بە ئاشکرا لای سیاسەتی شۆڕشی میسری دەگرت لە ئاست (رجعية)ی عەرەب، بایی سەری دەرزیش وشەی نەدرکاند بێنی خۆهەڵقوتاندنی لێ بێت لە کاروباری عێراق ئەوە نەبێ کە بۆ ئاشتی و لێک ڕازی بوونی دادەتاشی. ئەم تارمایییانەم لەبیرن بێ ئەوەی قسەکان یاد بکەمەوە وەیا بابەتی دیکەی وتووێژمان بە بیرمدا بێتەوە، ئەوەندەش دەزانم کە من بە تەمای هیچ شتێک ئەو داوەتەم پەسەند نەکردبوو تەنها یەک نوختەم لە مێشکدا بوو ئەویش ئایا ئەگەر لە بارێکدا کەوتمە مەترسی و گیران و خەتەری کوشندەوە دەتوانم پەنا بۆ سەفارەتی ئەوان ببەم؟ ڕووداوی ١٩٦٣م لەبیر بوو نەمدەویست دووچاری وەزعێکی وەک ئەوسا ببمەوە. لە ئاست ئەم پرسیارەدا گوتی، ئێمە لە سیاسەتماندا نییە تەمای پەناهێنان بۆ لامان لەبەر کەس بنێین حەزیش ناکەین کەس پەنامان بۆ بهێنێ بەڵام کە کار گەییشتە خەتەری کوشندە دەرگا لە ڕووی هەڕەشە لێ کراو داناخەین… ڕەنگە قسەکانی ڕاستییەکی ڕووت بن و ڕەنگیشە پەردەیەکی دەپلۆماسییانەی بێت بەسەر موجامەلە کردن لەگەڵ مندا کە بە قسەی توێکڵدار تێم بگەیەنێ ڕەت ناکرێمەوە.

من کە چوومە لای کوردەکان، هەرچی ڕاسپاردەی ئەو کۆبوونەوەیەی دوو ڕۆژی بوو، بە کۆمەڵەی دانیشتووانی دیوانی مەلا مستەفام ڕاگەیاند<٦٧>. ئاکامیشی هەر نامەی دۆستانە و قسەی متمانە بەخش بوو لە لایەن کوردەوە بۆ حکومەت، ئەوەی ڕاستیش بێت چی دیکە لە دەسەڵاتدا نەبوو چونکە حکومەتی عەبدوسەلام زەینی مەیلەو بەتاڵ بوو لە داخوازییەکانی کوردەواری. ئەوپەڕی بەخشندەیی و ڕەچاوکردنی ماف پارێزی بە لای ئەوەوە هەر ئەوەندە بوو بێ هەرا (وەکوو جاران بە دوو پاران) خەڵقەکە لە ماڵی خۆی دابنیشێت و مل لە کێڵان و چاندن و مامڵەتی بازاڕی بنێت. مرۆ مەخلووقێکی عەنتیکەیە، بە درەنگەوە تێیدەگەیت، ڕەنگە هەر تاکێکیشی بە هەموو عومری لە خۆی نەگات، عەبدوسەلام کە پەندی

وەهای لە مێشکدا بوو بۆ سەلامەتیی کورد، ئەدی بۆچی هەمان پەندی بۆ خۆی بەکار نەهێنا لە ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨؟ عەقیدێکی ڕێکوپێک بوو مەعاشێکی تێروتەسەلی وەردەگرت خەڵقیش لە دەشت و شار خەریکی کێڵان و پێوان و لێ نان و خوێندنیش بوون، ئیتر بگرە بکوژەی بۆچی بوو؟

وتووێژی خۆمم لەگەڵ سەفیری ئەمەریکایی هەڵگرت بۆ دیدەنییەکی مەحرەمانە کە لەگەڵ مەلا مستەفا بە بەشداری کردنی دوو کەسی دیکەی بەرپرسی کورد پێک هات. چەندی بە بیرمدا هاتەوە لەو وتووێژە بۆ ئەو سێ کەسەم گێڕایەوە. لێرەدا پێشدەستی دەکەم بۆ گێڕانەوەی کورتە حیکایەتێکی مەزەدار کە پێوەندی هەیە بەم وتووێژەوە، ئەگەر بازی بۆ نەهاوێژم جارێ دوو ساڵێکی ماوە نۆرەی بگاتێ، ئەوساش بە زەحمەت ڕۆژگارم بۆ هەڵدەکرێتەوە تا زەینی خوێنەر بەرەو پاش بگێڕمەوە بۆ ڕۆژانی وتووێژەکە.

دوایین جار کە فەریق تاهیر یەحیا بوو بە سەرەک وەزیران لە سەرۆکایەتیی عەبدوڕڕحمان عارفدا، چەند ڕۆژێکی بە سەردا تێپەڕی ڕێکەوت وەها بوو لیوا ناجی تالب و عەقید ڕەجەب عەبدولمەجید بە دوامدا هاتن تا بەیەکەوە بچین بۆ یەک دوو پرسەی خوا لێ خۆش بووان. ناجی گوتی، دەبینم (ما جابوک وزیر) گوتم، تۆ خۆت بوویت بە سەرەک وەزیران (ما جبتنی وزیر)؟ ئیتر بۆچی سەیر بێ یەکێکی دیکە (ما جابنی وزیر)؟ نەختێک ڕاما و گوتی، (کانت غیر ظروف...) من نەمپرسی ئەم (غیر ظروف)ـە چی بوو، لە باری وەهادا ئایەتی (لا تسألوا عن اشیاء ان تبد لکم تسؤکم) بە چاوەوە دەگرم.

پاش ئەمە، بە ماوەی دوو ساڵێک، دیدەنیی برادەرێکی وەفاکارم کرد، کە بەیەکەوە لە حقوقمان دەخوێند و بەیەکەوەش وەزیر بووین، دوای منیش بە وەزیری مایەوە هەتا خۆی بێزار بوو لە سیاسەت و کەوتە باری محاماتەوە. گوتی شتێکت بۆ دەگێڕمەوە هەرگیز دەرفەتم نەبوو بۆتی بگێڕمەوە. گوتی، جارێکیان لای عەبدوسەلام بووین، سەرەک وەزیران و چەند ئەفسەرێک و وەزیری دیکەش لای بوون ڕاپۆرتێکی بۆ هات و بۆمانی خوێندەوە لە بارەی وتووێژێکی کە تۆ لەگەڵ سەفیری ئەمەریکات کردووە، تەقریرەکە فلانە شت و فلانە شتی تێدا نووسرابوو کە گوتووتە... برادەرەکەم چەندێکی شتێک لەو شتانەی باس دەکرد کە گوتوومە بە بیرم دەهاتەوە کەوا ڕاستە گوتوومە تا ئەوەی وەک کە دینار خوردبکەیتەوە بە درهەم و هەموو درهەمەکانی دانەدانە بژمێریت، ئەو ڕاپۆرتەش هەموو قسەکانی منی خورد کردبۆوە... ئەو دەمە بیرم بۆ قسەکەی لیوا ناجی تالب چۆوە کە گوتی (کانت غیر ظروف)، دیارە ئەو ڕاپۆرتە جارێ لە مێشکاندا گەرموگوڕ بووە بایی ئەوەی دۆستێکی وەکوو لیوا ناجی ڕێی نەبێ پرسێکم پێ بکا بە بوون و بە نەبوون...

لێرەدا دەمەوێ خوێنەر لە دزێویی دیمەنەکە ڕابمێنێت. جارەهای جار گوتوومە سیاسەت monkey business– کاری مەیموونە. تۆ سەیری! وتووێژێک تەنها پێنج کەس بیزانن هەموویشی بە ڕواڵەت جێی متمانە بن ئنجا بە گردی و بێ کەم و کورتی لە کۆشی سەرۆکی دەوڵەت بکرێتەوە. بێگومان من و سەفیری ئەمەریکا دژی خۆمان شتی ئەوتۆیی ناکەین، مەلا مستەفا ئەو زەرەرە لە خۆی نادات. دەمێنێتەوە ئەو دوو بەرپرسە تێهەڵکشیوە لە کوردایەتی. یان یەکێکیان یان هەردوویان خزمەتەکەیان کردووە، بە ڕیکۆردەریش کراوە دەنا مێشکی عادەتی وەها بە سەلامەتی بیست درهەمی دینارێک دەور و

تەسلیم ناکاتەوە. لەم بابەتەی ڕەفتاری گلاو نموونەی دیکەم بیستووە لە تەجرەبەی دۆستی باوەڕ پێ کراوم بەڵام هێندەی ئەمیان سفت نەبووە چونکە جغزی خەبەرزانەکان هەرەمەیی بووە و ژمارەیشی پتر بووە...

ڕووداوێکی خۆش و شیرنی پێوەندی بە خۆمەوە هەبێت لەو ڕۆژانەدا ئەوە بوو، لە ڕۆژی ١٩٦٤/٨/١٥ لە کەرکووکەوە بە تەلەفۆن خەبەرم پێ درا کەوا کوڕی دووەمم (محمد) پێی ناوەتە ئەم جیهانە. شەوی بەرایی خەونم دیت، منداڵێکی ساوا بە باوەشی ئافرەتێکی ماڵی خۆمانەوە بوو، ئافرەتەکە پێمی گوت، مزگێنی، خوا کوڕەکی پێ داین. خەونەکە سەیر نییە چونکە ئاگام هەبوو کە منداڵێکمان بە ڕێوەیە. ڕاست بوونیشی لەوەدا کە کوڕ بوو نەک کچ هێندێکی دەچێتەوە بۆ حەزی خۆم کە پێم خۆش بوو کوڕێکم بە ناوی باوکمەوە ناو بنێم، هێندێکیشی دەچێتەوە بۆ ڕێکەوت، خۆ ئەگەر نەختێکیشی هی ڕاستبینی بێت لەوەدا نەماوە پێی بگوترێ ئەفسانە و جنۆکەپەرستی چونکە ماتریالیستەکانی ئەم سەردەمە لە چاو ماتریالیستی کۆنە مۆدێل هێندەی شێخی سەر بەڕماڵ باوەڕیان هێناوە بە «پەنامەکیەتی» ی زۆر باری جیهانی گیانلەبەر و سروشتیش، چ جایی مرۆڤایەتی. شەڵڵا زۆر نەبات مەتریالیست بەوەدا بناسینەوە ڕیشی بەردابێتەوە و تەزبیحی دوعایانی بە دەستەوە گرتبێت. جاران چەند حەزمان دەکرد مەلای (منوّر) ببینین ئێستا خەریکین بە دوا مەتریالیستی (منوّر)دا بگەڕێین کە لە قەپێلکی ڕەق و تەقی ماتریالیزمی سەدەی نۆزدەیەم دەرچوو بێت... بڵێین ئامین!

نێوانی حکومەت و کورد هەتا دەهات بەرەو ناخۆشییەوە دەچوو، باوەڕ پێک کردن تەنک بووبوو. ڕۆژێک لەو ڕۆژانە فەریق تاهیر یەحیا، سەرەک وەزیران، لە ژوورەکەی خۆی کە بە جووتە دانیشتبووین گوتی، ڕاپۆرتێک لە کەرکووکەوە هاتووە دەربارەی شتێکی تۆ گوتبێتت، لای سەرۆک کۆمار خوێندمانەوە. گوتی من باوەڕم نییە قسەی ئەوتۆیی بکرێت بەڵام ڕاپۆرت دەڵێ، گوتووتە ئەگەر حکومەت داخوازییەکانی کورد جێبەجێ نەکات هەر لە ڕەواندز هەتا فاو دەکەینە ئاگر. گوتم، (أبو زهیر) قسەی ئەوتۆیی لەوانە نییە بە کوڕێنی بڵێم. بەڵێ گوتوومە، ئەگەر گوتبێتیشم دەبێ بڵێم نەمگوتووە. تۆ خۆت شارەزای تەبیاتمی، لە نیازەکانیش بەڵەدیت، ئەگەر پێت وەهایە قسەی وەها لە من ڕەچاو دەکرێت بیسەلمێنە، دەنا لە لای خۆتەوە فتی بکە. گوتی بێ مجامەلە من لە هەوەڵەوە ئەو ڕاپۆرتەم بە درۆیەکی بێڕیشە حیساب کردووە.‹٦٨›

لەو تەرزە بارەدا دەژییاین، بڕیارێک وەیا پێشنیازێک هاتە پێش کە من و سوبحی عەبدولحەمید وەزیر داخلیەی ئەوسا و عارف عەبدورڕەزاقی سەرۆکی هێزی ئاسمانی بە یەکەوەمان بچین بۆ دیدەنی کوردەکان لە ڕانیە. من بە ئۆتۆمۆبیل چووم بۆ کەرکووک وا بزانم ئەو دوو بەرپرسە بە فڕۆکە چوو بوون. لە ژووری زەعیم ڕوکن فەیسەڵ ئەنساری قائیدی فیرقەی دووەم، چوار قۆڵی کۆبووینەوە بە دیار داهاتنی دەمی لە بار بۆ فڕینمان بەرەو ڕانیە کەوا ڕەنگ بوو ئەو ڕۆژە وەیا سبەینێ بێت... دوور و درێژ قسەمان کرد، بە زۆریش عارف عەبدورڕەزاق لەگەڵم دەدوا. تێکڕای قسەکان دەوری هەڵکەوتی نالەباری ئەو دەمە لە نێوان حکومەت و کوردی چەکدار هەڵدەهات، لە ناویاندا سێ خاڵ بۆ ئێرە ڕادەگوێزم. یەکیان ئەوە بوو

لێمی پرسی (ما هو الحكم الوطني)؟ گوتم، نەکا وەڵامەکەم ئەو نەبێ کە بەتەمای شتی دیکەی لەسەر هەڵبستێنێت، خۆت وەڵام بدەوە. گوتی (الحكم الوطني هو ادارة البلاد بواسطة ابنائها). لەمەوە بۆ هێندی چوو کە عێراق لە لایەن کوڕانی خۆی بەڕێوە دەبردرێت ئیتر بۆچی بشێ لە ڕووی هەڵگەڕێنەوە؟ گوتم، خۆ شای ئێران کوڕی ئێرانە، بۆچی ئێوە بە پیاوی چاکی نازانن؟ بۆ شۆڕشی تەمووزیش چوومەوە تا بتوانم بڵێم هەڵگەڕانەوە وەیا موعارەزە بەندە بە باوەڕی خەڵق بە چاک بوون و چاک نەبوونی حوکمەوە. بە دەم ئەم قسانەوە ڕاشم گەیاند کە من خۆم حەز لە ئاشتی دەکەم و بە دەستم بێت حکومەت و کورد لە سەعاتێکدا ئاشت دەکەمەوە.

خاڵی دووەم ئەوە بوو گوتی، ئیستیعمار شازدە جیپی بۆ چەکداران هەناردووە لەگەڵ چەند کەلوپەلێک. گوتم، پێم باوەڕ بکە نازانم و نەمبیستووە شتی وەها هەبێت بەڵام ئەگەر ئەمە ڕاست بێت دیارە ئیستیعمار حەسقێلی لەگەڵ ئەو چەکدارانە بەکار دەهێنێت چونکە وەک ئاگادارم تا پێی کرابێت کۆسپی بەر پێی حکومەتی عێراقی هەموار کردووە لە تیجارەت و چەک و جبەخانە... خاڵی سێیەم ئەوە بوو، لە قسانیدا گوتی، (احب الصراحه و الوضوح). پێم گوتەوە، (عندك تفاؤل مسلي) چونکە سیاسەت دوژمنی پاتەوپات و ئاشکراییە. گوتیشم، کاتێک لێت داواکرا ببیت بە سەرەک وەزیران نەکەی بسەلمێنیت چونکە بەرپرس بوون دژی ئاشکرایی و سەراحەتە. گوتی، (منو یگول راح اقبل اكون رئيس وزراء...) گوتم، (من باب الاحتياط اتقدم لك بنصيحة أخوية)، یاخود شتێکی بەو مانایەم گوت. سەیر لەوەدا بوو دواتر زانیومەوە، لەو دەمەدا کە باسی (صراحه) و (وضوح) دەکرا شەوکەت عەقراوی لە ژوورێک داندرابوو، کە من نەیبینم، نامەی هێنابوو بۆیان لە لایەن چەکدارانەوە. ئەم قسەیەشم لە شەوکەت خۆی بیستەوە.

من گەڕامەوە ماڵی شێخ ڕەئووفی خانەقا. زۆری نەبرد تەلەفۆنیان بۆ کردم کە چوونی ڕانیە بەتاڵ کرا. ئەوسا نەمزانی بۆچی، دواتر مەعلوومم کرد کە هاتنی شەوکەت هۆی گۆڕانی بەرنامەکە بوو ئیتر ئەو هاتنە هەرچییەکی بە دەمەوە بووبێت فەرق ناکات... لێرەدا دوو خاڵی بچووک دەبێ بێتە یادکردنەوەوە، یەکیان ئەوەیە کە من ناتوانم بڵێم عارف عەبدوڕڕەزاق ئاگادار بوو لە پەنادانی شەوکەت عەقراوی لێم، دەشێ لەو دەمەدا کە قسەمان دەکرد ئەو هاتنی شەوکەتی نەبیستبێ. ئەمە دەڵێم چونکە من لە موناقەشەی گرنگدا ئەوپەڕی سەراحەتم لێی بیستووە. خاڵی دووەم ئەوە بوو کە من سەمەدی حاجی محەمەدی بەننام لەگەڵدا بوو، هەڵبەت لە دانیشتنەکەمان وەکوو گوێگر بەشدار بوو. سەمەد بە (تنسيب) هاتبووە (اعمار شمال) لە زۆر هاتوچۆدا بەهانام دەهات. خەتەری هەڵبوونەوەی بڵێسەی شەڕ سەری دەرهێنا. موتەسەڕڕیفی سلێمانی سەید عەبدوڕڕەزاق سەید مەحموود ئیستیقالەی دا، وەکوو زەنگی ئاگادار کردنەوەم هاتە بەر گوێ.

لە شوباتی ١٩٦٥ دوو چالاکیی پەلەکوتکەی (ژیان)م بۆ پاراستنی ئاشتی کرد. هی یەکەمیان لە لایەن چەند بەرپرسێکی باڵیۆزخانەی میسرەوە سەری هەڵدا. سکرتێری یەکەم و دووەمیان داوایان کرد بیان بینم. لە ماڵی سەمەدی حاجی محەمەد دیتنم. یەکەمیان قسەی کرد، دیار بوو میسر ترسی هەبوو لە ساڵی ١٩٦٥ ئیسرائیل زەبرێکی گەورەی لێ بدات. ڕای نواند کە تەنها پاڵپشتێکی میسر ئومێدی پێی

هەبێت سپای عێراقە، عێراقیش کە سەر لە نوێ بە کوردانەوە خەریک بێت میسر بە تەواوی بێدۆست دەمێنێتەوە. پێم گوت وەزارەت چەند وەزیرێکی ناسرپی تێدایە بۆچی نایان دوێنیت. چاوی فرمێسکی تێگەڕا و گوتی، چوومەتە لایان و پێم گوتوون ئێوە ئەگەر بۆ خاتری میسریش شەڕ لەگەڵ کورد دەکەن (على شان خاطر مصر سيبوهم) واتە، لەبەر خاتری میسر وازیان لێ بهێنن.

میسرییەکان دەیانویست من لە لای خۆمەوە هەوڵێک بدەم بۆ هێمنی و ئاشتی. هەرچەند من چی لە دەستم هاتبێت کردبووم دیسانەوە بەردەوام بووم لەسەر هەوڵ و تەقەلالام. لە پێشەوە (ملحق عسكري)ی میسرم دیت ئەویش پاتەوپات قسەکانی سکرتێری یەکەمی کردەوە. چوومە لای سەفیری میسر (امین هویدی)، ئەویان لە سنووری دیپلۆماسی خۆی دامەزراند بێ ئەوەی (ئا) وەیا (نا) دەرببڕێ کە هیچ لزووم نەبوو بەو خۆشێرکێیە لەگەڵ مندا کە پێشتر شناسایی و وتووێژی مەحرەمانەشمان هەبوو، بەلام خامۆش بوون لە باری وەهادا دەلالەتی (ئا)ی هەیە... چوومە لای (صبحي عبدالحميد) وەزیری داخلیە، داد و بڕۆی میسرییەکانم پێ گوت، ئەویش نەیدەزانی چ بلێ. پێم گوت ئێوە ناسرین، فەرمانی سەر شانتانە لەسەر میسر بکەنەوە... گوتیشم، فلانە کەس، چاک بزانن، هەلێکی کە ئێستا لە دەستاندایە و تێیدا گەییشتوونەتە وەزارەت ئەگەر بیدۆڕێنن جارێکی دیکە بە خەونیش پێی ناگەنەوە... قسەمان زۆر بوون، لەبیرمە بە دڵێکی خەفەتبارەوە گوتی، چ بەختێکی بەد بوو منی هێنایە ئەم وەزعە، بۆ خۆم لە جەیش حەسایەوە بووم چ ئەرکێکی زیادەم بە سەرەوە نەبوو... خولاسە لەم چارچێوەیە دەرنەچووین بۆ مەیدانێکی نەختێک هەناسەی تێدا هەڵبێت...

وەها ڕێک کەوت، دوای یەک دوو ڕۆژ سەفیری سۆڤیێتیم هاتە لا، سکرتێرێکی لەگەڵدا بوو قسەی تەرجەمە دەکرد لە نێوان ڕووسی و ئینگلیزیدا. من یەکسەر تەنگەتاویی میسرییەکانم باس کرد. سەفیر گوتی ئەگەر مانیع نەبێ قسەکانت بە (شۆرت هاند) دەنووسینەوە. من زۆرم پێ خۆش بوو. چی گوتم سکرتێرەکە نووسیەوە، گوتم، میسر هەستی خەتەرێکی کوشندە دەکات لە ئیسرائیلەوە بۆی بێت. هیچ دۆستێکی بەهێزیش لەم ڕۆژهەلاتە شک نابات پشتی پێ ببەستێت عێراق نەبێت. خولاسە هەموو حیکایەتەکەم بۆ گێڕایەوە تا ئەوەی کە ئەگەر سپای عێراق بە کوردانەوە خەریک بێت ئەم دۆستەشی بۆی بە کەڵک نامێنێت. ئنجا لێرەدا ڕووی لاپەڕەیەکی مەسەلەکەم کردەوە کە پێوەندی هەبوو بە بەرژەوەندی ئەوانەوە گوتم، ئێوە لەو چەندین ساڵەی دواییدا بۆ میسرتان کردووە و کۆشیوە هەمووی دەچێتە هیچە ئەگەر جەمال عەبدولناسر تێبشکێت و لە هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەست بەتاڵ دەمێننەوە. لێمی پرسی ئێمە چ دەتوانین بکەین لەو ناوەدا. گوتم، دەتوانن لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانتاندا بلێن، ئەگەر شەڕ لە کوردستانی عێراق دەست پێ بکاتەوە ناتوانین (فدائی) کوردی ڕووسیا بگێڕینەوە لەوەی بەشداری بکەن لەو شەڕە. گوتی دەترسم ئەم قسەیە بە تەدەخول لە کاروباری ژوورەوەی عێراق بژمێردرێت. گوتم ئەگەر ترسی میسرییەکان بێتە جێ ئێوە ئیفلاس دەکەن، تازە چ جێی دوودڵی کردنە لە گومانی (تدخل)؟ لەمەدا مەسەلەیەکم بۆی هێنایەوە – دواتر کە بۆ چەکدارانم باس کردەوە بوو بە هۆی پێکەنینێکی خۆشکەڵە – گوتم دەڵێن کابرایەک ویستی خۆ بکوژێت، هەر ئاوی زێ هەبوو خۆی تێدا بخنکێنێ پێی گەیاندە ئاوەکە خێرا کێشایەوە گوتی زۆر ساردە قوڵنجی پێ دەکەم... ماوەی سەعاتێک و چل دەقیقە ئەم جۆرە قسانە

نووسران.

دوای سێ ڕۆژ ئێوارەیەک چوومە داوەتی سەفارەتی یەکێک لە دەوڵەتەکانی عەرەبی باکووری ئەفەریقا – وا بزانم تونس بوو. من گەییشتمە سالۆنی پێشوازی موستەشاری سەفارەتی ڕووس و چەند کەسێکی لە بەرپرسەکانی (پێشتر نەمدیتبوون) هاتنە دەورم و بە دڵ سپاسگوزارییان لەو وتووێژەی چەند ڕۆژ پێشتریان لێ کردم. گوتی هەموو قسەکان، بە ڕا لێ بوونی تێکڕای بەرپرسی سەفارەت، درایە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت بە تەئییدەوە... ئەم ڕوودا‌وە، وەک بیستمەوە، یەک ئاکامی هەبوو، دوای مانگێک وەیا پتر وەفدێکی حکومەتی ئەوسای عێراق چووە مۆسکۆ بۆ ڕێککەوتن لەسەر هەندێ لایەنی ئالۆوێری ئابووری کە یارمەتی دانی تێدا بێت بۆ عێراق، ڕووسەکان گوتبوویان پێویستە وتووێژ لەسەر وەزعی کوردیش بکرێت ئنجا باسی ئابووری بێتە پێش، عێراق نەیسەلماندبوو، وەفدەکەش گەڕایەوە بێ دەسکەوت.

دەبێ لێرەدا بەر لە بەسەرچوونی کژی لەباری قسە لێوە کردن، بڵێم، سەفیری ئێران (مهدی پیراستە) کە پێشتر هەر ناویم بیستبوو نەختێک بە درەنگەوە هاتە موبارەک بادی بوونم بە وەزیر. دوای چاکوچۆنی گوتی، ئەمین بـم کە ڕیکۆردەر لە ژوورەکەت دانەندراوە؟ ئنجا گوتی، بە ئەنقەست خۆم وەخراندن لە موبارەک بادیت تاکوو کەس خەیاڵێکی بە دڵدا نەیەت لە هەبوونی نیازێکی تایبەتی لە هاتنم بۆ لات. گوتی، شاهنشاهـ منی بە سەفیر ناردووە کە مەعلوومە پایەم لە دەوڵەتی ئێران و لای شاهنشاهـ چۆن بووە و چۆنە هەر هەتا لە نزیکەوە پێوەندیم بە کوردەوە هەبێت چونکە ئاریامیهر متمانەی بە هەموو کەسێک نییە لە زاری ئەوەوە وەیا لە زاری حکومەتی ئێرانەوە دەربارەی کورد بدوێت...

ئیتر لەم بوارەوە زۆر قسەی کرد، هەمووی هەر بۆ دۆستایەتیی ئیران و کوردی دادەبڕی. منیش لە وەڵامدا چەندی توانیم قسەم بۆ ئەو لایەنە ئاژوا کە ئێران دەتوانێ دۆستی کورد بێت لە ڕێی دڵڕاگرتنی ملیۆنەها کوردی ئێرانەوە، لە سنووری ئێمکاندا باسی پەنابەرەکانی مەکتەبی سیاسیشم هێنایە ناو کە حەواندنەوەیان بە شێوەیەکی حورمەتکارانە شیرنی لە زاری کورد دەگێرێت...

دکتۆر مەهدی پیراستە ناوی هەبوو، وەزارەتی داخلیەی ئێرانی درابوویێ کە دەزانین چ پایەیەکی گرنگە بە لای حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە. دەشێ من بە هەڵەدا چووبێتم، بەڵام ئەوەندەی ئەو پیاوە بۆ من دەرکەوت بایی پایە و شوورەتەکەی نەبوو. ئێرانییەکان تەوازوعەکی زۆر بەکاردەهێنن کەوا ڕەنگە نەختێک لە شەخسیەتی ڕاستینەیان بشارێتەوە لەگەڵ ئەمەشدا هی وەهایانم دیتووە هێندەی پیراستە نەدەچۆوە قەپێلک. ناوناوە سەردانی دەکردم و لە داوەتی ڕەسمیش پێیانەوە دیار بوو کە دەیانەوێ هەستی ڕەزامەندی بکەم.

مولحەق عەسکەریی ئێران کوڕێکی کورد بوو ناوی عیسا پیشمان بوو کوردییەکی ڕەوانی قسە دەکرد. ناوناوە وەکوو کوردێک نەک بە سیفەتی ڕەسمی دەهاتە لام لە ئۆتێل. لە قساندا دیار بوو شارەزای کوردستانی عێراقە و چۆتە سلێمانی و کۆیە و شاری دیکەی کوردیش، کەمێک خەڵکیشی دەناسی لەوانەی ناوێکیان هەبوو، لە هێندێکیشیان مێوان بوو بوو. ئەم بایەخ دانەیان بە من هەر بەردەوام بوو تا دوای وەزارەتیشم. لە جێی خۆیدا بۆی دەگەڕێمەوە.